# هەنگاو بە هەنگاو

# بەرگی پێنجەم

Second Step, grade 5

Third edition

www.cfchildren.org

**Second Step, grade 5**

هەنگاو بە هەنگاو - بەرگی پێنجەم

Second Step, grade 5

Third edition

©2002 Committee for Children, USA

www.cfchildren.org

تەرجەمەکردنی کۆمەک 2005 www.komak.nu

مشتومالّدانی زمان و ڕێنووس: مامۆستایانی فێرگەی برادۆست:
ئاسۆ عومەر خدر و عەبدولّا عەبدولڕەحمان عەبدولّا

# بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## دەربارەی بەشی یەکەم

مەبەستی ئەم بەشە گەشەدانە بە توانای هاوسۆزی (ئێمپاتی) ی منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی سەرەکییە لە گەشەپێدانی ڕەفتاری جڤاکی و توانای چارەی کێشەی نێوان خەڵکدا. ئەو منداڵەی هەست دەرک دەکات مەیلی دڕیی کەمترە، باشتر جێی خۆی لە نێو خەڵکدا دەکاتەوە و توانای گشتیی جڤاکیی باشترە. منداڵێک توانای هاوسۆزیی بەرز بێت ئەم خاڵانەی پێ دەکرێت:

1- **دیاریکردنی هەست.** ئەمیان بریتییە لە:

- ناسینەوە و ناونانی هەستی خۆ لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەگەلی فیزیکی و دۆخەکی.
- ناسینەوە و ناونانی هەستی بەرانبەر لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەگەلی فیزیکی و زارەکی و دۆخەکی.
- جوداکردنەوەی هەستەکان لە یەکتر.

2- **وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر.** ئەمیان بریتییە لە:

پەیبردن بەوەی دەشێت مرۆڤی جیاواز بۆچوون و هەستی جیاوازیان، دەربارەی هەمان دۆخ، هەبێت.

- دەرککردنی ڕوانگە و دیدی کەسی بەرانبەر.

3- **وەڵامدانەوەی بەسۆزانەی بەرانبەر.** ئەمیان بریتییە لە:

- دەربڕینی پەرۆشی و نیگەرانی.

## خاڵی سەرەکی

### چەمکی زمانەکی

لەم بەشەی یەکەمدا ئەو چەمکانە دێنە بەرباس کە پەیوەستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئەنجامگیرانەن. زۆربەی وانەکان لەسەر بنەمای چەمکی زارەکیی وەها هەڵنراون کە یاریدەر بن بۆ دەربڕینی ئاڵۆزیی هەست.

### دیاریکردنی هەست

دیاریکردنی هەست، هەم لای خۆ و هەم لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و کارئاسانی بۆ بەشەکانی داهاتوو دەکات. بەبێ پەیبردن بە هەستی بەرانبەر، هیچ هاندانێک لە ئارادا نابێت، نە بۆ چارەی کێشەی چڤاکی و نە بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. سەرەداوی زارەکی، فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن. بابەتەکانی ئەم بەشە بریتین لە ڕوانگەگرتن، سەرنجدانە وێکچوون و جوداوازی، باسکردنی هەستی خۆ، دەرککردنی هەست و دەربڕینی پەرۆشی.

### وانەکانی بەشی یەکەم

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی - کورتەباسێکی شاچەمکەکانی هاوسۆزی، وەک: ناسینەوەی هەست، ڕوانگەگرتنی بەرانبەر و وەڵامدانەوەی هاوسۆزانەی بەرانبەر.

2- **وانەی دووهەم:** باسکردنی هەست و دەربڕینی پەرۆشی – دۆزینەوەی کەسێکی جێباوەڕی وەها هەستی خۆتی لا باس بکەیت و هەروەها پەرۆشیی خۆت دەرببڕی بۆ کەسێک هەستی خۆی لای تۆ باس دەکات.

3- **وانەی سێهەم:** هۆکار و ئەنجام – پەیبردن بە ئەنجامی ڕەفتاری خۆم لەسەر کەسی بەرانبەر.

4- **وانەی چوارەم:** پێشبینیی هەست - پێشبینیی هەستی بەرانبەر دەربارەی ڕەفتاری من یان ڕەفتای کەسانی دیکە.

5- **وانەی پێنجەم:** ڕەوایەتی - ناساندنی مافی بەرانبەر و خستنەڕووی چارەسەری ڕەوا بۆ کێشە.

6- **وانەی شەشەم:** گوێگرتنی چالاکانە - دیاریکردن و پیادەکردنی تواناگەلی بیستنی چالاکانە.

7- **وانەی هەفتەم:** سەلماندنی جوداوازی – پەیبردن بە جوداوازیی مرۆڤ و دۆزینەوەی شێواز بۆ سەلماندنی ئەو جوداوازییە.

دەمی ئامادەکردنی وانەکان، کاتی تەواو بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە تا بتوانیت دۆخەکان لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازاندا بگونجێنیت. دەتوانیت وێنەی ڕۆڵوازیی نێو کارتی وانەکان بگریتەوە و بیانکەیتە بەش بەش بۆ ئەوەی فێرخوازان بەکاری بهێنن.

## چەمکی زمانەکی

باسکردنی هەست ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی هاوسۆزی و توانای دیکەدا هەیە کە پێویستن بۆ چارەی کێشە (کتێبی Spivak and Shure، چاپی ساڵی 1974). چەمکی زمانەکیی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە هەر وانەیەکی بەرنامەکەدا دەست نیشان کراون. دەشێت بەشێک لە وشەکان نوێ نەبن، بەڵام واتای تازەیان هەبێت. چەمکی زمانەکیی سەرەکی بریتین لە:

- پەیوەستەی «وێکچوو - جودا» یارمەتی منداڵ دەدات لە هەستەکانی بەرانبەر ئاگادار ببێتەوە.
- پەیوەستەی «بۆچی – لەبەر ئەوە» دەکەینە هاندەرێک بۆ بیرکردنەوەی ئەنجامبەندانە. تێگەیشتنی «هۆکار و ئەنجام» مەرجە بۆ بڕیاری دروست.
- پەیبردن بە چەمکی «ڕەوایەتی» دەبێتە یاریدەر بۆ دەرکی ڕوانگەی بەرانبەر.
- بیستنی چالاکانە و دەربڕینی پەرۆشی توانای گرنگی دانوستاندنن.

**لیستەی چەمکەکانی بەشی یەکەم**

بیستنی چالاکانە، هۆ، گۆڕان، نیشانە، دژیەک، ئەنجام، هەست، دەربڕینی پەرۆشی، سوودی یەکسان، مافی یەکسان، ڕەوا، ئەگەر- ئەوا، مەبەست، دەرککردن، پێشداوەری، نازۆ، وێکچوو – جودا، دۆخ، پوختەی باس

**سەرچاوە**

Spivak, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children: A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Fransisco: Jossey-Bass.

**گواستنەوەی زانیار**

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار کە لە سێ بەش پێکهاتووە لە **ڕێنامەی مامۆستا**دا بەکاربهێنە بۆ یارمەتیدانی فێرخواز لە گشتاندنی تواناگەلی هاوسۆزیدا.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ»**. لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، لێ بپرسە:

- له کام باردا دەشێت بۆچوونی جودامان هەبێت؟ (دەمی گفتوگۆ دەربارەی ڕووداوی ئێستا. دەمی هاوکاری لە گرووپی فێرکردندا).
- له کام باردا توانای بیستنی چالاکانه بەکار دەهێنین؟ (فێرخوازێکی نوێ دێته نێو پۆل و دەتەوێت لە بارەیەوە بزانیت).
- له کام باردا دەبێت بیر لە «ڕەوایەتی» بکەینەوە؟ (کارێکی گەورەمان لە ڕێیه و دەبێت کارەکان دابەش بکرێن).
- له کام باردا پەرۆشیی خۆمان دەرببڕین، باشه؟ (دۆستیکمان نمرەی کەمی هێناوه، ناکامه).

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** لە ماوەی ڕۆژەکەدا، زۆر دەرفەتی سروشتی دێنه پێش بۆ بەهێزکردنی ڕەفتار. ئەمانەی خوارەوە نموونەن لە هاندانی فێرخوازانه بۆ بەکارهێنانی تواناگەلی هاوسۆزی:

- به بۆچوونی تۆ «لەیلا» هەست به چی دەکات؟ چۆن دەزانیت؟ ئەرێ، مۆڕە دەکات و قۆڵی خستوونەته سەر یەک. (هەست دیاریکردن).
- هەر بە تەنیا پرۆژەکەت تەواو کردووه! هەست به چی دەکەیت؟ (بەستنەوەی هۆکار و ئەنجام)
- «جوتیار» تەنیا و خەمبار بوو. پاشان تۆ بانگت کردە یارییەکەوه. ئەوجا هەست به چی دەکات؟ (هەستگۆڕین).
- «دانا»، ئەوه بۆ «بێستوون» بزەی دێ؟ (بیرکردنەوە له هۆکار)
- سەگەکەی «ئاراز» مرد. چۆن پەرۆشیی خۆمانی پێشان ئاراز بدەین؟ (دەربڕینی پەرۆشی)

« یادی ئەمڕۆ». پرسیار لە فێرخوازان بکە ئەو کاتانه دیاری بکەن کە توانایەکی دیاریکراویان تێدا بەکارهێناوه:

- کێ ئەمڕۆ هەستی بە دڵگەرمی کرد؟ بۆچی هەستتان بە دڵگەرمی کرد؟
- کێ ئەمڕۆ بیسەرێکی چالاک بووە؟
- کێ ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕەوا کێشەی چارە کرد؟

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

## پێناسە و بابەتی گرنگ

هاوسۆزی لە منداڵدا بریتییە لە چەندین توانای پەیوەندیداری وەک ناسینەوەی هەستی خۆ و هەستی بەرانبەر، تێگەیشتنی هۆکارەکانی هەست و هەروەها وەڵامدانەوەی هەستی بەرانبەر بە شێوەیەکی کارامە. بەهای فەرهەنگی کار دەکەنە سەر چۆنێتیی دەربڕینی هاوسۆزی، لەبەر ئەوە دەشێت گەشەی تواناگەلی هاوسۆزی لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک جودا بێت.

سەرەتای خوێندنی دواساڵانی پلەی بەرایی منداڵ دەتوانێت:

- هەست دیاری بکات.
- هۆکارەکانی هەست تێبگات.
- ڕوانگەی بەرانبەر بگرێت.

ماوەی دواسالانی پلەی بنەڕەتی:

منداڵ ئاشنای هەستی ناسکی وەک نیگەرانی و هەستی تێکەڵ دەبن.

منداڵ بەر لە لۆمە باشتر مەبەستی بەرانبەر ڕەچاو دەگرێت.

منداڵ هەیە تواناگەلی هاوسۆزیی لە لا کز دەبێتەوە.

## گرنگیی ئەم بەشە

کزیی ئاستی هاوسۆزی دەبێتە مایەی زیادبوونی دڕیی فیزیکی، ناتەبایی، لاوازیی لە خوێندندا و بەگشتیی لاوازیی گەشەکردنی جڤاکی و هەستەکی. ئەم لاوازییە تەمەنی هەرزەکاریشی دەگرێتەوە.

## چالاکیی دیکە

ئەم خاڵانە پێشنیازن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی یەکەم و بابەتی دیکە:

1. «گەڕیانەلیست» running list (لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا) ـێک بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من هەست بە **ئارامی** دەکەم کاتێک ...». ئەوجا داوا لە فێرخوازان بکە ڕستەکە تەواو بکەن. (هونەرگەلی زمانەکی)
2. وا لە فێرخوازان بکە ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە هەستێکی دیاریکراو لە ماوەی پشووی هەفتەدا لایان پەیدا دەبێت. ئەنجامەکان بە هێڵکاری پێشان بدە. (ماتەماتیک، هونەر)
3. کتێبێک دەربارەی فریوی نیگاکاری optical illusion پەیدا بکە. وێنەی هەمەجۆر و لێکدانەوەی فێرخوازان بەکار بێنە بۆ پێشاندانی گۆڕانی ڕوانگە. (زانست، هونەر)

4. داوا لە فێرخوازان بکە گەمەی «وشەوازی» بکەن. بە جوتێک فێرخوازی دڵخواز دەست پێ بکە. وشەیەکی هەست، وەک «سەرسورمان»، بە گوێی فێرخوازێکیاندا بچرپێنە. داوا لەو فێرخوازە بکە نیشانە و سەرەداو پێشان بدات، فێرخوازی بەرانبەر هەوڵ دەدات وشەکە هەڵبێنێت. بۆ نموونە، دەشێت فێرخوازەکە بڵێت، «ساکاویت، لەوە دەچێت سەرت سوورمابێت». (زمان، بیری ورد)

5. بابەتێک هەڵبژێرە بۆ فێرخوازان گفتوگۆی لەسەر بکەن. داوایان لێ بکە لایەنێک بگرن و بەڵگە بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنە ساز بکەن. پاشان داوایان لێ بکە لایەن بگۆڕن. (لێکۆڵینەوەی چڤاکی، زمان، بیری ورد)

6. ئەم چالاکییە فێرخوازان هان دەدات وێکچوون و جیاوازی دیاری بکەن. سەرەتا، داوا لە فێرخوازان بکە وەڵامی ئەم دەستەواژانە بدەنەوە. پاشان، داوایان لێ بکە ئەنجامەکانی پۆلەکە بە ڕێژە دەرببڕن (بۆ نموونە، 8/24 یاخود 1/3 ی فێرخوازان بەستەنی- یان پێ خۆشترە لە نەستەلە)

- ئەوەی بەستەنی لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارەوە. ئەوەی نەستەلەی لە لا خۆشە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی وانەی ماتەماتیکی لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی وانەی زمانی لە لا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.
- ئەوەی گەمەی نێو بەفری لە لا خۆشە بچێتە لای ئەو دیوارە. ئەوەی گەمەی نێو ئاوی لە لا خۆشترە بچێتە لای دیوارەکەی دیکە.

7. پارچەی گەورەی پەڕەی وێنەکێشان دابەش بکە و داوا لە فێرخوازان بکە پەڕەکە دوو جار بە نیوەیی بنوشتێننەوە تاکوو چوار بەش دروست دەکەن. کارتێکی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»، کە هەست دەنوێنێت، پێشانی

فێرخوازان بدە. داوایان لێ بکە ئەو هەستە، بە شێوەکاری - واتە بە هێڵ و ڕەنگ - بکێشن. نابێت وێنەیەکی وەک وێنەی کارتەکە بکێشنەوە. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ وێنە کارتەکانی دیکە دووبارە بکەوە هەتا فێرخوازان هەر چوار بەشی پەڕەکە پڕ دەکەنەوە. نابێت هیچ لە هێڵکارییەکان نیشانە بکرێت. پاشان داوا لە فێرخوازان بکە وێنەکان لەگەڵ هاوبەشێکدا بگۆڕنەوە و هەوڵ بدەن بزانن هەر وێنەیەک وێنای کامە هەست دەکات. دەتوانیت پەرە بەم ئەم چالاکییە بدەیت و کاری هونەریی ناودار، کە وێنای هەستی جودا دەکات، پێشان بدەیت و داوا لە فێرخوازان بکەیت ناوی هەستەکان بدۆزنەوە. (هونەر).

8. کلیپێکی کورت هەڵبژێرە، کەسایەتییەکی تێدا بێت هەستی بەهێز پێشان بدات. چەندین جار کلیپەکە پێشان بدە. داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی هەستی ئەکتەرەکە، نیشانەکانی هەستەکە و باردودۆخ بنووسن. (هونەرگەلی زمانەکی، دراما)

9. بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەریی بارودۆخ لەسەر دیدی خەڵک، داوا لە فێرخوازان بکە لە چەند نووسراوێک ورد ببنەوە کە لە ڕوانگەی جوداوە باس لە ڕووداوێکی تایبەتی مێژوو دەکەن. (زمان، لێکۆڵینەوەی جڤاکی، بیری ورد)

10. ئەم ڕاهێنانە بۆ دەرخستنی توانای سەرنجدانە. سەبەتەیەک پرتەقاڵ بهێنە نێو پۆل. پرتەقاڵەکان بەسەر بازنەیەکی 10-12 فێرخوازدا دابەش بکە. پاش ئەوەی هەر فێرخوازێک «ئاشنای» پرتەقاڵەکەی خۆی بوو، پرتەقاڵەکان بخەوە نێو سەبەتەکە. ئەم جارە دانە دانە پرتەقاڵەکان بگێڕە بە نێویاندا. ئەوەی پرتەقاڵەکەی خۆی ناسییەوە گلی بداتەوە، هەتا هەموویان پرتەقاڵیان خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوجا بپرسە:

- چۆن پرتەقاڵەکەت ناسییەوە؟
- ئایا پاش وردبوونە لە پرتەقاڵەکە مامەڵەت بەرانبەری گۆڕا؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

11. داوا لە فێرخوازان بکە وێنەی هەستراگەیەن لە گۆڤار و ڕۆژنامە دەر بکەن (بۆ نموونە، پڵنگێک دەنەڕێنێت «تورەیە»). فێرخواز وێنەکە دوو کەرت بکات و خۆی وێنەی کەرتەکەی دیکەی بکێشتەوە. (هونەر)

12. لە کتێبی وانەی جڤاتناسی باسێک دیاری بکە فێرخوازان لێی ورد ببنەوە و بیکەنە ڕۆڵوازی. کات بدە بە فێرخوازان تا ئامادە بن و لەگەڵ کەسایەتیەکانیان هاوسۆز ببن. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### وانەی یەکەم: دەربارەی ڕاهێنانی هاوسۆزی

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

دیاریکردنی هەستی بەرانبەر مەرجە بۆ توانای هاوسۆزی.

بەشێکی ڕوانگەگرتن بریتییە لە پەیبردن بەوەی مرۆڤی جیاواز بەرانبەر هەمان دۆخ دیدی جیاوازیان هەیە.

**چەمکی زمانەکی: نیشانە، دۆخ، نازۆ، وێکچوو - جودا، مەبەست، گۆڕان، دژیەک، هەست**

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت:

- نیشانە و سەرەداو بەکار بێنن بۆ دیاریکردنی هەستی جۆراوجۆر.
- پەی بەرن بەوەی هەست دێتە گۆڕین.
- هەستی دژیەک بناسن.
- پەی بەرن بەوەی خەڵکی جیاواز، دەربارەی هەمان دۆخ، هەستی جیاوازیان هەیە.
- بیسەلمێنن کە مرۆڤ، بۆ بڕیاردان لەسەر مەبەستی بەرانبەر، پێویستی بە زانیاری زیاتر هەیە.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی 5 «هەنگاو بە هەنگاو»: «وانەی سیرامیک».
- تەلەڤیزیۆن و ئامێری ڤیدیۆ لێدان.

- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو» - خشتەی خوێندنی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

لەگەڵ فێرخوازاندا، هەوڵی بەسەرکردنەوە و گەشەپێدانی ڕێساگەلی گفتوگۆی نێو پۆل، بدەن.

ئەم وانەیە بە هاوسۆزیدا دەچێتەوە، کە بناخەی بەرنامەکەیە. فێرخوازان فێر دەبن بگەڕێن بۆ نیشانە و سەرەداوی هەست. فێر دەبن لە وێکچوون و جوداوازیی هەستی مرۆڤ ورد ببنەوە و هەروەها چۆنێتیی گۆڕانی هەست تێبگەن. ئەو منداڵەی باشتر لەگەڵ دۆستاندا هەڵدەکات ئەوەیە هەتا زانیاریی تەواوی نەبێت بڕیار لەسەر کەسانی بەرانبەر نادات.

هانی منداڵان بدە گۆڕانی هەستەکانی خۆیان بناسێنن.

کاسێتی ڤیدیۆکە پێشتر لێ بدە و پاشان هەڵکەوە سەرەتا.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ دەست بە بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەکەین. هەموو وانەیەک وێنە و چیرۆکی خۆی هەیە. ئەوەی فێری دەبین، لە ڕێی «ڕۆڵوازی» و «چالاکیی دیکە» وە، پیادە دەکەین. لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»دا دەربارەی هەستی خۆمان و هەستی بەرانبەر، چارەی کێشە و جڵەوگرتنی تووڕەیی دەدوێین.

ئەمڕۆ، بۆ دیاریکردنی هەستی بەرانبەر، بە دوای نیشانە و سەرەداودا دەگەڕێین. دەبێت بە وردی لە ڕوخسار و لەشی بەرانبەر بڕوانین و گوێگرتنی گوتەکانی بین. لە ڕێی سەرنجدانە دۆخەکە، نیشانەی زیاتر دەدۆزینەوە. سەرەتا تەماشای فیلمێک دەکەین دەربارەی «ئاواز» و «ڕێبوار». ئێوە بگەڕێن بە دوای نیشانەی هەست ڕاگەیەندا.
(فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ. فۆتۆکە پێشان بدە).



1. ئاواز هەست بە چی دەکات؟ (شاد، نازۆ). نیشانەکان چین؟ (بزەی دێت).
2. «نازۆ» چی دەگەیەنێت؟ (هەستکردن بە دڵخۆشییە دەربارەی شتێک، تۆ یاخود کەسێکی نزیکت، ئەنجامی داوە).
3. ئەدی کاک «پیرۆت» هەست بە چی دەکات؟ (بە ئاوازەوە نازۆیە، شادە). چۆن دەزانن؟ (ستایشی کارەکەی کرد). ئاواز و کاک پیرۆت هەمان هەستیان هەیە. هەردووکیان شاد و نازۆ.
4. «ڕێبوار» هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیی، ئیرەیی). چ نیشانەیەک ئەوە پێشان دەدات؟ (کارە قوڕینەکەی تێک دەدات). تێبینی بکەن ڕێبوار هەوڵی دا سەرنجی کاک پیرۆت ڕابکێشێت. کاک پیرۆت سەرنجی نەدایە ڕێبوار، ئەمیش کارەکەی خۆی تێک دا.
5. بە بۆچوونی ئێوە، ڕێبوار چی بە خۆی دەگوت؟ («کاک پیرۆت کاری ئاواز پەسەند دەکات»). ڕێبوار زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاک «پیرۆت» ئەمی فەرامۆش کردووە.
6. ئایا دڵنیاین لەوەی کاک پیرۆت ئەمی فەرامۆش کردووە؟ (نەخێر). پێویستیمان بە زانیاریی زیاتر دەبێت تا تەواو دڵنیابین.
7. ئایا کاک پیرۆت مەبەستی بوو ڕێبوار تووڕە بکات؟ (نەخێر). مەبەستی ستایشکردنی ئاواز بوو. مەبەستی نەبوو ڕێبوار تووڕە بکات.
8. ئەگەر مامۆستاکە یاخود ئاواز ئاوڕی بدایەتەوە و ڕێبواریان بە گوتەی خۆش هان دابا، ئەو دەمە ڕێبوار هەستی بە چی دەکرد؟ (شادی، ئومێدەواری). هەستی دەگۆڕدرا.

جار هەیە هەست دێتە گۆڕین. ئاواز پار حەزی لە کاری هونەر نەبوو. ئێستا چێژ لە وانەی هونەر وەردەگرێت و شانازی بە کاری خۆیەوە دەکات.

**9.** ڕووی داوە هەستی تۆ بێتە گۆڕین؟ باسی بکە. (بەسەرهاتێکی خۆت وەک دەستپێک بخە ڕوو).

جار هەیە هەستی «دژیەک» یاخود «پێچەوانە» مان هاوکات دەبێت.

**10.** ڕێبوار و ئاواز دۆستن. ڕێبوار چ هەستێکی دژیەکی هەیە؟ (دڵخۆشە بە ئاواز، بەڵام ئیرەیی پێ دێ). ئاواز چ هەستێکی دژیەکی هەیە؟ (نازۆیە، بەڵام خەمباریشە کە ڕێبوار هەست بە ناکامی دەکات).

**11.** ڕووی داوە تۆ هەستی دژیەکت بووبێت؟

## ڕۆڵوازی

هاوکارێک ببینەوە. هەستێک بە بە گوێی ئێوەدا دەچرپێنم. تۆ و هاوکارەکەت ئەو هەستە بنوێنن، فێرخوازانی دیکە هەستەکە هەڵدەهێنن. (کاتێک فێرخوازان هەستەکە هەڵدەهێنن، داوا لە ئەکتەرەکان بکە بڵێن، «ئەرێ، هەست بە ___________ دەکەم»).

(پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی هەستی شڵەزان بنوێنە بەدەم دۆزینەوەی چارەی کێشەیەکی ماتەماتیکەوە. بەپەلە بنووسە، بیسڕەوە، دووبارە هەوڵ بدەوە. بڵێ:) خەریکی هەوڵدانم بۆ تێگەیشتنی ئەم کێشەیەی ماتەماتیک، بەڵام تێناگەم چۆن کەرتەکان کۆ بکەمەوە! کاتێک فێرخوازان بە ڕاستی هەڵی دەهێنن، بڵێ: ئەرێ، هەست بە شڵەژان دەکەم. پاش خۆنواندنەکە، بپرسە: چ نیشانەیەک هەستی منی پێشان دا؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. ئەم هەستانەی خوارەوە بەکار بهێنە. داوا لە فێرخوازان بکە چەند دۆخێک ساز بکەن تێیدا هاوکات هەستی جودایان هەبێت.

- داچڵەکین خۆشی دڵگەرمی
- شانازی ئازاردان شەرمنی

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین چۆن نیشانە و سەرەداو بەکار دێنین بۆ ناسینەوەی هەستی بەرانبەر. هەروەها باسمان لە هەستی دژیەک، چۆنێتیی گۆڕانی هەست کرد. فێریش بووین کە دەشێت خەڵک، بەرانبەر هەمان بابەت، هەستی جیاوازیان هەبێت.

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 1، دەروازەیەک ڕووەو «هەنگاو بە هەنگاو»: خشتەی خوێندنی ڕێبەستن لە توندوتیژی.

**گواستنەوەی زانیار**

بەدەم چالاکیی ڕۆژانەوە، فێرخوازان هان بدە هەستی خۆیان دەرک بکەن و هەروەها پێشبینی لە هەستی بەرانبەر بکەن لە وەڵامی کردارێکی دیاریکراودا.

لە باسی هەستگۆڕیندا، ئاماژە بە دیاردەکە بکە، بۆ نموونە: «نامۆ، پێشتر ڕۆڵوازییت لە لا خۆش نەبوو. ئێستا، یەکەم کەسی دەست بەرز دەکەیتەوە».

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی دووهەم: باسکردنی هەست و دەربڕینی پەرۆشی

## چەمک

لە ڕێی نیشانەی هەمەجۆرەوە دەزانیی کەی کاتی دەربڕینی پەرۆشییە.

دەربڕینی پەرۆشی توانایەکی گرنگە.

## چەمکی زمانەکی: دەربڕینی پەرۆشی.

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- ڕیزکردنی نیشانەکانی هەست.
- ڕیزکردنی شێوازی دەربڕینی پەرۆشی.
- پێشاندانی «دەربڕینی پەرۆشی».

## پێداویستی

- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 2، بەشی یەکەمی «هەنگاو بە هەنگاو».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

پێناسەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بۆ هاوسۆزی بە توانای دیاریکردنی هەست دەست پێ دەکات. لێرەدا ئەم توانایە ڕوون دەکرێتەوە. هەستی نیگەرانی و هاوسۆزی توانایەکە و دەربڕینی ئەو نیگەرانییە توانایەکی دیکەیە. هەردووکیان پێویستیان بە ڕاهێزان هەیە.

منداڵیش دەبێت فێر بێت کەی و چۆن پەرۆشیی خۆی بۆ بەرانبەر دەردەبڕێت. هۆکاری وەک ڕادەی ناسینی بەرانبەر، شێوازی ڕەفتاری بەرانبەر و دۆخی تایبەت دەبێت ڕەچاو بگیرێن. ئاماژە بەوەش بدە تەنها وەڵامی نەیارانە ناسۆزی نین. «خەمساردی» ش ناسۆزییە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ دیاریکردنی هەستی بەرانبەر و دەربڕینی پەرۆشی پیادە دەکەین. «دەربڕینی پەرۆشی» بە واتای پیشاندانی نیگەرانی بۆ بەرانبەر دێت.

فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمانە «مەریوان»، «بێستوون» و «شلێر» ن. هاوڕێی چاکن و زۆربەی جار لە ماڵی بێستوون فوتبۆڵێن دەکەن. «مەندانە»ی پووری بێستوون، هاتۆتە سەردانیان. پوورە مەندانە بە بێستوونی گوت «تۆ زۆر جوانیت! هەموو کچان تۆیان دەوێت». پوورە مەندانە سەرنجی دایە شلێر و بە بێستوونی گوت: «بۆچی بە یارەکەتم ناناسێنی؟» بێستوون سوور هەڵگەڕا و گوتی: «پوورە مەندانە!» پوورە مەندانە قاقایەکی لێ دا و چووە ژوورێ.

1- بێستوون هەست بە چی دەکات؟ (شەرمەزار). سەرەداوەکان چین؟ (بەرتەک بۆچی بەو شێوەیە هەست دەکات؟ (پوری لە بەردەم هاوڕێکانیدا شەرمەزاری کرد).

مەریوان دەستی کرد بە پێکەنین، بەڵام کە تێبینی بێستوونی کرد، ڕاوەستا. دەرکی کرد شتێک ڕووی داوە. دۆستایەتی بریتییە لە پێشاندانی گرنگیدان بە هەستی بەرانبەر و دەربڕینی پەرۆشی.

2- کامانەن شێوازی دەربڕینی پەرۆشی؟ (گوێ بگرە. بپرسە داخۆ بەرانبەر سەلامەتە).

3- مەریوان چی بکات، باشە؟ (پێشانی بێستوونی بدات کە هەستی ئەوی لە لا گرنگە).

مرۆڤ پەرۆشیی خۆی بۆ کەسێک دەردەبڕێ، هەست بە دڵتەنگی یاخود شەرمەزاری بکات. بەڵام دەشکرێت پەرۆشی بۆ کەسێکی شاد دەرببڕین. دەشێت پیرۆزبایی لە هاوڕێیەک بکەیت تازە ڕۆڵێکی لە شانۆی فێرگەدا وەرگرتووە.

مەریوان دڵی بێستوون دەداتەوە. بێستوون دەڵێت: «پوورە مەندانە سەیرە! تۆ

دەزانیت من شلێرم وەک هاورێ خۆش دەوێت، بەڵام بەو شێوەیە نا». مەریوان دەڵێت، «دەرکت دەکەم. باپیرەی منیش شتی وەها دەڵێت پێی شەرمەزار دەبم».

4- ئامۆژگاریی مەریوان بۆ بێستوون چی بێت باشە؟ (لە بیر خۆی بباتەوە. قسە لەگەڵ دایکی بکات).

ئەگەر دڵنیا نیت لە چۆنێتیی دەربڕینی پەرۆشیی خۆت بۆ کەسێک، پێشنیازی پێ بکە ڕاوێژ بە کەسێکی گەورەساڵی جێباوەڕ بکات. مەریوان هانی بێستوون دەدات داوای یارمەتی لە دایکی بکات. مەریوان، بێستوون دڵنیا دەکات لەوەی شلێر ئەو باسە بە هەند هەڵناگرێت. بێستوون بزەی دێت و ئەوجا مەریوان پێی دەڵێت: «وەرە داوا لە شلێر بکەین ئەو گەمەیەمان فێر بکات کە دەیکات».

5- ئێستا بێستوون هەستی چۆنە؟ (باشترە، ئارامترە).

6- مەریوان چەند شارەزایانە ئەم دۆخەی چارە کرد؟ گەر تۆ بایت، چۆنت ساز دەکرد؟

وەرن چەند پێشنیازێک بۆ دەربڕینی پەرۆشی بنووسینەوە. (ڕێنوێنی فێرخوازان بۆ ڕیزکردنی چەند پێشنیازێک. ئەمەش نموونە: 1- پێشانی کەسی بەرانبەری بدە کە تۆ ئامادەیت هاوکاری وی بکەیت. 2- گەر بەرانبەر دەیەوێت تەنها بێت، هەراسانی مەکە. 3- گەر دوودڵیت پرسێک بە کەسێکی گەورەساڵی جێباوەڕ بکە.

زۆر جار کەسی بەرانبەر پێویستی تەنها بەوەیە تۆ گوێی لێ بگرێت. گوێگرتن دەرفەت دەداتە هاوڕێکەت باسی هەستی خۆی لای کەسێکی جێباوەڕ بدرکێنێت. جار هەیە، مرۆڤ پێی خۆشە تەنها بێت. گرنگە تۆ ئەو خواستە دەرک بکەیت.

## ڕۆڵوازی

وەرن دەربڕینی پەرۆشی بکەینە ڕۆڵوازی. پێشانی بەرانبەری بدە کە تۆ هەستی ئەوت لە لا گرنگە و ئامادەی یارمەتیی بدەیت.

(پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی مەریوان بنوێنە کە پشتیوانیی بێستوون دەکات. دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی بێستوون). بڵێ: دەزانم پەستیت. چیم پێ دەکرێت تا یارمەتیت بدەم؟ لەوانەیە دایک چارەیەکی باشی هەبێت. خەمت نەبێت، شلێر ئەم باسە بە هەند هەڵناگرێت. (کاتێک بێستوون هەست دەکات باشترە، بڵێ:) دەی، وەرە با داوا لە شلێر بکەین گەمەکەی خۆیمان فێر بکات.

پاش نواندن بپرسە. چۆن بووم؟ ئایا بە جوانی پەرۆشیی خۆمم دەربڕی؟

(ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. بەپێی پێویست ڕاهێنان بە فێرخوازان بکە. بیریان بخەوە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن).

1. هاوڕێیەک ڕۆڵی لە شانۆی فێرگەدا بەدەست نەهێناوە.
2. لە پێشبڕکێیەکی هونەریدا، بەرهەمی خوشکەکەت خەڵاتی بردەوە.
3. هاوپۆلێک پەستە چونکە خەڵکی دەنگۆ دەربارەی بڵاو دەکەنەوە.
4. هاوئەندامێکی باندی موزیک دواجار پاش پێنج هەوڵدان، ئاوازێک بە ڕاستی دەژەنێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێربووین پەرۆشیی خۆمان دەرببڕین بۆ ئەوەی پێشانی بەرانبەری بدەین کە هەستی ئەومان لە لا گرنگە.

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە2، بەشی یەکەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

ڕاهێنان بە فێرخوازان بکە پەرۆشیی خۆیان دەرببڕن. بیریان بخەوە کە جار هەیە تەنها گوێگرتن یاخود پێشکەشکردنی وشەیەکی دۆستانە یارمەتی بەرانبەر دەدات هەستی ئارام بێتەوە.

**«ڕۆژەکەت لەبیر بێت»:** داوا لە فێرخوازان بکە یادی بەسەرهاتێک بکەنەوە کە تێیدا باسی هەستی خۆیان لای دۆستێک کردووە یان پەرۆشیی خۆیان بۆ کەسێک دەربڕیوە. ئاگاداری لایەنی ڕازگرتن بە لە باسێکی تایبەت کە منداڵانی دەیگێڕنەوە.

**چالاکیی دیکە**

کاتی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ پۆلەکە، گەر هاتە سەر ئەوەی کاراکتارێکی نێو چیرۆکەکە پێویستی بە پشتگیری هەیە، وچانێک بگرە. داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی ڕەفتار و گوتاری پێویستی ئەم دۆخە بنووسن، چی بکرێ و بگوترێ باشە بۆ پشتیوانیی لەو کاراکتارە.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی سێهەم: هۆکار و ئەنجام

## چەمک

هونەری هاوسۆزی پێویستی بەوەیە تێبگەین خەڵکی چۆن کار لەیەک دەکەن.

## چەمکی زمانەکی: هۆکار، ئەنجام.

## ئامانج

فێرخواز دەتوانێت:

- هۆکار و ئەنجامەکانی کردارێکی تایبەتی دیاری بکات.
- لە ئاست کردار و هەستی بەرانبەردا، هۆکاری گونجاو ڕوون بکاتەوە.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ڕەفتاری ڕێک یان نارێکی منداڵ بەرانبەر هەڤاڵانیان بەندە بە تێگەیشتنیان لە دیاردەی هۆکار - ئەنجام. منداڵ هۆکار لێک دەداتەوە و ئەو لێکدانەوەی کار دەکاتە سەر پێناسەی کێشەکە لای ئەو منداڵە. منداڵ بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەر هەڵسەنگێنێت و خۆی لە کێشە لا بدات دەبێت پەی بە ئەنجامی ڕەفتاری خۆی بەرێت. دەرک نەکردنی پەیوەندیی نێوان هۆکار و ئەنجام خاڵێکی دیارە لە ڕەفتاری دڕی هەرزەکار و گەورەساڵاندا.

لەم وانەیەدا، منداڵ هان دەدرێن باس لە هۆکاری دۆخێکی تایبەت بکەن بۆ ئەوەی باشتر لەو ئەنجامە بگەن کە ڕەفتاری خۆیان لای بەرانبەر دروستی دەکات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

له وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین بڕوانینە ئەو ئەنجامەی ڕەفتاری ئێمە لای کەسی بەرانبەر دروستی دەکات. فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمە «دۆنا» یە (ئەوەی سەر پلیکانەی سەروو). چەندێک (ئەوانەی سەر پلیکانەی خواروو) بڕیاریان داوە یانەیەک ساز بکەن، وشەی نهێنی و نوکتە (جۆک) ی تایبەتی خۆیان هەبێت کەسی دیکە تێی نەگات. هاوپۆلی دیکەی وەک «دۆنا» بەرانبەر ئەم دۆخە هەستی توندیان لا پەیدا بووە.

1. به بۆچوونی ئێوە، هاوپۆلی دیکەی وەک «دۆنا» هەست بە چی دەکەن؟ (تووڕە، فەرامۆشکراو، تەنیا، پێیان ناخۆشە).
2. ئەدی کچانی سەر بە یانەکە هەست بە چی دەکەن؟ (تایبەتن، ڕازگرن، جێی ئیرەیی خەڵکن).

گەر شتێک وەهای کرد مرۆڤ هەستێکی تایبەتی لە لا پەیدا بێت یان ڕەفتارێکی تایبەت پیشان بدات ئەوە «ئەنجام» ێکی لەو مرۆڤەدا دروست کردووە.

سازکردنی یانەیەک تەنها چەند منداڵێک بە ئەندام وەربگرێت، ئەنجامەکەی ئەوەیە منداڵی دیکە پێیان ناخۆش دەبێت و هەست دەکەن فەرامۆش کراون.

**3.** ئەنجامەکە چی دەبوو ئەگەر هەموو منداڵەکان بانگهێشت بکرانایە بۆ پەیوەندیکردن بە یانەکەوە؟ (هەموو یەکێک هەستی بە بەشداری دەکرد).

**4.** ڕووی داوە هەستت بە فەرامۆشی کردبێت؟ چۆن بوو، باسی بکە؟ چیت لەگەڵ کرد؟

## چالاکی

وەرن کەمێکی دیکەش لە هۆکار و ئەنجام بدوێین. من باسی کردار یاخود هۆکارێک دەکەم و ئێوەش ئەنجامەکەی لەسەر بەرانبەر ڕوون بکەنەوە. (بەشێکی ئەم سیناریۆیانە وێنایەکی گەشتر دەربارەی پێشەڕۆژ لە لای فێرخواز ساز دەکەن و هانی دەدەن نەخشێکی ڕەنگینتری هەبێ لە ژینگەی جڤاکی و فیزیکیی خۆیدا).
چ ئەنجامێکی دەبوو:

1. لەسەر فێرخوازان گەر گوتبام سبەی پشووە، فێرگە داخراوە؟
2. لەسەر من گەر فێرخوازان بە هەراوهوریا بان؟
3. لەسەر فێرخوازێک گەر هاوپۆلانی فەرامۆشی بکەن؟
4. لەسەر دایکوباوکت گەر هەمیشە پاک و خاوێن بیت؟
5. لەسەر هاوسێ گەر شەو درەنگ بە بەرزیی موزیک لێ بدەی؟
6. لەسەر دۆستێک لە نەخۆشخانەیە و تۆ سەردانی دەکەیت؟
7. لەسەر هەموان گەر دزی نەمابا؟

هەر ئەو دۆخانەی سەرەوە دووبارە بکەوە بەڵام کەسی بەرئەنجام بگۆڕە. ئایا ئەنجامەکان هەر ئەو جۆرە دەبن؟ (فێرخواز هان بدە بیر لە کرادری دیکە بکەنەوە کە پەیوەندی هەبێت بە هۆکار و ئەنجامەوە).

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ باسمان لە هۆکار و ئەنجام کرد. تێگەیشتنی هۆکار و ئەنجام یارمەتیمان دەدەن باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بکەین.

### گواستنەوەی زانیار

کاتی ڕێنوێنیی فێرخوازان دەکەیت بۆ چارەی کێشە چەمکی «هۆکار» و «ئەنجام» بەکار بهێنە. بیریان بخەوە کە مەرج نییە مرۆڤ هەمیشە تەواو لەو پەیوەندییە دڵنیا بێت. تەواو ڕوونیش نەبێت دەکرێ بیری لێ بکاتەوە، با جاروباریش هەڵە بێت.

### چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە لەم بارانەدا هۆکار و ئەنجام ئاشکرا بکەن:

- بابەتی «لێکۆڵینەوەی جڤاکی».
- ئەو چیرۆکانەی دەیانخوێننەوە.
- چالاکی و ئەزموونی زانستانە.

2- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی کێشەیەک بنووسن کە لەگەڵ کەسێکدا هەیان بووە. هۆکاری کێشەکە چی بووە؟ ئەنجامەکەی چی بووە لەسەر کەسانی پەیوەندیدار بە کێشەکەوە؟

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی چوارەم: پێشبینیی هەست

**چەمک**

توانای پێشبینیکردنی هەستی بەرانبەر پێشمەرجێکە بۆ گرتنی ڕوانگەی جڤاکی.

**چەمکی زمانەکی: ئەگەر- ئەوا، پێشبینی.**

**ئامانج**

فێرخواز توانای دەبێت:

- پێشبینیی لەو هەستە بکات کە لای بەرانبەر دروست دەبێت لە ئەنجامی ڕەفتارێکی ئەم یان هی هەر کەسێکی دیکە.

**پێداویستی**

- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

بۆ ئەوەی منداڵ، لە دۆخێکی جڤاکیدا، بتوانێت ڕەفتارێک هەڵسەنگێنێت و هەڵبژێرێت، دەبێت فێربێت پێشبینیی لەو هەستە بکات کە لای بەرانبەر دروست دەبێت لە ئەنجامی ڕەفتارێکی تایبەتدا.

لەم وانەیەدا، منداڵ پەیوەستەی «ئەگەر- ئەوا» بەکار دەهێنن بۆ گەشەدانی تێگەیشتنیان لە پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام. لێرەدا جەخت لەسەر پێشبینی هەستی

بەرانبەر دەکرێت نەک دۆزینەوەی چارەی پەسەند بۆ کێشەیەکی تایبەت. ئەمەیان لە بەشی دووهەمدا باس دەکرێت.

### چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین پێشبینی لەو هەستە بکەین کە دۆخێکی تایبەت لە لای کەسێک دروستی دەکات.

فۆتۆ پێشان بدە.



«مێردین» خزمی «سۆنیا» یە و لە گوند دەژی مندالّی دیکەی لێ نییە. نازانێت گەمان لەگەڵ منداڵان بکات. زۆر شەرمنە. ئەم هەفتەیە بە سەردان لای سۆنیا

دەبێت. سۆنیا مێردین ئاگادار دەکات لەوەی بە نیازە چەند هاوڕێیەکی خۆی بانگهێشت بکات بۆ ماڵەوە تا مێردین بناسن.

1. ئەگەر هاوڕێکانی سۆنیا بێن، مێردین هەست بە چی دەکات؟ (پەشۆکان، شەرمەزار، نیگەرانی). بۆچی وەها هەست دەکات؟ (ڕانەهاتووە لە نزیکی منداڵی دیکە بێت. لەوانەیە نەزانێت چۆن ڕەفتار بکات یاخود چی بڵێت).
2. ئەگەر سۆنیا تەنها یەک هاوڕێی بانگهێشت کردایە، مێردین هەستی چۆن دەبوو؟ (لەوانەبوو ئاسانتر بایە بۆی. لەوانەبوو هێشتا هەستی بە شەرم بکردایە).
3. سۆنیا چی دیکە بکات باشە تاکوو مێردین هەستی ئارامتر بێتەوە؟ (ماوەیەک چاوەڕێ بکات هەتا مێردین ڕادێت بەم کەژە تازەیە پاشان هەڤاڵەکانی بانگ بکاتە میوانی. ماوەیەک گەمەی خۆش بکەن بەیەکەوە بۆ ئەوەی مێردین سنووری شەرم بشکێنیت).
4. گەر مێردین شەرمن نەبا، ڕووخۆش و جڤاکی با، بە هاتنی دەستەیەک لە دۆستانی سۆنیا هەستی بە چی دەکرد؟ (دڵگەرم، شاد).

گەر تۆ پلان یان بڕیارێکت بەدەستەوەیە و دەزانیت کار لە کەسێکی دیکە دەکات، دەبێت هەستی ئەو کەسە دەربارەی پلان و بڕیارەکەی خۆت ڕەچاو بگریت. ئەمەش پێی دەگوترێت «پێشبینی» ی هەست.

5. بەسەرهاتی وەک ئەوەی سۆنیا و مێردین لە تۆ ڕووی داوە؟ هەستت چۆن بووە؟ چیت کردوە؟

## چالاکی

بیر لە دوو ناسیاوی خۆت بکەوە کە زۆر لە یەکتری جودا بن. بزانە ئایا دەتوانیت پێشبینیی هەستی هەریەکەیان بۆ ئەم دۆخانەی خوارەوە بکەیت. ئایا هەمان هەست یاخود هەستی جودایان دەبێت؟ دەمی وەڵامدانەوەت، ئاماژە بە ناوی هیچ کەسێک مەدە. پێنج فێرخواز هەڵدەبژێرم تاکوو وەڵامی هەر دۆخێک بدەنەوە.

لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو. دۆخ و وەڵامی فێرخوازان لە سەر پۆستەرێک بنووسەوە.

هەستی ئەو ناسیاوە لەیەک جیاوازە چۆن دەبێت دەربارەی:

- فێربوونی شاخەوانی؟
- سەردانی پزیشکی ددان؟
- گوێزانەوە بۆ فێرگەیەکی نوێ؟
- چاودێریی پشیلەی دراوسێ، هەتا لە کار دێتەوە؟
- گەشتی خێوەت هەڵدان؟
- چڕینی سۆلۆ (گۆرانیی تەنیا) لە ئاهەنگی فێرگەدا؟

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین چۆن کردار و گوتاری مرۆڤ کار دەکاتە سەر هەستی بەرانبەر. فێری ئەوەش بووین چۆن پێشبینی هەستی بەرانبەر بکەین لە دۆخێکی تایبەتدا.

**گواستنەوەی زانیار**

گەر دەرفەت ڕەخسا، چەمکی «پێشبینی» بەکار بهێنە و هانی فێرخوازانیش بدە بەکاری بهێنن. دووپاتکردنەوە چەمکەکەیان لە لا دەچێنێت. بۆ نموونە داوا لە فێرخوازان بکە: پێشبینیی لە ئەنجامی ئەزموونێکی زانستی بکەن، یاخود: کۆتابوونی جیاوازی کورتەچیرۆکێک کاریگەریی هەیە لەسەر کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە، ئەمان پێشبینیی لەو کاریگەرییانە بکەن.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە بەسەرهاتی خۆیان بکەن دەربارەی پێشبینیی هەستی بەرانبەر. چ سەرەداوێک یارمەتی داون لە هەستی بەرانبەر تێبگەن؟

**چالاکیی دیکە**

1- داوا لە فێرخوازان بکە کەسایەتییەکی گرنگی مێژوویی هەڵبژێرن. دۆخێک بسازێنن و پێشبینیی بەرتەکی کەسایەتییەکە لەو دۆخەدا بکەن.

2- داوا لە فێرخوازان بکە کارەکتەری کتێبێک هەڵبژێرن. دۆخێک بسازێنن و پێشبینیی بەرتەکی کەسایەتییەکە لەو دۆخەدا بکەن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی پێنجەم: ڕەوایەتی

## چەمک

لە دۆخێکی یەکساندا کە دوو کەس مافی یەکسانیان لە بابەتێک هەبێت. چارەی ڕەوا ئەوەیە هەردووکیان سوودی یەکسان لەو بابەتە وەربگرن.

**چەمکی زمانەکی: ڕەوا، مافی یەکسان، سوودی یەکسان**

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

پێناسەکردنی **ڕەوایەتی** لە ڕووی مافی یەکسانەوە.

دۆزینەوەی چارەی یەکسان بۆ کێشەیەکی دیاریکراو.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

زۆربەی جار منداڵ تێگەیشتنی ناتەواویان هەیە دەربارەی ڕەوایەتی و مافی بەرانبەر. گرنگە ئەوە بزانن کە ژیان جاروبار ناڕەوایە. سەرباری ئەوەش، فەرهەنگی جیاواز دیدی جیاوازی لە ڕەوایەتی هەیە.

پێناسەی کارای **ڕەوایەتی** لەم وانەیەدا دەڵێت: لە دۆخێکی یەکساندا کە دوو کەس مافی یەکسانیان لە بابەتێک یاخود مامەڵەیەک هەیە، چارەی ڕەوا ئەوەیە هەردووکیان سوود وەرگرن لەو بابەت و مامەڵەتە. منداڵ مافی یەکسانیان لە سامانی فێرگە هەیە. بەڵام لە موڵکی تایبەتیدا، مافی خاوەندارەتی زاڵە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمرۆماندا باس لە مانای ڕەوایەتی دەکەین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «لۆرین» ـە و ئەمەش «کاوە». هەریەکەیان کار لەسەر پرۆژەیەکی تایبەتی دوو ڕۆژی دەکات. هەردووکیان پێویستان بە هەمان کتێبە و تەنها یەک نموونە لەو کتێبە لە کتێبخانەی فێرگەدا هەیە. لۆرین تازەکی کتێبەکەی خواستووە تاکوو ئیش لەسەر پرۆژەکەی بکات و تا هەفتەی داهاتووش کاتی گەڕانەوەی نابێت.

1- ڕەوایەتی چی دەگەیەنێت؟ (هەموو کەسانی پەیوەندیدار بەشیان لەو بابەتە دەبێت کە مافیان لێی هەیە).

کاتێک دوو کەس یاخود زیاتر مافی یەکسانیان لە بابەتێک هەیە، چارەی ڕەوا بریتییە لەوەی هەردووکیان سوودی یەکسان لە بابەتەکە ببینن.

2- کێ مافی بەکارهێنانی کتێبی فێرگەکەی هەیە؟

3- ئایا کاوە و لۆرین، لەم دۆخەدا، مافی یەکسانیان لە کتێبەکە هەیە؟

4- کاوە هەست بە چی دەکات؟

5- لۆرین هەست بە چی دەکات؟

6- ئایا ئەو دوانە چی بکەن باشە و بۆچی؟ ئەم بۆچوونەی ئێوە ڕەوایە؟ بۆ؟

## چالاکی

(فێرخوازان بکە بە گرووپی بچووکەوە). هەر گرووپێک بۆ ماوەی 3 - 5 خولەک گفتوگۆ دەربارەی یەک لەم دۆخانەی خوارەوە دەکات. وەک گرووپ بڕیار بدەن ئاخۆ ئەو دۆخە ڕەوایە یان نا. گەر پێتان ڕەوا نییە، چارەیەکی ڕەوای بۆ بدۆزنەوە. هەستی هەموو بەشداربووان دەربارەی چارەکەی دیاریتان کردووە ڕەچاو بگرن و هەر ئەوەش بکەنە پێوەری ڕەوایەتی. لە کۆتادا، کەسێک بە گوتەبێژی گرووپەکەتان دیاری بکەن بۆ ئەوەی باس لە چارەکەتان بکات.

- ئەگەر تەنها فێرخوازی ڕاستەوانە (ئەوانەی دەستە ڕاست زیاتر بەکار دێنن) بۆیان هەبا کۆمپیوتەری پۆل بەکار بهێنن، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆچی ڕەوا دەبوو و بۆچی ڕەوا نەدەبوو؟
- ئەگەر تەنها ئەو فێرخوازانەی ئەرکی خوێندنیان تەواو کردووە بۆیان هەبا کۆمپیوتەری پۆل بەکار بهێنن، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆچی ڕەوا دەبوو و بۆچی ڕەوا نەدەبوو؟

- ئەگەر تەنها ئەو فێرخوازانەی لە ماتەماتیکدا سەد لە سەد بێنن بۆیان هەبا بەشداری دیداری کەسایەتییەکی ناودار ببن، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆچی ڕەوا دەبوو و بۆچی ڕەوا نەدەبوو؟
- ئەگەر کچێک بۆیەی خۆی لە ماڵەوە بهێنێت بۆ فێرگە تا لە پرۆژەیەکی هونەریدا بەکاری بهێنێت، بەشی کەسی لێ نەدات، ئایا کارێکی ڕەوایە یان نا؟ بۆ؟
- ئەگەر فێرگە کەلوپەلی تازە بێنێتە گۆڕەپانەوە و هەردەم کوڕان نۆرەی یەکەم بگرن، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆ؟
- ئەگەر کچێک دەستەوانەی تایبەتی خۆی لە ماڵەوە هێنابا، لە گەمەی فێرگەدا بە تەنها هەر خۆی لە دەستی کردبا، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆچی ڕەوا دەبوو و بۆچی ڕەوا نەدەبوو؟

- ئەگەر کوڕێک لەبەر ڕەفتاری خراپ لە تیمی فوتبۆڵێن وەدەر نرێت، ئایا کارێکی ڕەوایە یان نا؟ بۆ؟
- ئەگەر کچێک ڕێگەی پێ نەدرایە بچێتە ناو تیمی فوتبۆڵێن لەبەر ئەوەی خوشکی دەرکراوە بەهۆی ڕەفتاری نارێکەوە، ئایا کارێکی ڕەوا دەبوو؟ بۆچی ڕەوا دەبوو و بۆچی ڕەوا نەدەبوو؟
- ئەگەر کوڕێک تەماشای بەرنامەیێکی تەلەڤیزیۆن بکات و خوشکەکەی کەناڵەکە بگۆڕێت، ئایا کارێکی ڕەوایە یان نا؟ بۆ؟
- ئەگەر فێرخوازێک سەرپێچی بکات و سزاکەی ئەوە بێت کاتی پشوو لە پۆلدا بمێنێتەوە، ئایا کارێکی ڕەوایە یان نا؟ بۆ؟

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین ڕەوایەتی ئەوەیە هەموو ئەوانەی بەشدارن وەک یەک دەرفەتی چالاکی و بەکارهێنانیان هەبێت.

### گواستنەوەی زانیار

فێرخواز ڕابهێنە چارەی ڕەوا بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشانەی بەدەم کاری ڕۆژانەوە دێنە ڕێ.

**‹‹یادی ئەمڕۆ››.** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن دەربارەی ڕەوایەتی. چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردوون؟ چ شێوازێک بە باشی سوودی هەبووە؟

### چالاکیی دیکە

1- حکوومەتی دیموکرات کار بە سیستەمی «لێپرسینەوە و هاوسەنگی» **checks and balances** دەکات بۆ دابینکردنی ڕەوایەتی. داوا لە فێرخوازان بکە لە کاری سیستەمی لێپرسینەوە و هاوسەنگی ورد ببنەوە، حکوومەت چۆن کاری پێ دەکات. حکوومەت چ شێوازێکی دیکە بەکار دەهێنێت بۆ دابینکردنی ڕەوایەتی؟

2- پەیدۆزی (لێکۆڵینەوە) لە پەیوەندیی نێوان ڕەوایەتی و دادپەروەریدا بکە. ڕێبەری ناوداری وەک مارتن لوسەر کینگ، مەهاتما گاندی، نێلسۆن ماندێلا یاخود کەسانی خاوەن خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵیان، بکە نموونە.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی شەشەم: گوێگرتنی چالاکانە

**چەمک**

گوێگرتنی چالاکانە بریتییە لە سەرنجدانە کەسی ئاخێوەر و گوتاری ئاخێوەر.

گوێگرتنی چالاکانە هەستیاریی بەرانبەر بەرز دەکاتەوە.

ڕەفتاری گوێگرتنی چالاکانە لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێک جیاوازە.

**چەمکی زمانەکی: گوێگرتنی چالاکانە، پوختەی باس**

**ئامانج**

فێرخواز توانایان دەبێت:

- چالاکانە گوێ بگرن.
- نیشانە و سەرەداوی گوێگرتنی چالاکانە بدۆزنەوە.
- پۆختەی ئەو باسە کۆ بکەنەوە کە بیستوویانە.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

منداڵ زۆرن هونەری گوێگرتنی چالاکانەیان کزە. هەیە سەرنج نادات و بەوەش گوتە و هەستی بەرانبەر لە دەست دەدەن. هەیشە لەبری ئەوەی سەرنج بداتە ئاخێوەر، هۆشی لای ئەوەیە کە خۆی دەیەوێت بیڵێت.

منداڵ هان بدە چاوەڕێی بەرانبەر بکەن تا گوتەی خۆی تەواو دەکات. گەرچی سەرچاوە زۆرن سەیرکردنی چاو بە بەشێکی گرنگی گوێگرتنی چالاکانە دەزانن، بەڵام فەرهەنگ هەیە سەیرکردنی چاو بە بێڕێزیی دادەنێت. لەبەر ئەوەیە لەم وانەیەدا دەستەواژەی «**ڕوو بکە ئاخێوەر**» لە بری «سەیری چاوی ئاخێوەر بکە» بەکار دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا وەها باشە مانای «سەیری چاوی ئاخێوەر بکە» بۆ منداڵی

نێو پۆلەکەت ڕوون بکەیتەوە. بۆ نموونە، «گەر کەسیک لە خێزانەکەتدا قسە بکات، چۆن ڕێزی خۆتی پێشان دەدەیت؟». شێوازی دیکەی گوێگرتنی چالاکانە ئامادە بکە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

لە وانەی ئەمڕۆدا فێر دەبین ڕێز و گرنگی لە ڕێی گوێگرتنی چالاکانەوە پێشانی بەرانبەر بدەین.

**1-** دەمی قسەکردنت بۆ کەسێک، چۆن دەزانیت ئەو کەسە گوێ دەگرێت؟ (دانوستانی چاو ساز دەکات. سەر دەلەقێنێت. پرسیاری گونجاو دەکات). بە چیدا دیارە گەر کەسێک گوێ نەگرێت؟ (ڕووی لە جێیەکی دیکەیە. قسە لەگەڵ بەرانبەر دەکات. سەرنج نادات، باسەکە بە هەند ناگرێت. بابەتەکە دەگۆڕێت).

فۆتۆکە پێشان بدە.



2- ئەمە «ژاڵە» یە و ئەمەش «بەمۆ». ئەم دووانە هاوڕێن. ژاڵە کێشەیەکی خۆی بۆ بەمۆ باس دەکات.

3- ئایا بەمۆ گوێ لە ژاڵە دەگرێت؟ **(ئەرێ).** چۆن دەزانیت؟ (ڕووەو ژاڵە خۆی لار کردۆتەوە. سەیری چاوی دەکات). (دەکرێت لێرەدا باسی جوداوازیی فەرهەنگی و کەسەکی بکەیت).

4- بەمۆ چی دیکە بکات باشە تا پێشانی بدات کە گوێ لە ژاڵە دەگرێت؟ (سەر بلەقێنێ. پێی بڵێ کە لێی تێدەگات).

«گوێگرتنی چالاکانە» بریتییە لە ڕووکردنە ئاخێوەر، سەرلەقاندن، پرسیار بۆ ڕوونکردنەوەی گوتەکان، دووبارەکردنەوە گوتەکان بە وشەی خۆت، «پوختکردنەوە»ی گوتەکان. (بە نموونە گوتەی فێرخوازی ئاخێوەر دووبارە بکەوە و پوخت بکەوە).

5- بەمۆ گەر گوێی لە ژاڵە نەگرتایە چی دەکرد؟ (وەڕەزی پێشان دەدا. باسەکەی دەگۆڕی).

6- لە پۆلدا، چۆن پێشانی دەدەیت چالاکانە گوێ دەگریت؟ (دەڕوانیتە کەسی ئاخێوەر. وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە. پرسیاری ڕوونکردنەوە دەکەیت). چ ڕەفتارێک پێشانی دەدات کە گوێ ناگریت؟ (بە شتێکی دیکەوە خۆت خەریک بکەیت. قسە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکەیت. ناتوانیت وەڵامی پرسیار بدەیتەوە، چونکە گوێت نەگرتبوو).

7- ڕووی داوە هەستت کردبێت کەسی بەرانبەر گوێت لێ ناگرێت؟ هەستەکە چۆن بوو؟

8- بۆچی گوێگرتنی چالاکانە گرنگە؟ (کەسی بەرانبەر گەر بزانێت تۆ پەرۆشی باسەکەی ئەویت زیاتر تۆی خۆش دەوێت. کەسی بەرانبەر پێی خۆشە گوێی لێ بگریت).

9- کەی گوێگرتنی چالاکانە سەخت دەبێت؟ (گەر کەسێک زۆر قسە بکات. گەر پەلەی کارێکی دیکەت بێت). **بە چی باشتر سەرنج دەدەیتە ئاخێوەر؟** (خۆت لە باسی وەڕەزهێن دوور ڕاگرە. بە ئەدەبەوە، داوا لە بەرانبەر بکە بگاتە خاڵی مەبەست).

**ڕۆڵوازی**

دوو بە دوو گەمەی گوێگرتن دەکەین. یەک ئاخێوەر و یەک بیسەر. ئاخێوەر بۆ ماوەی 30 چرکە قسان دەکات و بیسەر بە گوێ و چاو و لەش، چالاکانە گوێ دەگرێت. گەر ئاخێوەر لە قسان تەواو بوو، بیسەر بە چەند وشەیەک پوختەی باسەکەی ئاخێوەر ڕوون دەکاتەوە.
داوا لە فێرخوازان بکە، بە جووت، خۆیان ڕابێنن و پاشان پێشانی پۆلەکەی بدەن. پاش هەر ڕۆڵوازییەک، پرسیار لە ئاخێوەر بکە هەستی چۆن بوو کاتێک دەیزانی گوێی لێ دەگیرێت. پاش هەڵبژاردنی پێشنیازێک، خولەکێک بدە بە فێرخواز تاکوو بیر لە گوتی خۆیان بکەنەوە. لەوانەیە فێرخواز هەبێت بیرۆکەی خۆی ئامادە بکات.

پێشانی فێرخوازانی بدە. فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە ببێتە ئاخێوەر و باس لە ناکامیی خۆی بکات چونکە نمرەی کەمی هێناوە. چالاکانە گوێی لێ بگرە و پاشان پوختەی گوتەکانی باس بکەوە.
پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: **چۆن بووم؟ ئایا هونەری گوێگرتنی چالاکانەم بەکارهێنا؟**

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. بیریان بخەوە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن بۆ ئەوەی هەموو کەسێک دەرفەتی هەبێت ببێتە هەم بیسەر و هەم ئاخێوەر. پاش هەموو نۆرەیەک، پرسیار لە بیسەر بکە بزانە هونەری گوێگرتنی چالاکانەی بەکار هێنا. داوا لە

ئاخێوەریش بکە باسی هەستی خۆی بکات کە گوێی لێ گیراوە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

باس لەم دۆخانە بکە:

- فێرگە چی خۆشە.
- کارێکی تۆ تێیدا وەستا بیت.
- باسێک تۆ بەڕاستی پێی شەرمەندە و پەشۆکاو بیت.
- باسێک بەڕاستی سەیر بێت.
- کەسێکی لە لات زۆر گرنگ بێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێر بووین مرۆڤ چۆن پێشانی بەرانبەری دەدات کە چالاکانە گوێ دەگرێت: دەست هەڵدەگرێت لەو کارەی پێوەی خەریکە، ڕوو دەکاتە ئاخێوەر، سەر دەلەقێنێت، تێگەیشتنی خۆی پێشان دەدات، پرسیار دەکات و پوختەی گوتەکانی ئاخێوەر دووپات دەکاتەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک باس لە بابەتێکی تایبەت دەکەیت، وچانێک بگرە و داوا لە فێرخوازان بکە پوختەی ئەو باسەی لە تۆیان بیست بۆ فێرخوازی هاوسێ بگێڕنەوە. ئەمە هونەرێکە بۆ چەسپاندنی زانیاری و ڕاستکردنەوەی خراپ تێگەیشتن.

ئافەرین لەو فێرخوازانە بکە کە چالاکانە گوێ دەگرن بۆ ئەوەی تێبگەن هەستی ئاخێوەر چۆنە کاتێک گوێی لێ دەگیرێت. کاتی گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازاندا، تۆش هونەری گوێگرتنی چالاکانە پێشان بدە.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ»**. داوا لە فێرخوازان بکە ئەو کاتانە دیاری بکەن کە دەتوانن هونەری گوێگرتنی چالاکانە پیادە بکەن.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان بکە بیر لە کارەکتەری ناوداری نۆڤڵێک یاخود لە کەسایەتییەکی مێژوویی ناودار بکەنەوە. فێرخوازان بکە گرووپی دوو کەسی، یەکیان ڕۆڵی ئەو کەسە هەڵبژاردەیە ببینێت و ئەوەی دیکەیان بێتە دیداری و پرسیاری لێ بکات. ئەمیان دەبێت چالاکانە گوێ بگرێت.

داوا لە فێرخوازان دیدار لەگەڵ دۆست یان ئەندامێکی خێزانی خۆیان ساز بکەن. لەو دیدارەدا هونەری گوێگرتنی چالاکانە پیادە بکەن. داوایان لێ بکە ڕۆژی داهاتوو لە ناو پۆلدا باس لەو دیدارە بکەن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی هەفتەم: سەلماندنی جوداوازی

## چەمک

پێشداوەری (بڕیاری پێش بیرکردنەوە و وردبوونەوە) ئەوەیە بەر لەوەی مرۆڤێک بە باشی بناسیت، بڕیاری ناپەسەندی لەسەر بدەیت.

گیرکردنی سەرنج لە جیاوازییەکان، زۆر جار، خاڵی وێکچوومان لێ بزر دەکات.

## چەمکی زمانەکی: پێشداوەری.

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دەرککردنی وێکچوون و جوداوازی لە نێو هەڤاڵاندا.
- پێناسەکردنی «پێشداوەری».
- پێشبینیی هەستی بەرانبەر کاتێک دووچاری پێشداوەری دەبێت.
- ڕوونکردنەوەی کاریگەریی پێشداوەری.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

خەڵک بەگشتی کەسانی هاوبیریان لە لا پەسەندترە. مرۆڤ هاوسۆزیی بۆ کەسانی هاوبیر زیاترە. لەم وانەیەدا باس لەوە دەکەین چۆن مرۆڤ «جیاوازیی» دەکاتە بابەتێک بۆ گاڵتەپێکردن و چەپاندنی کەسێکی دیکە. چەپاندن، زارەکیش بێت، هۆی زیانبەخشی درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە.

بەدەم ڕوونکردنەوەی لایەنی وێکچووی خەڵک، هانی نرخاندنی جوداوازیش بدە. هەڵویستێکی بەهێز و ئاشکرا بنوێنە دژ بە بەکارهێنانی جیاوازی بۆ مەبەستی چەپاندن و گاڵتەپێکردن. فێرخوازان تێبگەیەنە کە ڕەفتاری وەها، گەرچی بە ڕواڵەت بێکێشەیە، لە ڕاستیدا بۆ کەسی بەرانبەر یەکجار بە سۆیە. لەگەڵ فێرخوازاندا کار بکەن لەسەر پشتیوانیی ئەو مندالانەی گاڵتەیان پێ دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشەکانی «کەش و سامانی پۆل» لە «ڕێنامەی مامۆستا» دا.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆدا باس لەوە دەکەین ئێمەی مرۆڤ لایەنمان هەیە وەک یەکە و لایەنیشمان هەیە لە یەک جودایە.

فۆتۆکە پێشان بدە.



«لەوەند» و «میران» لە هەمان پۆلدان، بەڵام هەڤاڵ نین. لەوەند لەگەڵ کەسانی وەک خۆی دەگەڕێت و میران لەگەڵ کەسانی وەک خۆی دەگەڕێت. ڕۆژی شەممەیە، میران هاتووە بۆ ئۆفیسەکەی باوکی. دەبینێت لەوەندیش لەوێیە. سەری سوڕما، نەی دەزانی دایکی لەوەند لەوێ کار دەکات.

**1**- میران و لەوەند چییان وەک یەکە؟ (هاوپۆلن. باوکی ئەم و دایکی ئەو هاوکارن). ئەدی لە چیدا جیاوازن؟

**2**- میران و لەوەند بۆ هەڤاڵی جودایان هەیە؟ (پێیان وایە خاڵی هاوبەشیان نییە).

جار هەیە لەوەند بێزار دەبێت چونکە ڕوخساری جیاواز دیارە. هەروەها میران.

**3**- جیاوازیی دیکە چین منداڵ پێیان بێزار دەبێت؟ (هاندیکاپ، زایەند، زمان، پۆشاک و هتد).

گاڵتەپێکردن هەمیشە بە سۆیە. تەنانەت گەر بە شۆخیش بێت. کارێکی ڕەوا نییە گاڵتە بە کەسێک بکەیت لەبەر ئەوەی وەک تۆ نییە.

کاتێک لەوەند و میران تووشی یەک هاتن، لەوەند بە نیگارکێشی و میران بە کۆمپیوتەرەوە خۆی خەریک کرد. سەرەتا، هەردووکیان شەرمیان دەکرد.

**4**- بۆچی شەرمیان دەکرد؟ (لە فێرگە بە ئاستەم یەکتریان دواندووە).

میران ئازا دەبێت و سەلام دەکات. گەمەی کۆمپیوتەرەکەی پێشانی لەوەند دەدات و پێکەوە وازی دەکەن. کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و دەبنە هەڤاڵ.

(وشەی «پێشداوەری» لەسەر بۆردەکە بنووسە). دەشێت گوێتان لەم وشەیە بووبێت. ڕەگی وشەی «پێشداوەری» بریتییە لە «داوەری =حوکمدان». پێشگری «پێش»

خراوەتە سەر ڕەگی وشەی «داوەری». پێشداوەری ئەوەیە بڕیارێک دەربارەی کەسێک دەدەن پێش ئەوەی تەنانەت بیناسن. ئەمەش کارێکی ناڕەوا و بە سۆیە.

5- «پێشداوەری» ی میران و لەوەند بەرانبەر یەک چی بوو؟ (بەر لەوەی یەک بناسن، بڕیاریان دابوو خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە).

6- ڕووی داوە هەستت کردبێت لە هەموو ئەوانەی دیکە جیاوازیت؟ هەستت بە چی کرد؟

هەموومان بە شێوەیەک جیاوازین. هەیە تەواو باڵابەرزە، هەیە چاوی شینە، هەیە زمانی زگماکی جودایە. لەوانەیە جیاوازی هەستێکی نائارامی پەیدا بکات. بەڵام ئەگەر بەتەنها بیر لە جوداوازییەکانی خۆمان بکەینەوە ئەوسا خاڵی هاوبەش و وێکچوومان لەبیر نامێنێت و دەرفەتی دۆست پەیداکردنمان لە دەست دەچێت.
لەوەند و میران دەرفەتیان بۆ ڕەخسا ببنە هەڤاڵ. ئەوەتا خاڵی هاوبەش دەدۆزنەوە. هەردووکیان لە کۆمپیوتەر دەزانن و هەمان جۆر کتێبیشیان لا پەسەندە. دەمی سەردانی ماڵی یەکتر، خواردەمەنیی نوێش دەخۆن و شارەزای نەریتی جیاوازی خێزانی یەکتر دەبن.

7- لە فێرگە، بەشێک لە هەڤاڵانی لەوەند گاڵتەی پێ دەکەن چونکە فراڤین لەگەڵ میران دەکات. لەوەند چی بکات باشە؟ (ڕایان بگرێت و ڕێیان نەدات. میرانیان پێ بناسێنێت).

لەوەند پێیان دەڵێت واز بهێنن. ئاگاداریان دەکات کە میران ئێستا هەڤاڵی خۆیەتی. میران بە ئەوان دەناسێنێت و دەڵێت دەزانیت ئەوانیش خۆشیان دەوێت.

## چالاکی

داوا لە فێرخوازان بکە دوو دوو دابەش ببن و دوو بازنە پێک بهێنن. ژمارە «یەکەکان» لە دەرەوە و ژمارە «دووەکان» لە ناوەوە بن. هەردوو بازنەکە ڕوو بە ڕووی یەکتر دابنێ بۆ ئەوەی هەموو یەکێک ببێتە جووت. پاشان داوا لە هەر جووتێک بکە وەڵامەکان بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە باس بکەن. بۆ ئاسانی ئاماژەپێدان، وەڵامەکان لەسەر پەڕەی پۆستەر یاخود بۆردەکە بنووسەوە.

- کتێبی پەسەندم بریتییە لە ........
- بچووکترین بابەتی پەسەندم لە فێرگە بریتییە لە ........
- گرووپی موزیکی پەسەندم بریتییە لە ........
- کە گەورە دەبم، دەمەوێت ببمە .........

پاش باسکردنی وەڵامەکان، داوا لە ژمارە دووەکان بکە یەک جێگە ڕووەو چەپ بجووڵێن و پرۆسەکە دووبارە بکەنەوە.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ دەربارەی سەلماندنی جوداوازی و سەرنجدانە وێکچوونەکانمان فێر بووین. دەمی پێشداوەری دەبین، بە تەنها سەرنج دەدەینە سەر جوداوازی و دەرفەتی باشتر جێ خۆکردنەوە و دروستکردنی هەڤاڵی زیاتر لە دەست دەدەین. تا زیاتر کەسێک بناسین، زیاتر وەک تاکە کەس بەو کەسە دەزانین.

### گواستنەوەی زانیار

**«خەیاڵی ئەمڕۆ»:** داوا لە فێرخوازان باسێکی خەیاڵکرد پێشکەش بکەن دەربارەی هاوکارییان لەگەڵ هاوپۆلێک کە باشی ناناسن.

## چالاکیی دیکە

داوا لە هەموو منداڵێک بکە کارتێک ساز بکات، دیوی پێشەوەی ناوی خۆی لەسەر بێت. دیوی ناوەوە لیستەیەک بێت بە چەند خەسڵەتێکی باشی منداڵەکە کە خۆی لە خۆیدا ببینێت و پێی خۆش بێت کەسانی دیکە بیزانن. بۆ نموونە: بیسەرێکی باشم، ڕووخۆشم، پێم خۆشە شارەزای بابەتی نوێ ببم. جەخت بخە سەر ئەوەی دەبێت منداڵەکە خۆی ئەم خەسڵەتانە دیاری بکات نەک کەسانی دیکە. داوا لە فێرخوازان بکە خەسڵەتەکانی خۆیان بەراورد بکەن. وێکچوون و جیاوازییەکان بدۆزنەوە. ئەم خەسڵەتە باشانە دەرفەتی دۆستایەتییان زیاد دەکات و لە پێشداوەری دووریان دەخاتەوە.

# بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## دەربارەی بەشی دووهەم

مەبەستی ئەم بەشە کزکردنی ڕەفتاری جرپنانە و دڕی منداڵە، ئەویش لە ڕێی فێربوونی سێ هونەری کاراوە: خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار:

- **خۆئارامکردنەوە** هونەری کۆنترۆڵی هەست بەکار دەهێنێت بۆ جڵەوگرتنی جرپنی. **جڵەوگرتنی جرپنی** دەڵێ وچان بگرە و بیری لێ بکەوە، پەنا مەبە یەکەم بیرۆکەی بە خەیاڵدا دێت.
- **چارەی کێشە** چەند هەنگاوێکە بۆ چارەی ناکۆکیی نێوان خەڵک.
- **ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار** چارە لە سێ تا پێنج کورتەهەنگاودا کۆ دەکاتەوە و ڕەفتاری تایبەتی پێشان دەدات بۆ پیادەکردنی چارەی دیاری کراو.

## خاڵی سەرەکی

### پۆستەری «خۆئارامکردنەوە»

- وچانێک بگرە و بیر بکەوە.
- لە خۆت بپرسە: «لەشم هەست بە چی دەکات؟» (فێرخواز بەرتەکی فیزیکی هەستی بەهێز دەناسنەوە).
- هەوڵ بدە: سێ هەناسەی قوڵ هەڵمژە، پشتەوژمێری خاو، خەیاڵ لە بابەتی خاوکەوە گیر بکە (بە بەکارهێنانی سکە هەناسە، لە لووتەوە هەناسە هەڵمژە و لە دەمەوە هەناسە بدە).

**پۆستەری «چارەی کێشە»**

**1**- کێشەکە چییە؟ (چارەی کێشە بریتییە لە پێنج هەنگاو). (دیاریکردنی کێشەکە بە بەکارهێنانی نیشانەگەلی زارەکی، ڕوخسار، لەش و دۆخەکی).

**2**- چارە چییە؟ (بیرۆکەبارانە).

(«بیرۆکەباران»: brainstorming - میتودێکە بۆ کۆکردنەوەی بیرورِا دەربارەی مەسەلەیەکی تایبەت بێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕەخنە و سانسوورێک بکەینە لەمپەڕ. پاش کۆکردنەوەی بیرۆکەکان ئەوجا پرۆسەی نرخاندنیان دەست پێ دەکات نەک کاتی پێشنیازکردنیان)

**3**- بۆ هەر چارەیەک، لە خۆت بپرسە: ئایا سەلامەتە؟ ئایا بە لای خەڵکەوە چۆنە؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی دەبێت؟ (هەڵسەنگاندنی چارەسەر لە ڕێگەی پێشبینیکردنی دەرئەنجام/دەرهاویشتە).

**4**- چارەیەک هەڵبژێرە و (بە پیادەکردنی هونەری ڕەفتار، چارەکە پیادە بکە).

**5**- ئایا سوودی هەیە؟ ... ئەرێ ، ئەگەر نا، چی بکەم باشە؟ (هەڵسەنگاندنی هەر چارەیەک، ئایا سوودبەخشە یان نا، گەر نا، بچۆوە خاڵی سەرەوە).

**بیردانەوە** تەواوکاری پرۆسەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشەیە. فێرخواز لە چەندین وانەدا بیردانەوەی خۆی دەربارەی نەخشی خۆی دەکاتە ڕاپۆرت.

**ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار** ئاماژە دەدات بە وردکردنەوەی چارەسەر بۆ سێ تا پێنج هەنگاوی کورت. هونەرێکی گرنگە فێرخواز فێر بێت هەنگاوەکانی ڕەفتاری خۆی بۆ ئەو ئامانجی دیاری کراو، بدۆزێتەوە. ئەم هەنگاوانەن دەبنە بناخەی سەرکەوتنیان لە بەشی ڕۆڵوازیی نێو وانەکان. دەشکرێت هەنگاوەکان بکرێنە ڕێنوێنی بۆ فیدباکی ڕۆڵوازییەکە.

**بیرکردنەوەی ئاشکرا** پرۆسەیەکە تێیدا منداڵ بەدەم فێربوون و پیادەکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» وە - بە دەنگی بەرز لە هونەرەکان دەدوێن. ئەم «بیرکردنەوە ئاشکرا» یە منداڵ کێش دەکات بەرەو پرسیار و وەڵام دەربارەی هەنگاوەکانی چارەی کێشە.

بەکارهێنانی **«پەڵەبیر»** لە میانەی ڕۆڵوازیی نێو وانەکاندا (بڕوانە ڕێنامەی مامۆستا) کۆمەک بە فێرخوازان دەکات تەکنیکی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بەکار بێنن. بە ڕاهێنان منداڵ فێری هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» دەبن، ئەوسا دەتوانن هەنگاوەکان، بە بێدەنگی، لە هۆشی خۆیاندا بڵێنەوە.

### سەرچاوە

Camp, B. W., and Bash, M. S. (1981). *Think Aloud: Increasing Social and Cognitive Skills—A Problem-Solving Program for Children* (Primary level). Champaign, IL: Research Press.

### چەمکی زمانەکی

زۆر چەمکی زمانەکی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون لە بەشی دووهەمدا بەهێز دەکرێن. پەیوەستەی وەک «ئەگەر - ئەوا»، «بۆچی - چونکە» و «لێکچوو - جودا» تێکهەڵکێشی هونەری «چارەی کێشە» دەکرێن. سەرباری ئەوەش، هەندێ وشەگەل و دەستەواژەی تازەی سەرەکی دەخرێنە ڕوو. فێرخواز فێر دەبێت:

- کێشە چییە و چۆن چارەی دەکات.
- بیرۆکەبارانە بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشە بەکار بهێنێت.
- پێشبینیی لە ئەنجامەکانی چارەکە بکات.

## لیستەی چەمکەکانی بەشی دووهەم

بیرۆکەبارانە، قۆپیەکردن، لێبووردن، دەرئەنجام/دەرهاویشتە، هەڵسەنگاندن، دەنگۆ، سەرڕاست، جرپنی، سەروەری (کەرامەت)، زیانی درێژخایەن، هاوتەمەن، فشاری کۆڕی هاوتەمەن، دەستکەوتی کورتخایەن، چارەسەر، بیرکردنەوەی ئاشکرا، متمانە.

## گرنگیی ئەم بەشە

گرفتی هەڵکردنی جڤاکی و جڵەوگرتنی جرپنی وابەستەن بە:

- هەڵچوونی تووڕەیی.
- نەسەلماندن لە لایەن بەرانبەرەوە.
- ڕەفتاری دڕانە.

## وانەکانی بەشی دووهەم

1- **وانەی یەکەم:** دەروازەیەک بەرەو جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە – سەرنجێکی گشتی ڕەفتاری جرپنانە، پیادەکردنی تەکنیکی خۆئارامکردنەوە و هونەری چارەی کێشە.

2- **وانەی دووهەم:** بەرگرتن لە درۆکردن – بەرگرتن لە جرپنیی درۆکردن بە پیادەکردنی هونەری چارەی کێشە.

3- **وانەی سێهەم:** چارەی فشاری دەوروبەر – بەکارهێنانی هونەری «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» و «چارەی کێشە» بۆ بەرگرتن لە فشاری کەسانی بەرانبەر.

4- **وانەی چوارەم:** چارەی دەنگۆ – ناسینەوەی دەنگۆ و بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.

5- **وانەی پێنجەم:** بەرگرتن لە گزی – بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە بۆ بەرگرتن لە جرپنیی گزی.

6- **وانەی شەشەم:** بەرگرتن لە دزی - بەکارهێنانی چارەی کێشە بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزیکردن.

بەر لە دەستپێکی وانەکان، کات بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە بۆ ئەوەی بتوانیت دۆخەکان وەها ساز بکەیت کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازەکان بێت. وێنەی ڕۆڵوازیی کارتەکان کۆپی بکە و بەسەر فێرخوازاندا دابەشیان بکە.

**تێبینی دەربارەی گەشەسەندن**

**پێناسە و بابەتی گرنگ**

ئەو منداڵەی سەرکەوتووانە جڵەوی جرپنی دەگرێت و کێشە چارە دەکات:

- دەتوانێت هەستی خۆی ڕاگرێ.
- لێکدانەوەی وردی دەبێت دەربارەی دۆخی جڤاکی.
- لە پەیوەستەی «هۆکار و ئەنجام» دەگات.

- ڕێساگەلی پەسەندی ڕەفتاری جڤاکی دەناسێت.
- لە ئاست کێشەی جڤاکیدا چەندین وەڵامی پەسەندی دەبێت.

توانای چارەی کێشە لای منداڵ بەندە بە فێربوونی توانای هاوسۆزییەوە.

منداڵی پلەی خوێندنی بەرزی بنەڕەتیی:

- توانای هەیە هونەرگەلی چارەی کێشە دەرک بکات،
- دەسەڵاتی هەیە بەسەر چەندین ڕەفتارگەلی جرپنانەدا.
- چەندین هونەری جڤاکدۆستیی بۆ چارەی کێشەی نێوان خەڵک بەکار دەهێنێت.
- لە زۆربەی دۆخەکاندا، لە دڕیی فیزیکی دوور دەکەوێتەوە.

لە پلەکانی سەروو سەرەتاییدا، هەتا دێ هونەری چارەی کێشە لە لای منداڵ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشە دەکات.

**گواستنەوەی زانیار**

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستادا** خراونەتە ڕوو، یارمەتیی ڕاهێزانی تواناکانی فێرخواز دەدات.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ»**. لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار وەک دان و وەرگرتنی ستایش یاخود سازدانی گفتوگۆ تێهەڵکێشی چالاکیی ڕۆژانە دەبن.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتی فێرخواز بدە ڕاهێزانی خۆڕسک بدۆزنەوە، بۆ نموونە (بێستوون داوای نۆرە دەکات بۆ یاری تۆپانە):

- **گەر مرۆڤ بە جوانی داوای نۆرە بکات بۆی دەچێتە سەر.**

**«یادی ئەمڕۆ».** پرسیار لە فێرخوازان بکە ئەو کاتانە دیاری بکەن کە توانایەکی دیاریکراویان تێدا بەکار هێناوە:

- **کێ ئەمڕۆ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کێشەی چارەسەر کردووە؟ چیت کرد؟**
- **کێ ئەمڕۆ پەیمانێکی بردۆتە سەر؟ چیت کرد؟**

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**چالاکیی دیکە**

ئەمانەی خوارەوە پێشنیازگەلێکن بۆ تێکبەستنی بابەتەکانی بەشی دووهەم بە بابەتی دیکەوە.

1- داوا لە فێرخوازان بکە نموونەی هەنگاوی چارەی کێشە لە چیرۆکێکی پەسەندکراودا بە وێنە ڕوون بکەنەوە. (هونەر)

2- داوا لە فێرخوازان بکە، دەربارەی دۆست پەیداکردن، دیدار لەگەڵ هاوپۆل، مامۆستا و کارمەندانی فێرگەکەیان، خێزان و هاوسێ بکەن. ئەمەش نموونەی پرسیار:

- تۆ چۆن هەڤاڵ پەیدا دەکەیت؟
- تۆ تازە هاتوویتە ئەم کۆڵانە، چۆن هاوڕێ بۆ خۆت پەیدا دەکەیت؟
- چی دەکەیت بۆ ئەوەی کەسێکی تازە هاتۆتە پۆلەکەتان هەست بە نامۆیی نەکات.

سەرلەبەری وەڵامی گشت فێرخوازان لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوێک لە کتێبەکە بنێن. ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە بدەن بە پۆلەکانی دیکە و بە کتێبخانەی فێرگەکەی خۆتان. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان)

3- گریمان فێرخوازان گەشتێکی دەشت یان سەرچیا دەکەن. دەستەیەکی چوار کەسین و دەبێت پێنج بابەتی زۆر پێویست و گرنگ لەگەڵ خۆ ببەن بۆ ئەو گەشتە. پاش پێنج دەقیقە لە گرووپەکە بپرسە:

- چیتان بڕیار دا؟
- چۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە؟
- لەم هاوکارییە فێری چی بوون؟

(بیری ورد، سروشتناسی، زانست)

4- داوا لە فێرخوازان بکە «شارەفتاری ڕۆژ»یان بنووسن. مەبەست لە «شارەفتار» ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گەشە بەرانبەر بە کەسانی دیکە. هەفتەی وانەیەک بۆ «شارەفتاری ڕۆژ» تەرخان بکەن، فێرخواز باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن. (زمان)

5- داوا لە فێرخوازان بکە بە وێنەکێشان یان بە نووسین هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» / بەشی ڕۆڵوازی – بەسەر بکەنەوە کە خۆیان پیادەیان کردبێ یان

سەرنجیان دابێ. بۆ نموونە دەشێت فێرخوازێک دەربارەی کاتێک بنووسێت کە هەنگاوگەلی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»ی بەکارهێناوە. (زمان و هونەر)

6- با فێرخوازان دوو لەم پۆل و دوو لەو پۆل، دەستەیەک پێک بێنن و پێکەوە هەوڵ بدەن هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەن بە سیناریۆ و پەڵەبیری بۆ بکێشن. داوا بکە گرووپی چوار کەسی پێک بێنن و دیمەنێک دابڕێژێن و پیشانی بدەن کە پەڵەبیر بەکار دێنێت و زانیاری فێرخوازان بۆ هەنگاوەکان پیشان دەدات کە پەیوەندی هەیە بە کێشەیەکی دیاری کراو کە تێبینیان کردووە. (زمان، دراما)

7- داوا لە فێرخوازان بکە، بە نووسین ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە لە ڕۆژانی پشوودا هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پیادە دەکەن، بۆ نموونە «چارەی فشاری دەوروبەر». یەکەم ڕۆژی پشوو، فێرخوازان ژمارەکان بە گرافیک و دایگرام پیشان بدەن. (ماتەماتیک، هونەری گرافیک)

8- کاتێک لە پۆلدا چیرۆک بۆ فێرخوازان دەخوێنیتەوە، گەر باس لە کێشە کرا، وچانێک بگرە و داوا لە فێرخوازان بکە کێشەکە دیاری بکەن و چارەی بۆ بدۆزنەوە بە بەکارهێنانی هەنگاوگەلی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو». ئەوجا داوایان لێ بکە دیدی خۆیان لەگەڵ بەرهەمی نووسەرەکەدا بەراورد بکەن. خاڵی جیاواز و وێکچوو دیاری بکەن. (زمان)

9- داوا لە فێرخوازان بکە گوتاری ڕۆژنامە بهێنن باس هەم لە کێشە و هەم لە چارەسەر بکات. فێرخوازێک هەڵبژێرە تا بەدەنگی بەرز بەشی «کێشە»ی گوتارەکەی بخوێنێتەوە. پاشان داوا لە پۆلەکە بکە هەنگاوەکانی چارەی کێشەی

بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکاربهێنن بۆ هەڵبژاردنی چارەسەرێکی پەسەند. دواجار، داوا لە فێرخوازەکە بکە چارەسەری نێو گوتارەکە بخوێنێتەوە و ڕێبەریی پۆلەکە بکە لە گفتوگۆیەکدا بۆ بەراوردکردنی چارەسەرەکەیان لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕاستی بەکارهاتووە. لێرەدا ئاستی هونەرکارانەی فێرخوازانی پۆلەکەت بۆ دیار دەبێت. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان)

10-چالاکیی ژمارە 9 دووبارە بکەنەوە، ئەم جارە تێکستی سەر بە ئەدەب یاخود لێکۆڵینەوەی جڤاکی بەکار بهێنن. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان)

11-داوا لە فێرخوازان بکە دیدارەکەی «مارتن لوتەر کینگ» و ڕاوێژکارەکانی خۆی بۆ داڕشتنی پلانی بایکۆتی پاسی مۆنتگۆمری لە ئەلەباما، بکەنە بابەتی ڕۆڵوازی. هەنگاوەکانی چارەی کێشەی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» وەک ڕێنامە بەکار بهێنە. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان، دراما)

12-داوا لە فێرخوازان بکە چالاکی ژمارە 11 لەگەڵ ڕووداوی مێژووکردی دیکەدا ساز بکەن. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

## کتێب

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

### وانەی یەکەم: دەربارەی جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

**هونەری جڤاکی** شێوازێکن بۆ هەڵکردن لەگەڵ خەڵکدا.

ناسینەوەی ڕەفتاری جرپنانە و دەرهاویشتەیان هونەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی هونەری جڤاکیی ئایەتی (پۆزەتیڤ).

تەکنیکی خۆئارامکردنەوە دەتوانێت ڕەفتاری جرپنانە کەم بکاتەوە.

هونەری چارەی کێشە بۆ چارەکردنی کێشەکانی نێوان خەڵکە.

## چەمکی زمانەکی: جرپنی، چارەسەر، بیرۆکەبارانە، هەڵسەنگاندن، بیرکردنەوەی ئاشکرا

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- پێشاندانی هونەری خۆئارامکردنەوە.
- دیاریکردنی دەرهاویشتەکانی کردەوەی جرپنانە.
- باسکردنی کێشە لە ڕوویەکی بێلایەنانەوە.
- دۆزینەوە چارەی پەسەند بۆ کێشە.
- هەڵسەنگاندنی ئاخۆ چارەی هەڵبژاردە کارا بوو یان نا.
- دۆزینەوەی چارەیەکی دیکە، گەر ئەوەی پێشوو کارا نەبێت.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی پێنجەم: «بایسیکلەکە».

- تەلەڤیزیۆن و ئامێری لێدانی ڤیدیۆ.
- پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: چارەی کێشە.
- نامەیەک بۆماڵەوە، ژمارە 3، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

ئەم وانەیە سەرنجێکی گشتی هونەری خۆئارامکردنەوە و هەنگاوەکانی چارەی کێشە دەخاتە ڕوو.

گرنگە فێرخوازان فێر بکەیت بێلایەنانە باسی کێشە بکەن.

پێشتر تەماشای کاسێتی ڤیدیۆکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بە دوو دانیشتن پێشکەشی بکەن، بەڵام دوو ڕۆژیان پتر نێوان نەبێت.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ باس لە بەرتەکی هەمەجۆری مرۆڤ بەرانبەر دۆخێک، دەکەین. سەرەتا تەماشای ڤیدیۆیەک دەکەین دەربارەی سێ کوڕ. سەرنج بدەنە دۆخەکە و چۆنێتیی مامەڵەی هەر کوڕێکیان لەگەڵ دۆخەکەدا.

فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ.

**1**- ڕۆبەرت هەست بە چی دەکات؟ (پەشۆکاوە، ترساوە، دوودڵە، تووڕەیە).

«جرپنی» بریتییە لە کردارێکی لەناکاو دەیکەیت یاخود دەتەوێت بیکەیت. کاتێک کێشەیەک دێتە پێش، کرداری جرپنانە، بێ بیرکردنەوە دێنە پێش. جرپنی هەیە باشە، وەک خۆلادان لە ئۆتۆمبێلی خلیسکێنە. بەڵام زۆربەی کرداری جرپنانە کێشە دروست دەکەن.

**2**- چ ڕەفتارێکی جرپنانەت بینی لە ڤیدیۆکەدا؟ (هەڵگەڕان بە پەرژیندا بۆ دزینی بایسیکلەکە).

زۆر گرنگە، لە بری ڕەفتاری جرپنانە، خۆت ئارام بکەیتەوە، وچانێک بگریت و بیر لە دۆخەکە بکەیتەوە. ئەمە یارمەتیت دەدات ئامادە بیت بۆ چارەی کێشە. ئەمەش چەند هەنگاوێکی خۆئارامکردنەوە. (ئاماژە بە پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» بکە).

**3**- ڕۆبەرت چی بکردایە بۆ خۆئارامکردنەوە، باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، خۆدواندن).

وەرن بەیەکەوە ئەو هونەرانە بنوێنین. لە ڕێی «سکەهەناسە» وە سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژە. وەهای بیر لێ بکەوە بۆنی شۆربایەکی گەرم دەکەیت، بە هێمنی بە لووت هەناسە هەڵدەمژیت. پاشان شۆرباکە بە فوو سارد دەکەیتەوە، بە هێمنی بە دەم هەناسە دەدەیتەوە. ئادەی با پێکەوە سێ هەناسەی قووڵ هەڵمژین.

ئەوجا پشتەوژمێری خاو (لە ژمارە پێنجەوە - گەر زۆر تووڕەیت لە ژمارە دەوە - دەست پێ بکە).

بیرکردنەوە لە بیرۆکەی ئارامبەخش زۆرتر ئەو دەمە سوودی دەبێت کە هەست دەکەیت شتێک ڕوو دەدات تۆ پێی تووڕە دەبیت. هەروەها کاتێک کە تووڕە و تەنیایت، بۆ نموونە ڕێسای ماڵەوەت بەزاندووە، وەک سزا ڕەوانەی ژوورەکەی خۆت کراویت. ئەمەش نموونەی بیرۆکەی ئارامبەخش: ____________. (باس لە ئەزموونی خۆت بکە).

خۆدواندن بۆ ئەوەی ئارام ببیتەوە هونەرێکە زۆرجار لە لایەن وەرزشکاران و موزیکژەنانەوە بەکار دێت. گوتەی وەک «دەتوانم سازی بکەم» یاخود «هێمن بەوە» کۆمەکی خۆئارامکردنەوەت دەکات.

فۆتۆکە پێشان بدە.



با پێکەوە بگەڕێینەوە لای ڕۆبەرت و چۆمان و کەیوان. ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە یەکی «چارەی کێشە» بدە.

**4**- ڕۆبەرت ڕووبەڕووی چ کێشەیەک دەبێتەوە؟ (دەزانێت نەدەبا بایسیکلەکە بدزێت، بەڵام ناشیەوێت هەڤاڵەکانی لە دەست بدات). ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە دوو بدە.

**5**- چارەی پەسەند بۆ کێشەکەی ڕۆبەرت چییە؟ با پێکەوە لیستەیەک لەسەر پەڕەی پۆستەرەکە بۆ هەموو ئەو چارەسەرانە ساز بکەین کە بە بیرماندا دێن.

(هەڤاڵەکانی خۆی ڕازی بکرادیە بایسیکلەکە نەبەن. بەشدار نەبا لە بردنی بایسیکلەکە. دوور بکەوتایەتەوە). بەمە دەگوترێت «بیرۆکەبارانە».

ڕۆبەرت لە دۆخێکی سەختدایە. لە دوو لاوە ڕادەکێشرێت. دەچینەوە سەر فیلمەکە تا بزانین چ بڕیارێک دەدات.

فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ. ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە سێ بدە.

6- ڕۆبەرت چ پرسیارێکی کرد بۆ هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکان؟ (ئایا سەلامەتە؟ هەستی خەڵک چی دەبێت؟ ئایا ڕەوایە؟ ئایا سوودی دەبێت؟) ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە چوار بدە.

7- ڕۆبەرت بڕیاری دا کامە چارەسەر بەکار بێنێت؟ (بۆ هاوڕێکانی ڕوون کردەوە بۆ نابێت دزیی بکەن). ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە پێنج بدە.

8- چارەسەرەکەی ڕۆبەرت سوودی هەبوو. بەڵام چی دەبوو ئەگەر کەیوان و چۆمان ئامۆژگاریەکەیان فەرامۆش بکردایە و بڕیاری بردنی بایسیکلەکەیان بدایە؟ گەر یەکەم چارەسەر بێسوود با، ڕۆبەرت چی کردبا باش بوو؟ (دوور بکەوتایەتەوە. بە سەریاندا بهاتایە).

## ڕۆڵوازی

وەرن چەند «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەینە ڕۆڵوازی. هەر دووانە و گرووپێک ساز دەکەن. یەکێک دەبێتە ڕۆبەرت و خەریکی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» دەبێت. ئەوەی دیکە هەنگاوەکانی دیکەی نێو پرۆسەکە ئەنجام دەدات. سەرەتا لەگەڵ دڵخوازێکدا پێشانی دەدەین. (فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە و چەند خولەکێک وەرگرە بۆ ڕاهێنانی فێرخوازەکە).

(پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی ڕۆبەرت وازی بکە). دەبێت سەرەتا خۆم ئارام بکەمەوە و بیر بکەمەوە. ئەوجا پشتەوژمێری خاو: 5، 4، 3، 2، 1. فێرخواز دەڵێت: «کێشەکە چییە؟ کێشەکە ئەوەیە نامەوێت لە دزینی بایسیکلدا تێوە گلێم، بەڵام ناشمەوێت هاوڕێکانم لێ پەست بن». بڵێ: چارە چییە؟ دەمتوانی هەوڵ بدەم گفتوگۆ لەگەڵ بەرانبەر بکەم و پێیان بڵێم بوەستن. دەمتوانی بەشدار بم و کۆمەکم بکردنایە بایسیکلەکە بەسەر پەرژینەکەدا ببەن. دەمتوانی پێیان بڵێم یارمەتیتان نادەم و بڕۆیشتمایە. فێرخواز دەڵێت: «چی ڕووی دەدا ئەگەر کۆمەکی دزینی بایسیکلەکەم بکردنایە؟ ئایا سەلامەتە؟ ..... « تۆ و فێرخوازەکە پرسیار و وەڵامی چوار پرسیاری هەڵسەنگاندن بۆ هەموو چارەیەک ئاڵوگۆڕ بکەن. لە کۆتاییدا، بڵێ: پێم وایە هەوڵ دەدەم گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەم و پێیان دەڵێم بوەستن. فێرخواز دەپرسێت: «ئایا چارەکە سوودبەخش دەبێت؟ ئەگەر وانەبوو، دەبێت هەوڵی چارەیەکی جودا بدەم».

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووین؟ هەنگاوەکانی چارەی کێشەمان ڕەچاو کرد؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. چەند خولەکێک کات بدە بە فێرخوازان تا پلان دابنێن و ڕۆڵوازی لەگەڵ هاوبەشەکانیان بکەن. بیریان بخەوە، کاتێک ئەمیان هەنگاوەکان پیادە

دەکات، ئەوەی دیکە ئاماژە بە پۆستەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بدات. دوو، سێ چارەی پەسەند دیاری بکەن.

لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- پارچەیەک لەو کێکەت دەوێت کە دایکت بۆ ئۆفیسەکەی دروست کردووە.
- بۆ بەشداری لە یاریی فێرگەدا، پێویستە توانادۆزی (تاقیکردنەوە)ی ماتەماتیک ببڕیت. تۆێش بە تەمایت گزی (قۆپیە) بکەیت.
- هیچ پارچە جلێکی خاوێنت نییە و دەتەوێت یەکێک لە کراسەکانی براکەت لەبەر بکەیت.
- دەبینی کەسێک بە ڕێکەوت پارەی لێ دەکەوێتە سەر شۆستەی شەقام و دەڕوات
- پێویستیت بە کاخەزی زیاترە بۆ کارێکی هونەری، بەڵام تازە بەشی خۆی بەکار هێناوە.
- دەتەوێت ئەو لیستۆکەی هاوڕێکەی لە ماڵی تۆ لەبیری چووە، هەڵگریت بۆ خۆت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ باسمان لەوە کرد مرۆڤ کاتی کێشە، بەرتەکیان چۆنە. فێر بووین کاتی کێشە باشترین کار ئەوەیە وچان بگریت، بیر بکەیتەوە و خۆت ئارام بکەیتەوە نەک خێرا ڕەفتارێکی جرپنانە بنوێنیت. چەند هونەرێکی خۆئارامکردنەوەمان پیادە کرد. پاشان هەنگاوەکانی چارەی کێشەمان بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی کێشەکە، ڕیزکردنی چارەی پەسەند، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی چارە. باسی ئەوەشمان کرد چی بکەیت ئەگەر

یەکەمین چارەمان سوودی نەبێت. فەرموون لەگەڵ کۆپیی پۆستەری «چارەی کێشە» بۆ ئەوەی هەتان بێت، هەر کات پێویستت بوو تەماشای بکە. (بڵاوکراوەکان دابەش بکە).

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 3، بەشی دووهەمی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

فێرخوازان ڕابهێنە کاتی کێشە بە ئاشکرا بیر بکەنەوە. فێریان بکە بیرۆکەبارانەی هەموو چارەیەکی پەسەندکراو بکەن پاشان چارەکان هەڵسەنگێنن. پاش هەموو پێشنیازێک، بڵێ: «ئەوە بیرۆکەیەکە. بیرۆکەیەکی دیکە؟»

**چالاکیی دیکە**

1- داوا لە فێرخوازان بکە بیر لەوە بکەنەوە گەر یەکەم چارەی **ڕۆبەرت** سوودی نەبوایە و دوور بکەوتایەتەوە، چی ڕووی دەدا؟ چی بەسەر چۆمان و کەیوان دەهات؟ ئایا دۆستایەتییان لەگەڵ **ڕۆبەرت** دەما؟ لەم ڕووداوەدا **ڕۆبەرت** چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەستی خۆی دەکرد؟

2- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی کێشەیەک بنووسن کە لەگەڵ بەرانبەردا هەیانبووە. چوار چارە چین بۆ ئەو کێشەیە؟ ئەنجامەکانی هەر چارەیەک چییە؟ کامە چارە بە بۆچوونی ئەوان سوودی دەبێت؟

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی دووهەم: بەرگرتن لە درۆکردن

## چەمک

ڕاستگۆیی ڕێگەیەکی گرنگە بۆ بەرپرسایەتیی لە ڕەفتاری خۆ.

## چەمکی زمانەکی: متمانە، ئەنجام

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی ئەنجامی درۆکردن.
- دیاریکردنی سوودەکانی ڕاستگۆیی.
- بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

- پۆستەر: «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ فێر دەبن درۆ بکەن بۆ خۆپاراستن لە ئەنجامێکی لێی دەترسن. ترسەکانیان بناسە و فێریان بکە دروستیی ترسەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن. جار هەیە دروستە (وەک ئەو دەمەی لەماڵێکی خراپدان یاخود لە ژێر فشاری دەوروبەردان بۆ ڕەفتاری مەترسیدار).

بەگشتی بارودۆخ باشتر دەبێت کاتێک منداڵ بەرپرس بێت لە ڕەفتارەکانی خۆی. منداڵ دەتوانێت خۆی فێر بکات دۆخەکان جودا بکاتەوە و بزانێت کەی درۆ پێویستە بۆ خۆپارستن.

ئەم وانەیە بە چەمکەی بەرپرسایەتی و متمانەدا دەچێتەوە. بۆ منداڵانی ڕوون بکەوە کە درۆکردن زیانی درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە، دەرهاویشتەی درۆکردن لەدەستدانی متمانەی خەڵکییە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن بەر بە جرپنیی درۆکردن بگرین.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمانە «چنار» و «مارگەریت» و «تینا»ن. مارگەریت هەمیشە باس لەوە دەکات چۆن لە هەموو شتێک باشترین بەشی هەیە. چنار خۆهەڵکێشانەکەی مارگەریتی لا خۆش نییە. بەڵام تینای هاوڕێی چنار کەوتۆتە بەر تاوی مارگەریت. کاتێک مارگەریت پرسیار لە چنار دەکات باوکی چ کارەیە، چنار بەدەم هەستێکی درۆکردنەوە، دەڵێت باوکم نەشتەرکاری مێشکە.

1. کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (خۆهەڵکێشانی مارگەریت چنار بێزار دەکات. چنار وا هەست دەکات لە وەڵامدا درۆ دەکات).

2. بۆچی چنار وا هەست دەکات دەربارەی باوکی خۆی درۆ دەکات؟ (دەیەوێت ڕکابەری مارگەریت بکات). چی دەبێت گەر چنار دەربارەی باوکی خۆی درۆ بکات؟ (منداڵان باوەڕیان پێی نامێنێت. هەستێکی ناخۆش دایدەگرێت).

گەر بزانین کەسێک ڕاست ناڵێت، ڕاستگۆ نییە، لەوانەیە چی دیکە متمانەی پێ نەکەین. ئەمە «ئەنجام»ی درۆکردنە.

3. «متمانە» چییە؟ (ئەوەیە هەست دەکەین گوتەی کەسی بەرانبەر ڕاستە و دەکرێت پشت بەو کەسە ببەستین).

4. گەر چنار درۆ بکات، لای کێ متمانەی نامێنێت؟ (دۆستانی خۆی، خۆی).

5. گەر چنار ڕاستگۆ بێت سوودی چییە؟ (دۆستەکانی متمانەی پێ دەکەن. پێویستی بە شاردنەوەی هیچ نابێت).

6. چارە چییە؟ (دەربارەی کاری باوکی خۆی درۆ بکات. مارگەریت فەرامۆش بکات. هەستی خۆی بەرانبەر خۆهەڵکێشانی مارگەریت بۆ مارگەریت ڕوون بکاتەوە. دۆستی نوێ پەیدا بکات).

7. چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

چنار بڕیار دەدات هەستی خۆی بەرانبەر خۆهەڵکێشانەکەی مارگەریت بۆ مارگەریت ڕوون بکاتەوە. بەڵام لەبیری ناچێت «خۆئارامکردنەوە» یەکەم هەنگاوە.

8. ئایا چنار بە ڕوونکردنەوەی هەستی خۆی مەبەستی ئەوەیە مارگەریت تووڕە بکات؟ (نەخێر، چنار تەنها هەوڵ دەدات هەستی خۆی ڕوون بکاتەوە).

9. چنار بۆ ڕوونکردنەوەی هەستی خۆی چ وشەیەک بەکار بهێنێت، باشە؟ («مارگەریت، بەڕاستی من بێزار دەبم کاتێک خۆت هەڵدەکێشی. دەزانیت، پێویست ناکات وا بکەیت. خۆت چۆنی ئاوها بە»). چۆنی بڵێت؟ (بە شێوازێکی دۆستانە و ڕێک و ڕەوان). کەی بیڵێت؟ (کاتێک بە تەنیان).

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ بەرگرتن لە جرپنیی درۆکردن بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- بیر لە دەرهاویشتەکانی درۆکردن بکەنەوە. 2- ڕاستگۆ بە.

## ڕۆڵوازی

من ڕۆڵی چنار دەبینم، بە ئاشکرا بیر دەکەمەوە و هەنگاوەکانی خۆمان پیادە دەکەم بۆ ئەوەی بزانم چۆن بەرانبەر مارگەریت ڕەفتار بکەم. پاشان سەرەی ئێوەیە.
(فێرخوازێکی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی مارگەریت).

(پیشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی چنار وازی بکە. بەخۆت بڵێ:) من بە خۆهەڵکێشانی مارگەریت بەڕاستی بێزار دەبم. وا هەست دەکەم درۆیەک ساز بکەم بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت، باشە. بەڵام ئەگەر درۆ بکەم، لەوانەیە هەڤاڵەکانم پێی بزانن و متمانەیان پێم نەمێنێت، تەنانەت ئەگەر پێشی نەزانن، لەوانەیە من چی دیکە متمانەم بە خۆم نەمێنێت. (بەو فێرخوازەی ڕۆڵی مارگەریت وازی دەکات، بڵێ:) پێویست ناکات خۆت هەڵبکێشی بۆ ئەوەی ببیتە هاوڕێم. خۆت چۆنی ئاوها بە.

(پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە:) چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «بەرگرتن لە جرپنیی درۆ» مان ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

- دایکت پرسیار دەکات ئەمڕۆ چەند تەماشای تەلەڤیزیۆنت کردووە. بەشی خۆتت تەواو کردووە بەڵام تازە بەرنامەی خۆشەکەی خۆت دەست پێ دەکات.
- خوشکەکت زۆر تووڕەیە و دەپرسێت ئاخۆ تۆ، بلووزەکەی ئەوت لەبەر کردووە. تۆ بلووزەکەی ئەوت بێپرس پێکردن لەبەر کردووە.
- باوکت لێت دەپرسێت لە کوێ بوویت. دەبوایە لە گەڕەکی خۆتان بمێنێتەوە، بەڵام وات نەکرد.

### ئەنجامگیری

ڕەفتار ئەنجامی لێ دەزێت. جار هەیە ئەنجامی باش (دەرئەنجام) ـی لێ دەزێت و جاریش هەیە ئەنجامی بەد (دەرهاویشتە). ئەمڕۆ فێر بووین چۆن بەر بە جرپنیی درۆکردن دەگرین. ڕاستگۆیی ڕێگەیەکی گرنگە بۆ بەرپرسایەتیی لە ڕەفتاری خۆ. خەڵکی متمانە بە مرۆڤی ڕاستگۆ دەکەن.

### گواستنەوەی زانیار

بەردەوام باس لە هۆکارەکانی دروستبوونی متمانە بکە. ئافەرین لە فێرخوازی ڕاستگۆ بکە.

**«یادی ئەمڕۆ»:** داوا لە فێرخوازان باس لە ئەزموونێک بکەن ڕاستگۆیی تێدابێت.

### چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە: «درۆی سپی» چییە؟ دەرهاویشتەی درۆی سپی چین؟

2- چیرۆکێک بەکار بێنە «زێدەڕۆیی» تێدا بێت. نرخی ئەدەبیی «زێدەڕۆیی» ڕوون بکەوە. «زێدەڕۆیی» و «درۆ» بەراورد بکە و جیاوازییەکان پیشان بدە.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی سێهەم: چارەی فشاری دەوروبەر

## چەمک

پێشاندان و هەروەها سەلماندنی «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» هونەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەلامەتیی مرۆڤ.

## چەمکی زمانەکی: دەوروبەر، فشاری دەوروبەر

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- دۆزینەوەی وەڵامی سەلامەت بەرانبەر بە دۆخی ترسناک.
- بەرگرتن لە فشاری دەوروبەر.
- بەکارهێنانی هونەری «چارەی کێشە».

## پێداویستی

8. پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».
9. پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
10. بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوە: ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ هەیە جرپنە، وچان ناگرێت و بیر لە ڕەوایەتی و سەلامەتیی ڕەفتاری خۆی ناکاتەوە. ئەمە هونەرێکی گرنگە بۆ بەرگرتن لە فشاری دەوروبەر. ئەم وانەیە تیکەڵەیەکە لە هەم چارەی کێشە و هەم وەڵامی دابڕانە.

کارێکی سەختە مرۆڤ بە دۆستانی خۆی بڵێت: «نا». منداڵ دەبێت فێر بێت بڵێت «نا» و هەروەها لە «نا» ی خەڵکی دیکەش تووڕە نەبێت. سەلماندنی «ڕەتکردنەوەی دابڕانە» ش هونەرە. ئاگات لەوە بێ کاتێک فێرخواز هۆ بۆ وەڵامی «نا» ی خۆی دەهێنێتەوە، بەرانبەر زیاتر فشاری بۆ دێنێت و پتر داکۆکی دەکات.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن بە دەوربەر بڵێین «نا». «دەوروبەر» هەڤاڵ و منداڵی دیکەی تەمەنی خۆتانن. فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «ڕزگار» ە. ڕزگار بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هاوڕێ بوو لەگەڵ لویس، پێتەر و دارۆی دەراوسێ. لویس، پێتەر و دارۆ بڕیاریان داوە دژایەتیی منداڵێکی گەڕەکی ئەو دیو بکەن. دەیانەوێت دەرگەی گەراجی ماڵی ئەو منداڵە بۆیەڕژێن بکەن. بۆ ئەم کارە هاتوون داوای کۆمەک لە ڕزگار دەکەن. دەڵێن گەر کۆمەکمان نەکەیت ئێمەش تۆمان ناوێت و چی دی یەکێک نیت لە ئێمە.

1. ئایا ڕزگار هەست بە چی دەکات؟ (پەشۆکاوە، تووڕەیە، لە دەرهاویشتەکەی دەترسێت).
2. کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (ڕزگار هەست بە فشار دەکات بۆ کارێکی نایەوێت بیکات). بەدەم کارەوە ئاماژە بە پۆستەری «چارەی کێشە» بدە).
3. ئایا ڕەوایە فشار بخرێتە سەر ڕزگار بۆ کارێکی نەیەوێت بیکات؟ (نەخێر).

یەکەم هەنگاوی «چارەی فشاری دەوروبەر» بریتییە لەوەی خۆت بڕیار بدەیت ئاخۆ داوکاریی هەڤاڵان کارێکی سەلامەتە، دژی یاسا و ڕێسایە، پێت خۆشە بیکەیت.

4. چی دەبێت گەر گەراجەکە بۆیەڕژێن بکەن؟ (لەوانەیە تووشی کێشە ببن).
5. ڕزگار بیری دەکەوێتەوە بوەستێت، خۆی ئارام بکاتەوە و بیر لە کێشەکە بکاتەوە. نایەوێت یاسا پێشێل بکات، بەڵام نایەوێت هەڤاڵەکانیشی لە دەست بدات.
6. ڕزگار چ چارەیەکی لەبەر دەمە؟ (هەستی خۆی ڕوون بکاتەوە بۆ هەڤاڵان. دوور بکەوێتەوە. لەگەڵیان بڕوات).
7. چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).
8. ڕزگار چی بە هەڤاڵەکانی بڵێت، باشە؟ (بە شێوەیەکی دابڕانە بڵێت «نەخێر»). چی بکات ئەگەر هەڤاڵەکانی وازیان نەهێنا و زیاتر فشاریان بۆ هێنا؟ (دەتوانێت دووبارە ڕەتی بکاتەوە. دەتوانێت بەجێیان بهێڵێت).

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ چارەی فشاری دەوروبەر بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمانەش نموونەن:

- بیری لێ بکەوە بزانە داخۆ داواکاریی هەڤاڵانت سەلامەتە، دژی یاسا و ڕێسایە، کارێکە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت.
- ڕێک بوەستە، ڕاستەوخۆ تێیان بڕوانە و ڕێک بڵێ نەخێر»
- بیر لە شتێکی دیکە بکەوە تا ئەنجامی بدەیت.

**ڕۆڵوازی**

بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانمان بۆ بەرگرتن لە فشاری دەوروبەر، ڕۆڵی ڕزگار وازی دەکەم. پاشان ئێوەش هەندێ ڕۆڵوازی بکەن. فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی هەڤاڵەکانی ڕزگار.

پیشانی فێرخوازانی بدە. بە بەکارهێنانی هەنگاوگەلی فێرخوازان، ڕۆڵی ڕزگار وازی بکە. بەخۆت بڵێ: ئەمە دژی یاسایە. بەو فێرخوازانەی ڕۆڵی هەڤاڵەکانی ڕزگار وازی دەکەن، بڵێ: ئەمە دژی یاسایە. لەوەیە توشی زۆر کێشە ببین. دەکرێت لە بری ئەو کارە بچین لەگەڵ ئەم منداڵە بدوێین و هەستی خۆمانی بۆ ڕوون بکەینەوە.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: **چۆن بوو؟ ئایا هەنگاوەکانی «چارەی فشاری دەوروبەر» مان ڕەچاو گرت؟**

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. فێرخوازان بکە بە دوو بەشەوە. بەشێکیان دەبێتە ئەکتەر و ئەوی دیکە دەبێتە ڕاهێنەر. فێرخوازی ڕاهێنەر یارمەتی فێرخوازی ئەکتەر دەدات هەنگاوەکان بهێنێتەوە یاد و لە وەڵامدانەوەدا هاوکاریی دەکات. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

گریمان چەند منداڵێک تۆ هان دەدەن:

- شت لە کانتۆری دایکوباوکت بدزیت.
- کۆمەکی هەڤاڵێک بکەیت لە تواناداۆزیدا قۆپی بکات.
- بە تەلەفۆن گاڵتە بە خەڵک بکەیت.
- بیره بخۆیتەوە.
- بە سەر ئاوی بەستوودا ڕابکەیت.
- سیدییە نوێیەکەی براکەت بخوازیت.
- سێوێک لە دووکانی میوەفرۆشەکە بدزیت.

**ئەنجامگیری**

گوتنی «نەخێر» بە دۆستان کارێکی سەختە. مرۆڤ فێر بووە داوای دۆست بسەلمێنێت گەرچی داوایەکی نارەوا و ناجۆر بێت.

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«چارەی فشاری دەوروبەر» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

کۆمەکی فێرخوازان بکە هونەرەکانی نێو ئەم وانەیە لە دۆخی ڕۆژانەدا بەکار بهێنن.

## چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە لە ڕمەک (غەریزە) ی ڕەفتاری بەکۆمەڵ لە گیانلەبەراندا بکۆڵنەوە، وەک پەز و گامێش. ڕەفتاریان بە فشاری دەوروبەر بەراورد بکە.

2- داستانی پەیوەندیدار بە باسەکەوە بدۆزەوە و لەگەڵ فێرخوازاندا کار لەسەر کاریگەریی فشاری دەوروبەر بکەن.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی چوارەم: چارەی دەنگۆ

## چەمک

دەنگۆ (قسەڵۆک) لە ڕووی هەم کەسەکی و هەم جڤاکی ویرانکەرە.

## چەمکی زمانەکی: دەنگۆ، چاولێپۆشین، سەروەری

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- ناسینەوەی سازکردنی دەنگۆ لەلایەن کەسێکەوە.
- ڕەتکردنەوەی بەشداربوون لە دەنگۆدا.
- بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

11. پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».
12. پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
13. بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

دەنگۆ کەشی جڤاکی و یەکنەوازەیی فێرگە تێک دەدات. دەبێت مامۆستا چۆن دەربارەی دزیی، شەڕکردن و شێوەکانی دیکەی دڕیی، هەروەها لەم بارەشدا دەبێت هەڵوێستی ڕوونی هەبێت تاکوو شیرازەی جڤاکی پۆلەکە جێگیر بکات. پەیوەندیی باش

لەسەر متمانە بنیات دەنرێت، دەنگۆ دای دەخورێنێت. ئەم وانەیە دەرفەتێکە باشە بۆ پیادەکردنی دەربڕینی دابڕانە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن چارەی دەنگۆ بکەین.

**1.** «دەنگۆ» چییە؟ (قسەی ناپەسەندی پاشەملێیە).

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «تابان» ـە و ئەمەش «ئاواز». تابان بە ئاواز و هەڤاڵەکانی دەڵێت «ژیلا» بێکەڵک و خۆپەرستە چونکە کتێبی لەم وەرگرتووە و نەیهێناوەتەوە. ئاواز ژیلای خۆش دەوێت و نازانێت چی بکات.

**2.** کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (تابان دەنگۆ دەربارەی ژیلا هەڵدەبەستێت. ئاواز حەز بە دەنگۆ ناکات، بەڵام نازانێت چی بکات).

**3.** ئاواز هەست بە چی دەکات؟ (پەشۆکاو. نائارام).

ئاواز دوو ئامانجی هەیە: هەم دەنگۆکە ڕاگرێت و هەم دۆستایەتیی تابان بپارێزێت.

**4.** ئەگەر ئاواز هیچ نەڵێت، بێدەنگیەکەی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر دۆخەکە؟ (لەوە دەچێت ڕازی بێت بە قسەکانی تابان).

بێدەنگبوون لە دەنگۆ دەبێتە «چاولێپۆشین». «چاولێپۆشین» دەکاتەوە گوێ نەدان و سەلماندن. بە بێدەنگبوون، ئاواز چاوپۆشی لە دەنگۆکە دەکات.

**5.** ئایا ئاواز بەمەبەست چاوپۆشی لە دەنگۆکە دەکات؟ (نەخێر).

**6.** چارە چییە، ئاواز چی بکات باشە؟ (بە مامۆستاکەی بڵێت. بە تابان بڵێت کە نایەوێت گوێ لە دەنگۆ بگرێت. ژیلا لە گوتەکانی تابان ئاگادار بکات).

**7.** چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

ئاواز بۆ خۆئارامکردنەوە، خۆی دەدوێنێت. بڕیار دەدات قسە لەگەڵ تابان بکات و بڵێت «تابان، باوەڕ ناکەم ئەوەی تۆ دەربارەی ژیلا دەیڵێیت ڕەوا بێت. ژیلا هەڤاڵی منە. لە بری دەنگۆی پاشەملە دەتوانیت قسە لەگەڵ خۆیدا بکەیت». لەوانەیە تابان بزانێت بۆچوونی ئاواز دەربارەی دەنگۆ هەڵبەستن دروستە بەڵام هێشتا لە ژیلا تووڕەیە. بۆیە ئاواز کۆمەکی تابان دەکات بیر لە چارەیەک بکاتەوە بۆ کێشەکەی خۆی لەگەڵ ژیلا. بە وەدەنگهاتن و چاو لە دەنگۆ نەپۆشین، ئاواز «سەروەری» ی پێشان دا. سەروەریی ئەوەیە مرۆڤ بڕوای بە ڕەوایەتی و سەرڕاستی هەبێت و داکۆکییان لێ بکات.

8. گەر ئەو چارەیە بێسوود بێت، ئاواز چی بکات باشە؟ (بە تابان بڵێت کە گوێ لە دەنگۆ ناگرێت. دوور بکەوێتەوە. بە ژیلا بڵێت).

9. خراپەی دەنگۆ چییە؟ (بۆ هەستی بەرانبەر بەسۆیە. بێ متمانەیی دروست دەکات. کێشەکان خراپتر دەکات. بۆچوون و ڕاستی تێکەڵ دەکات).

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ چارەی دەنگۆ بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- بڕیار بدە ئاخۆ ئەمەی دەگوترێ دەنگۆیە. 2- گوێی لێ مەگرە. 3- کۆمەکی کەسەکە بکە بیر لە چارەیەک بۆ کێشەکە بکاتەوە. 4- ئەگەر ئەمە سوودی نەبوو، دووبارە ڕوونی بکەوە کە تۆ گوێ لە دەنگۆ ناگریت و دوور بکەوە.

## ڕۆڵوازی

بە بەکارهێنانی هەنگاوەکانمان، ڕۆڵی ئاواز وازی دەکەم کە مامەڵەی دەنگۆەکەی تابان دەکات. پاشان سەرەی ئێوەیە. (فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە بۆ وازیکردنی ڕۆڵی تابان). پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی تابان وازی بکە. بە خۆت بڵێ: باوەڕم وایە ئەمە دەنگۆیە. بەو فێرخوازەی ڕۆڵی تابان وازی دەکات، بڵێ: گەر وەها باسی ژیلا بکەیت من هەست بە نائارامی دەکەم. ژیلا هەڤاڵی منە. بۆ قسە لەگەڵ خۆی ناکەیت؟ هەستی خۆتی بۆ ڕوون بکەوە. داوای لێ بکە کتێبەکە بهێنێتەوە. ئەگەر تابان بەردەوام بێت لە دەنگۆ هەڵبەستن، بڵێ: گوێ لە دەنگۆ ناگرم. پاشان دوور بکەوە.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «چارەی دەنگۆ» م ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. گرووپی دوو کەسی پێک بێنە. یەکیان ئەکتەر و یەکیان ڕاهێنەر. ئەکتەر وەهای دەنوێنێت کەسێک دەنگۆی هەڵبەستووە و ئەم وەڵامی

دەداتەوە. نابێت فێرخواز هیچ دەنگۆیەک باس بکات، تەنها وەها بنوێنێت کە ڕووی داوە. فێرخوازی ڕاهێنەر کۆمەکی فێرخوازی ئەکتەر دەکات، هەنگاوەکانی بیر دەخاتەوە و گەر پێویستی بە وەڵام بوو هاوکاریی دەکات. بیریان بخەوە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێر بووین لە ڕێی چاو لێ نەپۆشین و هونەرەکانی «چارەی کێشە» وە چارەی دەنگۆ بکەین. مرۆڤ گەر بە بەرانبەر خەڵک ڕەواپەروەر و ڕێزدار بێت، سەروەریی خۆی پێشان دەدات.

**بۆماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«چارەی دەنگۆ» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

گەر لە نێو فێرخوازاندا گوێت لە دەنگۆ بوو، ئاماژەی پێ بکە. بە دەرهاویشتەکانی دەنگۆدا بچۆوە و داوا لە فێرخوازان بکە چارەکانی دیکە پیادە بکە کە لەم وانەیەدا باس کران.

**چالاکیی دیکە**

1- داوا لە فێرخوازان بکە چیرۆکێک دەربارەی دەنگۆ و کاریگەریی دەنگۆ لەسەر خەڵک بنووسن.

2- داوا لە فێرخوازان بکە پەیدۆزی (لێگەڕان و لێکۆڵینەوە) بکەن دەربارەی کاریگەریی دەنگۆ و پروپاگەندە لە ڕووداوی مێژووکرد و سازکردنی بۆچوونی خەڵک دیاردەی مێژووکرد. بۆ نموونە: دیدی داگیرکەرە ئەورووپاییەکان دەربارەی دانیشتووانی دێرینی ئامریکا، مافی دەنگدانی ژنان، یاخود بزاڤی مافی مەدەنی.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی پێنجەم: بەرگرتن لە گزی

## چەمک

گزی و ڕەفتاری فێڵبازانەی دیکە متمانە لە پەیوەندیی جڤاکیدا ناهێڵن.

## چەمکی زمانەکی: جرپنی، گزی، سەرڕاستی

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- بەرگرتن لە ئارەزووی گزی.
- بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

14.پۆستەر: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە».

15.پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

16.بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ هۆکاری هەمەجۆرەی هەیە بۆ ڕەفتاری فێڵبازانە. دوور نییە شیرازەی نێو خێزان جۆرێک بێت هانی ڕەفتاری وەها بدات. گەر مەیلی وەها لەلای منداڵ بەدی دەکەیت، هۆکارەکەی بدۆزەوە و کۆمەکی بکە شێوازی دیکەی ڕەفتار بگرێتە بەر. ڕوونی بکەوە کە تۆ وەک پشتیوانێک هەیت، بەڵام ڕەفتاری فێڵبازی ڕێی پێ نادرێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا فێر دەبین چۆن بەر بە جرپنیی گزی بگرین.

فۆتۆکە پێشان بدە.




ئەمە «نارین» ـە. نارین کێشەی لەگەڵ «پیترێژیی» (حونجەکردن) ـدا هەیە. پۆلەکە خەریکی تواناداوزیی پیترێژین و نارین دەیەوێت نمرەی باش بەدەست بهێنێت. «ژینۆ» نزیکی نارین دادەنیشێت و بە ئاسانی نمرەی تەواو دەهێنێت. نارین ئارەزووی دەچێتە تەماشاکردنی پەڕەکەی ژینۆ.

**1**- کێشەکەی نارین چییە؟ (کێشەی لەگەڵ پیترێژیدا هەیە و ئارەزووی گزیی هاتووە).

2- چی ڕوو دەدات ئەگەر نارین گزی بکات؟ (لەوانەیە هەست بە تاوان بکات، هەست بە شکان بکات. لەوانەیە بۆی بچێتە سەر و نمرەی باش بهێنێت. دەشێت توشی کێشە ببێت. دەشێت متمانەی بەرانبەر بدۆڕێنێت).

3- نارین چی بکات باشە بۆ بەرگرتن لە جرپنیی گزی؟ (بیر لە دەرهاویشتەکانی گزی بکاتەوە. قسەی گەش بە خۆی بڵێت).

4- چی ڕوو دەدات گەر نارین گزی بکات؟ (لە ناو خۆیدا هەست بە تاوان و دڵشکان دەکات. لەوانەیە بۆی بچێتە سەر و نمرەی باش بێنێت. لەوانەیە تووشی کێشە بێت. متمانەی خەڵک دەدۆڕێنێت).

5- نارین چی بە خۆی بڵێت باشە بۆ ئەوەی خۆی دوور بگرێت لە گزی؟ («ئەوپەڕی توانای بەکار بهێنێت». «ئەوە ناهێنێت گزیی بۆ بکات». «دەتوانم لە هەڵەکانمەوە فێر ببم»).

6- چارەی کێشەی «پیترێژیی» لای نارین چییە؟ (بەر لە توانادۆزی زیاتر خۆی ڕابێنێت. داوای یارمەتی بکات).

7- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

ئادەی با چەند هەنگاوێک بۆ بەرگرتن لە جرپنیی گزی بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن:

- بیر لە دەرهاویشتەکانی گزی بکەوە
- قسە بۆ خۆت بکە: «من سەرڕاستم». «پێم خۆشە جێی متمانە بم» «گزی ناکەم».
- چارەی کێشەکە بکە.

## ڕۆڵوازی

من ڕۆڵی نارین دەنوێنم. هەنگاوەکانتان پیادە دەکەم بۆ بەرگرتن لە جرپنیی گزیکردن و هەروەها چارەکردنی کێشەی پیترێژیی. پاشان نۆرەی ئێوەیە.

پێشانی فێرخوازانی بدە. بە پیادەکردنی هەنگاوەکانی پۆل، ڕۆڵی نارین وازی بکە. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و بە خۆت بڵێ: چاکە، دەبێت ئارام ببمەوە. ئەگەر گزی بکەم، دەشێت تووشی کێشە بم، بەرانبەر متمانەی پێم نامێنێت و نمرەیەک بە دەست دەهێنم کە شایانی نیم. من سەرڕاستم. ئەوە ناهێنێت گزیی بۆ بکەم. دەکرێت لە مامۆستا یاخود دایکوباوکم داوا بکەم یارمەتیم بدەن لە پیترێژیدا، خۆم ڕادێنم. ئەگەر داوای یارمەتی لە مامۆستا بکەم، لەوانەیە یارمەتیم بدات. ئەگەر واز بهێنم، لە خۆم بێ ئومێد دەبم. هەولم داوە خۆم ڕابهێنم، بەڵام ئەگەر سوودی نەبوو داوای یارمەتی لە مامۆستا دەکەم.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «بەرگرتن لە جرپنیی گزی»م ڕەچاو گرت؟ ئەوجا سەرەی فێرخوازانە.

چۆن بەر بەم ئارەزووانە دەگریت:

- ڕاپۆرت بۆ هەڤاڵێک بنووسیتەوە؟
- فرۆشیارەکە بە هەڵە پارەی زیادی داوەتەوە بە تۆ، تۆش گلی دەدەیتەوە؟
- مامۆستای وەرزش داوا دەکات بە دەوری فێرگەکەدا ڕابکەیت، تۆ قەدبڕی دەکەیت؟
- لە توانادۆزیی ماتەماتیکدا گزی بکەیت؟
- ڕاپۆرتێک کۆپی بکەیتەوە کە خوشکە گەورەکەت چەند ساڵ لەمەوبەر نووسیویەتی؟
- گزی لە دەنگدانی پۆلدا بکەیت؟

**ئەنجامگیری**

گزی نە کارێکی ڕەوایە و نە کارێکی سەرڕاستانەیە و دەشبێتە هۆی ڕمانی متمانەی نێو خەڵک. ئەمڕۆ فێر بووین چارەی کێشە بەکار بهێنین بۆ کۆمەککردنی بەرگرتن لە هاندانی گزی.

**بۆماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز.

«بەرگرتن لە گزی» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

«یادی ئەمڕۆ»: داوا لە فێرخوازان یادی بەسەرهاتێک بکەنەوە هونەری سەرڕاستییان تێدا بەکار هێنابێت.

**چالاکیی دیکە**

1- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی ئەوە بنووسن کە چی ڕووی دەدا ئەگەر فێرخواز ڕێیان پێ بدرایە کاری یەکتری کۆپی بکەن. «گزی» لە «فێربوونی هاوکارانە» جودا بکەوە.

2- داوا لە فێرخوازان بکە سەرنج بدەنە چەمکی «سەرڕاستی» ی لە زانست و مێژوودا. پرسیاری ئاکارەکی وەک «چی ڕوو دەدات گەر زانستکار گزی لە ئەزموونەکانی خۆیدا بکات؟» بهروژێنە.

## بەشی دووهەم – جڵەوگرتنی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی شەشەم: بەرگرتن لە دزی

## چەمک

مرۆڤ بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزیکردن دەبێت پێشبینیی دەرهاویشتەی کورتخایەن و درێژخایەنی بکات.

**چەمکی زمانەکی: جرپنی، دەستکەوتی کورتخایەن، زیانی درێژخایەن، دەرهاویشتە، سەرڕاست**

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی هۆکاری بەرگرتن لە جرپنیی دزیکردن.
- پێشبینیکردنی دەرهاویشتەکانی دزیکردن.
- پیادەکردنی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

17.پۆستەر: «چارەی کێشە».

18.پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

زۆر منداڵ بە قۆناغی «دزیکردن»دا دەڕۆن و تێیدا توانای خۆیان و سنووری گەورەسالان تاقی دەکەنەوە. لەوانەیە لە ئەنجامدا منداڵ متمانەی بڕووخێت.

کۆمەکی منداڵان بکە دەستکەوتی کورتخایەنی دزیکردن بەرانبەر زیانی درێژخایەنی متمانە هەڵبسەنگێنن. تەنانەت لاساریی بچووکیش وەک لاساریی گەورە زیانبەخشە و لە هەردوو باریشدا پەیوەندی تێک دەدات.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن بەر بە جرپنیی دزیکردن بگرین.

فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمە «سۆسەن» ـە. سۆسەن پێویستی بە بڕێک پارەی زیاتر هەیە تاکوو لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بچێتە سینەما. دەزانێت خوشکەکەی پارەی لە دۆلابەکەیدا هەڵدەگرێت. سۆسەن باوەڕ ناکات خوشکەکەی تێبینی بکات ئەگەر چەند دۆلارێک دیار نەبێت.

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 1 ی «چارەی کێشە» بدە.

1- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (سۆسەن پارەی تەواوی نییە بچێتە سینەما).

2- جرپنیی سۆسەن چییە؟ (بریتییە لە دزینی پارەکە).

3- چی ڕوو دەدات ئەگەر سۆسەن دزی لە خوشکەکەی بکات؟ (دەشێت خوشکەکەی پێی بزانێت و تووڕە ببێت. لەوانەیە خوشکەکەی چی دیکە متمانەی پێ نەکات. لەوانەیە سۆسەن نائارام بێت بەوەی دەیکات).

دەبێت سۆسەن وچانێک بگرێت و بیر لە باسەکە بکاتەوە. دزیکردن دوو جۆر ئەنجامی هەیە: «دەستکەوتی کورتخایەن» – لێرەدا پارەیە - و «زیانی درێژخایەن» - لێرەدا نەمانی متمانەی خوشکەکەیەتی.

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 2 بدە.

4- هەندێ چارەی دیکە چین بۆ کێشەکەی سۆسەن؟ (داوای قەرز لە خوشکەکەی بکات. داوای پارە لە دایکوباوکی بکات. هەوڵ بدات پارەکە پەیدا بکات).

5- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

پاشان ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 4 بدە.

6- سۆسەن چی بکات، باشە؟ بۆچی؟

سۆسەن بڕیار دەدات داوای قەرز لە خوشکەکەی بکات. خوشکەکەی دەڵێت «نەخێر» چونکە بۆ خۆی کۆی دەکاتەوە بۆ کڕینی بایسیکلێکی نوێ. چارەکەی سۆسەن سوودی نەبوو، بەڵام سەرڕاست بوو، متمانەی خوشکەکەی هێشتەوە.

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 5 بدە.

7- ئەوجا سۆسەن چی بکات باشە؟ (چارەیەکی دیکە هەڵبژێرێت).

وەرەن چەند هەنگاوێک بۆ «بەرگرتن لە دزی» بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی سۆسەن چی بێت باشە؟ ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- وچانێک بگرە و بیر لە دەرهاویشتەکانی دزی بکەوە. 2- بە خۆت بڵێ: «سەرڕاستم. دزی ناکەم». 3- بیر لە ڕێگایەکی دیکە بکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت بێ دزیکردن.

**ڕۆڵوازی**

من ڕۆڵی سۆسەن دەنوێنم. هەنگاوەکانی **«بەرگرتن لە دزی»** پیادە دەکەم. پاشان سەرەی ئێوەیە.

پێشانی فێرخوازانی بدە. پیادەکردنی هەنگاوەکانی پۆل ڕۆڵی سۆسەن وازی بکە. بە خۆت بڵێ: تەنها چەند دۆلارێکم دەوێت تاکوو بچمە سینەما. ئەگەر بیدزم، هەست بە خراپی دەکەم. ئەگەر خوشکەکەم پێی بزانێت، بەڕاستی تووڕە دەبێت و چی دی متمانەم پێ ناکات. هیچ خۆش نییە. من سەرڕاستم و دزی ناکەم. دەی باشە ئەو

پارەیە چۆن پەیدا بکەم؟ لە خوشکەکەم داوا دەکەم. دەکرێت لە یەکێک لە هەڤاڵەکانم قەرزی بکەم. دەکریێ کاری بۆ بکەم. ئەگەر لە خوشکەکەمی داوا بکەم لەوانەیە پارەکەم نەداتێ. ئەگەر پارەکە پەیدا بکەم، هەم هەستم باش دەبێت و هەم متمانەی خێزانەکەم نادۆڕێنم. پێم وایە دەتوانم کاری بۆ بکەم و لە دایکمی داوا بکەم.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «بەرگرتن لە دزی» مان ڕەچاو گرت؟

**ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. ئەمەش چەند سیناریۆیەک:**

- بابە کێکی بۆ کۆبوونەوەی خێزان و مامۆستایان ساز کردووە و تۆش ئارەزووت لێیە.
- پێویستیت بە پێنووسێک هەیە و دانەیەک لە مێزی هەڤاڵەکەتدا دەبینی.
- جلوبەرگی پاکت نەماوە و کراسە پەسەندەکەی خوشکەکەت دەبینی.
- دەبینی بە ڕێکەوت یەکێک پارەی لێ دەکەوێت و دەڕوات.

**ئەنجامگیری**

دزیکردن نە کارێکی ڕەوایە و نە کارێکی سەرڕاستیانەیە و دەشبێتە هۆی ڕمانی متمانەی نێو خەڵک. ئەمڕۆ فێر بووین چۆن چارەی کێشە بەکار بهێنین بۆ بەرگرتن لە جرپنیی دزیکردن. گەر هاتینە سەر دزی دەبێت بیر لە دەستکەوتی کورتخایەنی وەک پارە، و زیانی درێژخایەنی وەک ڕمانی متمانە، بکەینەوە.

## گواستنەوەی زانیار

فێرخوازان ڕابهێنە کاتی کێشە بە ئاشکرا بیر بکەنەوە. فێریان بکە بیرۆکەبارانەی هەموو چارەیەکی پەسەندکراو بکەن پاشان چارەکان هەڵسەنگێنن. پاش هەموو پێشنیازێک، بڵێ: «ئەوە بیرۆکەیەکە. بیرۆکەیەکی دیکە؟»

## چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی کێشەیەک بنووسن کە هەیان بووە لە ڕووی دەستکەوتی کورتخایەن و زیانی درێژخایەنەوە. چوار چارە چین بۆ ئەم کێشەیە؟ ئەنجامەکانی هەر چارەیەک چین؟ بە بۆچوونی خۆیان باشترین چارە کامەیە؟

2- داوا لە فێرخوازان بکە لە مافی بڵاوکردنەوە و سنوورشکێنی مافی داهێنان بکۆڵنەوە. شکاندنی مافی گۆرانی و مۆسیقا و بەرنامەی کۆمپیوتەر چ ئەنجامێکی هەیە؟ مەبەست لە مافی داهێنان و مافی بڵاوکردنەوە چییە؟

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

**دەربارەی بەشی سێهەم**

تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی یارمەتیمان دەدات گەشەی تووڕەیی خامۆش بکەینەوە. ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە یارمەتی فێرخوازان بدات:

- جڵەوی هەستی تووڕەیی بگرن.
- ڕەفتاری دڕیی سەر بە تووڕەبوون خامۆش بکەنەوە.
- لە ڕێی هونەرەکانی دیاریکردنی هەستی تووڕەیی و ناسینەوەی پنتەکانی تووڕەبوون و هەروەها لە ڕێی بەکارهێنانی هونەرەکانی خامۆشکردنی تووڕەییەوە - فێر ببن چارەی کێشەی جڤاکی بکەن.

هەموو کەس تووڕە دەبێت. تووڕەبوون هەستێکی خراپ نییە. بەڵام زۆر جار تووڕەبوون دەبێتە هۆکاری ڕەفتاری زبر و دڕ. تووڕەبوون، وەک هەست، کێشەکە نییە. بەڵام ڕەفتاری مرۆڤی تووڕە دوور نییە ببێتە کێشە. نە هەموو ڕەفتارێکی دڕ بەرهەمی تووڕەبوونە و نە تووڕەبوونیش بەردەوام ڕەفتاری دڕی لێ دەزێتەوە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هونەرەکانی خامۆشکردنەوەی شپرزەیی و هەوڵدانە بۆ جڵەوکێشانی هەستی تووڕەیی بەرەو ڕێچکەیەکی جڤاکیی پەسەند. مەبەست وێڵکردنی هەستی تووڕەیی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی بەرتەکی هەستەکە ڕووەو چارەی کێشە.

**خاڵی سەرەکی**

**کاتی تووڕەبوون چی بکەم باشە؟**

وچانێک بگرە و بیر بکەوە

1- لەخۆت بپرسە: لەشم هەست بە چی دەکات؟ (دیاریکردنی نیشانەکانی تووڕیی)

2- هەوڵ بدە خۆت ئارام بکەیتەوە. (پیادەکردنی تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی)

- سێ جار هەناسەی قووڵ هەڵمژە،
- پشتەوژمێری خاو،
- بیر لە دیاردەی هێمن بکەوە،
- خۆت بدوێنە.

3- بیرکردنەوەی ئاشکرا (پیادەکردنی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە»)

4- دواتر بیری لێ بکەوە (بیردانەوە لە ڕووداو و هەڵسەنگاندنی توانای خۆ)

ئەم بەشە باس لە پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکات، بەتایبەتی سازکراوە بۆ ئەوەی یارمەتیی منداڵی پلەی بەرایی بدات چارەی پەشێوی بکات. هەنگاوی کارای خاوبوونەوەی لەشەکی گرێدراوە بە هونەری هۆشەکیی «خۆڕێبەری» و «چارەی کێشە». لەم بەشەی سێهەمدا هونەرەکانی بەشی دووهەمی وەک:
«خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە»، «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» و «بیرکردنەوەی ئاشکرا» دێنەوە پێش.

**بیردانەوەش** (وەک ڕەنگدانەوەی بیر) دەچێتە پاڵ هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی. «ڕاپۆرتی فێرخواز» بەشێکە لە کاری -ماڵەوە و لە زۆربەی وانەکاندا فێرخواز دەبێت کاری لەسەر بکات. ئەم ڕاپۆرتە بۆ بیردانەوەی فێرخوازە دەربارەی نەخش و ڕەفتاری خۆی.

**وانەکانی بەشی سێهەم**

1- **وانەی یەکەم:** دەربارەی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی – سەرنجێکی گشتی نیشانەکانی تووڕەیی، ڕووداوی تروکانی تووڕەبوون و پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

2- **وانەی دووهەم:** چارەی هەراسانی - پیادەکردنی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی بۆ چارەکردنی هەراسانی.

3- **وانەی سێهەم:** چارەی تۆمەت - بەکارهێنانی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەی بۆ چارەی ئاشتییانەی تۆمەت.

4- **وانەی چوارەم:** دوورکەوتنەوە لە شەڕ – شەڕپەرێز - خۆدوورگرتن لە شەڕ بە پیادەکردنی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی و چارەی کێشە.

5- **وانەی پێنجەم:** بەرگرتن لە تۆڵەسەندنەوە - پیادەکردنی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی بۆ بەرگرتن لە جرپنی تۆڵەسەندنەوە.

6- **وانەی شەشەم:** هەڵکردن لەگەڵ سزادا – هەڵکردن لەگەڵ سزای کردەوەی خۆت، ڕەفتارێکی بەرپرسانەیە.

7- **وانەی هەفتەم:** سکاڵا – سکاڵاکردن و وەڵامدانەوەی سکاڵا بە پیادەکردنی ڕەفتاری ڕێزدارانە و دابڕ.

8- **وانەی هەشتەم:** دیاریکردنی ئامانج – بۆ ڕاهێزانی هونەری کەسەکی و جڤاکی.

9- **وانەی نۆهەم:** با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت – هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە پرۆژەی هاوبەشدا لەگەڵ کەسانی دیکە پیادە بکە.

تێبینی: وانەی نۆهەم بەسەرکردنەوەی گشت وانەکانی بەرگی پێنجەمە.

بەر لە دەستپێکی وانەکان، کات بۆ خوێندنەوەی سیناریۆکانی ڕۆڵوازی تەرخان بکە بۆ ئەوەی بتوانیت دۆخەکان وەها ساز بکەیت کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی فێرخوازەکان بێت. وێنەی ڕۆڵوازیی کارتەکان کۆپی بکە و بەسەر فێرخوازاندا دابەشیان بکە.

### چەمکی زمانەکی

چەمکی زمان لە بەشی سێهەمدا بەردەوامیی کارە لەگەڵ چەمکە زمانییەکانی بەشی یەکەم و دووهەم. گرنگترین چەمکی زمانی لەم بەشەدا کە پێویستە فێرخوازان تێبگەن چەمکی «خۆئارامکردنەوە» یە. هەنگاوەکانی ئەم هونەرە بریتین لە: هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام و هەروەها خۆدواندن.

### لیستەی چەمکەکانی بەشی سێهەم

تۆمەت، دوگمەی تووڕەیی، نیشانەی تووڕەیی، دابڕانە، سکاڵا، دەرەکی، هەراسانی، ئامانج، ناوەکی، ناتوندوتیژ، پاراستن، گەشەکردن، بیردانەوە، بەرپرسایەتی، وەڵامدانەوەی تۆڵە، تۆڵەسەندنەوە، ئەنجامی سەلامەت و ناسەلامەت.

### گرنگیی ئەم بەشە

تووڕەبوون کۆسپ دەخاتە ڕێی «چارەی کێشە»، بۆ نموونە:

- ڕێ لە بیرکردنەوەی ژیرانە دەگرێت،
- ڕێ دەگرێ لە وردبوونە لە کرداری خۆ،
- ڕێ خۆش دەکات بۆ بەرتەکی پەلەی خۆڕسکانە لەبری وردبوونە لە چەند ڕێگەچارەیەک و هەڵبژاردنی باشەکەیان.

منداڵی دڕ کێشەی هەمەجۆری هەیە لەگەڵ دەرککردنی شێوازەکانی هەڵسوکەوتی نێو کۆمەڵگە. بۆ نموونە کە دێتە سەر دۆزینەوەی چارەی گەش و ڕێکوپێک، ئەم توانای کزە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی هونەرێکە کاری دەوێت. ڕاهێنانی زیاتر منداڵ فێر دەکات:

- هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە باش بزانێت.
- خوو بە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشەوە بگرێت.

## تێبینی دەربارەی گەشەسەندن

## پێناسە و بابەتی گرنگ

تووڕەیی بەرتەکی فیزیکیی وەهای بەدەمەوەیە لەگەڵ «چارەی کێشە»دا ناکۆک بێن. دیارە تووڕەبوون لە ئارادا بێت، چارەی کێشە سەختتر دەبێت.

منداڵ لە سەرەتای ساڵانی خوێندندا، بەگشتی دەتوانێت:

- وەڵامی نەیارانە کەم بکاتەوە.
- دەرکی بەرانبەر بکات و باشتر پەی بە هۆکاری کێشەی نێوان خۆی و بەرانبەر بەرێت.

لە ماوەی خوێندنی سەرەتاییدا منداڵ فێری هونەری دیکە دەبێت، وەک:

- **خۆخەریککردن** بە کارێکی دیکەوە، بۆ نموونە لەبری هەرا و کێشە لەگەڵ منداڵی دیکە لەسەر ئەو لیستۆکە، خۆ بە نیگارکێشییەوە خەریک دەکات.
- **دۆخگۆڕین**، بۆ نموونە دەگەڕێ بۆ لیستۆکێکی دیکە.

- **خەیاڵگۆڕین** - بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە.
- **هەستگۆڕین** – لە ڕێی خۆئارامکردنەوەوە.
- **هەستگۆڕین** - لە ڕێی لێکدانەوەیەکی تازەی دۆخەکە: «کچەکە تۆپەکەی برد چونکە نەیبینی کە من وازیم پێ دەکرد».

**گواستنەوەی زانیار**

مۆدێلی گواستنەوەی زانیار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە **ڕێنامەی مامۆستا**دا خراوەتە ڕوو، یارمەتی بەهێزبوونی تواناگەلی سەرەکی و چەمکەکان دەدات کە لە **بەشی سێهەمدا** دەگوترێنەوە.

**«خەیاڵی ئەمڕۆ».** لە دەستپێکی ڕۆژەکەدا، یارمەتی فێرخواز بدە بڕیار بدات کەی هونەری نوێ بەکاربهێنێت. بۆ نموونە، خۆئارامکردنەوە و جڵەوگرتنی تووڕەیی.

**«ڕاهێزانی ڕەفتار».** یارمەتی فێرخوازان بدە، لە کاتی تووڕەیی و شڵەژاندا، سوودی وەڵامدانەوەی هێمنانە ببینن. لە کاری ڕۆژانەدا دەرفەتی جڵەوگرتنی تووڕەیی زۆرن. فێرخواز هەیە لای سەختە دەستپێشخەری بکات، دەبێت تۆ یاریدەر بیت. ئەمەش نموونەی گفتوگۆی مامۆستا - فێرخواز:

**مامۆستا** (دەبینێت «مەندێ» تووڕەیە): مەندێ! ئێستا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. چاکە. دوو هەناسەی دیکەش هەڵمژە.

**مەندێ** (هێمنترە، بەڵام هێشتا دەگریەت): کوڕەکە پێی گوتم درۆزن!

**مامۆستا:** تێدەگەم کە تۆ پەستی. ئادەی با پێکەوە بڵێین، «ئارام، ئارام».

**مەندێ و مامۆستا:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** دووبارە زۆر بە هێمنی بیڵێوە.

**مەندێ:** ئارام، ئارام.

**مامۆستا:** زۆر باشە. ئەوجا لە کێشەکە دەدوێین.

گۆشەیەک بۆ «خاوبوونەوە / ئارامبوونەوە / کورتەوچان» دەست نیشان بکە، فێرخواز بۆ خاوبوونەوە و پیادەکردنی هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە، پەنای بۆ بەرێت. منداڵ گەر دەرفەتی چالاکیی هەبێت وزەی ناوخۆی ئارام دەبێتەوە. لە بیرت نەچێت، پاش هەموو «کورتەوچان» ـێک، باسی چارەی کێشەکە بکرێت.

**«یادی ئەمڕۆ».** داوا لە فێرخوازان بکە باس لەو کاتانە بکەن کە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە یاخود پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەییان بەکارهێناوە. نابێت فێرخواز ناوی کەسانی دیکەی نێو کێشەکە بێنێت. لەم باسەدا سەرنج دەدرێتە هەنگاوە گەشەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

تێکبەستنی «گواستنەوەی زانیار» لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا، یارمەتی فێرخواز دەدات هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکات.

**چالاکیی دیکە**

ئەمەش نموونە بۆ تێهەڵکێشانی وانەکانی ئەم بەشە لە بابەتی دیکە:

1- بەشێکی کۆمیدی هەڵبژێرە هەڵسوکەوتێکی نارێکی تووڕەیی، هەراسانی و ڕەخنەکاری پێشان بدات. داوا لە فێرخوازان بکە بە نیگارکێشی هەڵسوکەتێکی ڕێکتر بنەخشێنن. (هونەر)

2- داوا لە فێرخوازان بکە کتێبی پۆل ساز بکەن کە تێیدا هەر فێرخوازێک وێنەی کارتۆنی دۆخیکی تووڕە بکێشێت و پێشنیازی خۆدواندن بۆ کۆمەککردنی دۆخەکە بنووسێت. (هونەر، زمان)

3- داوا لە فێرخوازان بکە تۆمارێک بۆ تووڕەیی ڕابگرن و لاپەڕەیەکی سەربەخۆی پاش هەموو وانەیەکی بەشی سێهەم بۆ تەرخان بکەن. ئەمەش نموونەی بابەتەکان: نیشانەی تووڕەیی، دوگمەی تووڕەیی دەرەکی و ناوەکی، دایەلۆگی خۆدواندن، جڵەوگرتنی سەرکەوتووی تووڕەیی و چەند شێوازێکی خۆخەڵاتکردن. (زمان)

4- داوا لە فێرخوازان بکە تێکستی خۆدواندن بۆ ئەم دۆخانەی خوارەوە بنووسن و گەر لایان باشە بووکەڵە لە ڕۆڵوازییەکەدا بەکار بێنن:

- یەکەم جارتە یاریی سۆفتباڵ / هەلووکێن دەکەیت.
- زۆر تووڕە بوویت لەوەی خوشکەکەت ژوورەکەتی تێکداوە.
- دەبێت بە دەوری حەوشەی فێرگەدا ڕابکەیت، بەڵام زۆر ماندویت و پێت وا نییە سووڕەکەت بۆ تەواو بکرێت.
- ئەو جێگەیەی خۆت دەتویست لە گەمەکەدا بەر تۆ نەکەوت.
- تۆ لەوە تووڕەیت کە فێرخوازێک لەمێژە کۆمپیوتەرەکەی گرتووە.

(زمان، دراما)

5- داوا لە پۆلەکەت بکە چەند دەنگێک تۆمار بکەن ڕاگەیەنی هەستی دژبەیەکی ئارامی و شپرەزیی بن، بۆ نموونە:

- دەنگی سیسرک بەرانبەر بە دەنگی شووتە.
- دەنگی لایلایە بەرانبەر بە دەنگی گۆرانیەک لە جۆری هارد ڕۆک.
- دەنگی جۆگەلەی چیا بەرانبەر بە دەنگی تەباشیر لە سەر تەختەڕەش.

داوا لە فێرخوازان بکە دەنگەکان بەراورد بکەن. دەربارەی ئارامی و شپرزەییان بنووسن و باس لە جیاوازیی هەستی خەڵک بکەن دەربارەیان. (موزیک، زانست، زمان، لێکۆڵینەوەی جڤاکی)

6- دەمەو پێشبڕکێیەکی جیهانیی داوا لە فێرخوازان بکە دیمەنی وەک لەدەستدانی گۆڵ، شووتی سزا و دیاردەی دیکە بکەنە بابەتێک بۆ ڕاهێنانی خۆئارامکردنەوە. (فێرکردنی فیزیکی، دراما)

7- داوا لە فێرخوازان بکە کورتە چیرۆک یاخود ڕۆمانێک بخوێننەوە. سەرنج بدەنە مامەڵەی کارەکتاری داستانەکە لەگەڵ تووڕەییدا. ئایە بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەتوانێت یارمەتیان بدات هەڵسوکەوتیان چاکتر بکەن؟ چۆن؟ ئەگەر ئاشنای هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ببان ڕەفتاریان چۆن دەبوو؟ داوا لە فێرخوازان بکە باسەکەیان بە ڕاپۆرتێکی کورتی زارەکی ڕوون بکەنەوە. (زمان)

8- داوا لە فێرخوازان لە چۆنێتیی کارکردنی مێشک ورد ببنەوە. بە تایبەتی سەرنج بدەنە ڕەنگدانەوەی تووڕەبوونی مرۆڤ لە ڕووی فیزیۆلۆژییەوە. هانیان بدە ئەو زانستە ببەستەنەوە بە گرنگیی خۆئارامکردنەوەی پێش چارەی کێشە. (زانست، زمان)

9- داوا لە فێرخوازان بکە، لە ڕووی پێوانەی فیزیۆلۆژیی وەک ڕێژەی لێدانی دڵ، هەناسەدان، پلەی گەرمی لەش و فشاری خوێن - تووڕەیی و ئارامی بەراورد بکەن. داوایان لێ بکە ئەنجامەکانیان بە هێڵکاری پێشان بدەن. (زانست، ماتەماتیک)

10- فیلمی کارتۆنی لەبار پێشانی فێرخوازان بدە و داوایان لێ بکە سەرنج بدەنە دۆخەکانی تووڕەبوون، هەراسانی و شێوازی جڵەوگرتنیان. گفتوگۆ دەربارەی باسەکە ساز بکەن. دەکرا کارەکتاری فیلمەکە بە جۆرێکی دیکە جڵەوی تووڕەیی گرتبا؟ چۆن؟ (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، زمان)

11-نێوبژێکی کارزان، یاخود کارمەندانی کۆمیەتی «چارەی ناکۆکی» ی نێو فێرگە، بانگهێشت بکە باس لە کاری خۆیان بکەن. کۆمەکی فێرخوازان بکە پرسیار ئامادە بکەن تا لە میوانەکەی بکەن. پاش سەردانەکە، داوا لە فێرخوازان بکە چوار چوار بەرنامەی «چارەی ناکۆکی» بۆ فێرگەکەت ساز بکەن. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی)

12-داوا لە فێرخوازان بکە ڕووداوێکی مێژوویی بکەنە ڕۆڵوازی کە تێیدا کاراکتەرەکە جڵەوی تووڕەبوونی خۆی دەگرێت (نموونە لە دونیای خۆتان بهێنەوە). (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، دراما)

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

### وانەی یەکەم: دەربارەی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی

وانەی ڤیدیۆدار

## چەمک

هەم ڕووداوی دەرەکی و هەم خەیاڵی ناوەکی دەشێت ببنە هۆی ترووکانی هەستی تووڕەیی.

جڵەوگرتنی تووڕەیی پێویستی بە هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» هەیە.

بیردانەوە دەربارەی ڕەفتارمان لە دۆخی تووڕەبووندا کۆمەکمان دەکات باشتر جڵەوی تووڕەییمان بگرین لە داهاتوودا.

**چەمکی زمانەکی: نیشانەی تووڕەیی، دوگمەی تووڕەیی، دەرەکی، ناوەکی، بیردانەوە**

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- ناساندنی نیشانەی فیزیکیی تووڕەبوون.
- ناونانی ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی تووڕەیی.
- وردبوونەوە لە مەبەستی بەرانبەر.
- بەکارهێنانی پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی.
- بیردانەوە دەربارەی جڵەوگرتنی تووڕەیی.

## پێداویستی

- کاسێتی ڤیدیۆی بەرگی پێنجەمی «هەنگاو بە هەنگاو»: «یارییەکە».
- تەلەڤیزیۆن و ئامێری لێدانی کاسێتی ڤیدیۆ.

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 4: بەشی 3 بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە سەرنجێکی گشتییە دەربارەی ناسینەوەی نیشانەگەلی تووڕەیی و دوگمەی تووڕەیی. فێرخوازان لەگەڵ بەکارهێنانی هونەری خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشەدا بەردەوام دەبن. فێر دەبن چۆن ناکۆکی لە ئەنجامی کێبەرکێی جڤاکی پەیدا دەبن و فێریش دەبن لە بری بازدان بۆ ئەنجامگیریی پەلە، لە مەبەستی ڕاستینەی بەرانبەر ورد ببنەوە.

لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەتوانن بیکەنە دوو بەش، بەڵام نێوانیان لە دوو ڕۆژ زیتر نەبێت. پێشتر تەماشای فیلمەکە بکە، پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ لە چارەی تووڕەیی دەدوێین. کرداری کاتی تووڕەیی مەسەلەیەکی گرنگە. ڕووشاندنی هەستی بەرانبەر کارێکی ڕاست نییە.

1- چۆن تووڕەبوونی خۆت دەناسیتەوە؟ لەشت هەست بە چی دەکات؟ (سەر دەیەشێت. پێچ و گرێ لە گەدەدا دروست دەبێت).

لەش «نیشانەی تووڕەیی» بەکار دێنێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێت تووڕەین. سەرنجدانە ئەو نیشانەگەلە کۆمەکمان دەکات چارەی بکەین. «دوگمەی تووڕەیی» ئەو خاڵانەن کە وامان لێ دەکەن هەست بە تووڕەیی بکەین. دوگمە هەیە «دەرەکی» وەک ئەوەی کەسێک جنێوت پێ دەدات یاخود نۆرە بڕێ دەکات. دوگمەش هەیە «ناوەکی» وەک ئەوەی شتێک بە خۆمان دەڵێین وامان لێ دەکات تووڕەتر بین.

داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوەکانی نێو پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بخوێننەوە. ئەم هەنگاوانە کاتی تووڕەیی کۆمەکمان دەکەن.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەم کچە ناوی «کەژاڵ» ـە. لە فیلمەکەدا سەرنج بدەنە دوگمەی تووڕەبوونی کەژاڵ. فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ.

**2**- بۆچی کەژاڵ تووڕەیە؟ (براکەی گەمەکەیان پێ دەبڕێ و تووڕەیان دەکات).

**3**- ئایا براکەی مەبەستیەتی کەژاڵ تووڕە بکات؟ چۆن؟ ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2 ی پۆستەرەکە. هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە»تان لە بیر بێت. ، زووتریش باسمان کردوون.

**4**- کەژاڵ چی بە خۆی بڵێت باشە تا خۆی پێ ئارام بکاتەوە و تووڕەتر نەبێت؟ («ئاساییە». «دەبێت ئارام ببمەوە». « براکەم نازانێت چی دەکەین»).

جار هەیە تووڕەیی وامان لێ دەکات خێرا باز بدەینە خاڵی ئەنجامگیری و وەهای دابنێین کەسی بەرانبەر بەمەبەست دەیەوێت ئازارمان بدات. خۆئارامکردنەوە کۆمەکمان دەکات وچانێک بگرین و بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی مەبەستی ڕاستینەی بەرانبەر دەرک بکەین.

ئاماژە بە هەنگاوی ژمارە 3 بدە. ئەم هەنگاوە بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشەمان بیر دەخاتەوە تا کۆمەکمان بکات جڵەوی تووڕەیی بگرین. (بە پۆستەری «چارەی کێشە»دا بچۆوە).

5- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (کەژاڵ دەیەوێت یاریی خۆی بکات و کەس پێی نەبڕێت). ئادەی با پێکەوە ببینین کەژاڵ چۆن ئەم دۆخە چارە دەکات.

فیلمەکە پێشان بدە. وچانێک بۆ گفتوگۆ.

6- کەژاڵ کامە چارە ڕەچاو دەگرێت؟ (بە دایکی بڵێت. بەسەر کارزاندا هاوار بکات. بچێت بۆ ماڵی سیروان). چۆن بڕیار دەدات کامە چارە هەڵبژێرێت؟ (چارەکان هەڵدەسەنگێنێت).

7- بۆچی دەبێت کەژاڵ ئاشکرای بکات ئاخۆ کارزان بەمەبەست کارەکەی پێ دەبڕی؟ (تاکوو بزانێت چۆن کێشەکە چارە بکات).

کەژاڵ دەیەوێت لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆیدا گەمان بکات بێ ئەوەی هەستی کارزان بریندار بێت و هەرا ساز بێت.

8- ئایا چارەکەی کەژاڵ بۆ دواندنی براکەی سوودی هەبوو؟

(ئاماژە بدە بە پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، هەنگاوی 4). پاش ئەوەی کێشەکە چارە دەکەین دەبێت بیری لێ بکەینەوە چیمان کرد. ئەمەش پێی دەڵێن «بیردانەوە». (ئاماژە بدە بە پرسیارەکانی هەنگاوی 4). وەرن وەک کەژاڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

## ڕۆڵوازی

ئەوجا بەیەکەوە چەند دۆخێک دەکەینە ڕۆڵوازی تووڕەیی بە دەمەوە بێت. دۆخێک پێشان دەدەم و چارەی دەکەم.

پێشانی فێرخوازانی بدە. کەسێک پێ دەنێت بە پشتی پێڵاوکەتدا و لە پێت دەبێتەوە. تووڕە دەبم. هەست دەکەم ڕوخسارم سوور دەبێتەوە. سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو ئەوجا خۆدواندن بە گوتەی ئارامبەخش: ئارام بەوە. ئەمەم پێ چارە دەکرێت. بە ئاشکرا بیر لە چارەی کێشەکە بکەوە.

پاش ڕۆڵوازییەکە، لە ڕێی پرسیارەکانی بیردانەوەی هەنگاوی ژمارە 4 چارەکە هەڵسەنگێنە.

## لیستەی باسەکان:

- هاوپۆلێک بەر شانت دەکەوێت، بەڵام **داوای لێبووردن ناکات**.
- لەگەڵ براکەت چۆرەکتان دروست کرد، بەڵام ئەو لە خاوێنکردنەوەدا کۆمەکت ناکات.
- تۆ دوور دەکەویتەوە لە مێزی فراڤین، کچێک شیرینیەکەت دەخوات.
- دوو کوڕ ناهێڵن لە گەماندا نۆرەت بێت.
- هەڤاڵێک فەرمانت بەسەردا دەکات.

## ئەنجامگیری

هەموو کەسێک تووڕە دەبێت. تووڕەبوون ڕەوایە. گرنگ ئەوەیە ڕەفتاری تووڕەییمان باش بێت. ڕەفتارێک ئازاری خەڵک یاخود زیان بە موڵکیان بدات نارەوایە. خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشە بە دوورمان دەگرن لەوەی کاتی تووڕەبوون ئازاری بەرانبەر بدەین.

## بۆماڵەوە

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 4: بەشی سێهەمی «هەنگاو بە هەنگاو».

## گواستنەوەی زانیار

فێرخوازان ڕابهێنە کاتی پێویست پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی بەکار بهێنن.

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە دەربارەی دەمێ بنووسن کە هەستیان بە تووڕەیی کردووە. لێیان بپرسە، «چ ڕووداو یان گوتەیەک دوگمەی تووڕەبوونی لای ئێوە تررووکاند. چیتان کرد؟»

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی دووهەم: چارەی هەراسانی

## چەمک

هونەری جڵەوگرتنی توورەیی یاریدەرە بۆ چارەیەکی چوستی هەراسانی.

## چەمکی زمانەکی: هەراسانی، پاراستن

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- ناونانی نیشانەی فیزیکیی هەراسانی.
- خامۆشکردنەوەی هەراسانی لە ڕێی جڵەوگرتنی توورەییەوە.
- پیادەکردنی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی توورەیی»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ گەر لە بوارێکی خوێندن یان جڤاکیدا کورتی بێنێت هەست بە هەراسانی و دڵشکان دەکات. جار هەیە بەرتەکی جرپنانەی هەراسانی وەڵامێکی زبر و کێشەدارە. هەراسانیش بەهەمان شێوەی توورەیی چارە دەکرێت. هەر ئەوەندەی هەست ئارام بۆوە، شیمانە (ئەگەر) ی دۆزینەوەی چارەی باشتر زێترە.

سەگی پاس نموونەیەکی باشە بۆ پێشاندانی پەیوەندی هەراسانی بە دڕییەوە. سەگی هەراسان (سەگی زنجیرکراوە یاخود برسی) دڕترە لە سەگی تێر.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین کاتی هەراسانبوون چی بکەین باشە. فۆتۆکە پێشان بدە.




«دانیال» دەیەوێت لە تواناداۆزیی ماتەماتیکدا نمرەیەکی باش بەدەست بهێنێت. مەخابن، چەند ڕۆژێک لە فێرگە دابڕا و دوو وانەی لەدەست چوو، بۆیە وەڵامی چەند پرسیارێکی بۆ ساز نابێت.

**1**- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (دانیال چەند پرسیارێکی ماتەماتیکی بۆ ساز نابێت).

2- دانیال هەست بە چی دەکات؟ (هەراسانە). چۆن دەزانیت؟ (برۆکانی تێک ناوە، ددانی جیڕ کردوون).

کاتێک کار بەو جۆرەی تۆ مەبەستتە ساز نابێت، هەست بە «هەراسانی» دەکەیت. دانیال وەها هەراسانە خەریکە پەنا بۆ گزی دەبات، خەریکە پەڕەکەی بدڕێنێت.

3- چی ڕوو دەدات ئەگەر دانیال یەکێک لەو دوو کارە ئەنجام بدات؟ **(پەست دەبێت. کێشەکەی چارە ناکات).**

چارەی هەراسانی وەک چارەی تووڕەیی وایە.

4- دانیال چی بکات باشە بۆ ئەوەی ئارام ببێتەوە؟ (سێ هەناسەی قووڵ. پشتەوژمێری خاو. بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام. خۆدواندن).

5- دانیال چارەی دیکەی هەیە؟ (داوای یارمەتی لە مامۆستا بکات. واز بهێنێت. تواناداۆزییکە دوا بخات. ئەو نمرەیە پەسەند بکات کە دەیهێنێت).

6- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

7- بە بۆچوونی ئێوە دەبێت دانیال چی بکات؟ بۆچی؟

8- ڕووی داوە وەک دانیال هەراسان بووبیت؟ هۆی چی بووە؟ چیت کرد؟ مرۆڤ دەبێت «خۆڕاگر» بێت و کۆڵ نەدات.

وەرن هەنگاوەکانی «چارەی هەراسانی» بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- هۆکاری هەراسانبوونت بدۆزەوە. 3- بڕیاری چارەیەک بدە: پەسەندی بکە، بیگۆڕە یاخود لای کەسێک باسی بکە.

**ڕۆڵوازی**

ئەوجا کاتی ڕۆڵوازییە. سەرەتا من لە بری دانیال هەنگاوەکان پیادە دەکەم.

پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی دانیال ببینە و هەنگاوەکانی پۆل پیادە بکە. سێ هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە، پشتەوژمێری خاو لە ژمارە 10 وە. ئەوجا بە خۆت بڵێ: دەبێت ئارام ببمەوە. ئەمەم پێ چارە دەکرێ. هەست بە هەراسانی دەکەم چونکە خۆم ئامادە نەکردووە. لە مامۆستا بپرسە: ئایا دەتوانم تواناداۆزییکە دوا بخەم؟

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی «چارەی هەراسانی» م ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

**گریمان:**

- ناتوانیت زنجیری بایسیکلەکەت چاک بکەیت.
- دڵت سیدییەکی دەوێت، نرخەکەیت بۆ هەڵناسووڕێت.
- مامۆستا وانەکەی شی کردەوە بەڵام هێشتا پەشۆکاویت.

- برسیتە بەڵام سەرەی فراقینت نایەت.
- ناتوانیت بچیت بۆ سینەما چونکە دەبێت بەدیار خوشکە بچووکەکەتەوە دانیشیت.

**ئەنجامگیری**

خۆئارامکردنەوە و بیرکردنەوە لە گشت کێشەکە شێوازێکی کاریگەرە بۆ چارەی هەراسانی. جار هەیە چارەیەکی دیکە نییە، هەر دەبێت خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بین.

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

« چارەی هەراسانی» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

گەر منداڵ هەیە زوو زوو هەراسان دەبن هانیان بدە هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی و چارەی کێشە پیادە بکەن. زۆر جار ئەم منداڵانە خۆیان گیرۆدەی خەیاڵی خراپ دەکەن، بۆ نموونە «ئەمە کاری منداڵە» یاخود «من بۆ هیچ کارێک دەست نادەم!». ڕێنوێنیان بکە پەیامە خراپەکان بە خۆدواندنی گەش بگۆڕنەوە.

**چالاکیی دیکە**

داوا لە فێرخوازان بکە باسێک دیاری بکەن زۆر پێی هەراسان بن و پلانێک بۆ خامۆشکردنی هەراسانییەکە داڕێژن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی سێهەم: چارەی تۆمەت

## چەمک

مرۆڤ بۆ چارەی تۆمەت وەها باشە بیر لە گوتەی بەرانبەر بکاتەوە و ئەوجا بە شێوەیەکی دوور لە توندوتیژی وەڵامی بداتەوە.

## چەمکی زمانەکی: تۆمەت

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دۆزینەوەی شێوازی کاریگەر و ئاشتییانە بۆ چارەی تۆمەت.
- بەکارهێنانی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی.

## پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

گرنگە بە ئارامی وەڵامی تۆمەت بدرێتەوە. منداڵ دەبێت فێر ببن هونەری خۆئارامکردنەوە بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئارام و ڕێک چارەی تۆمەت بکەن. تۆمەتی ڕاست و ناڕاستیش دەکرێت بە ئارامی و بە چوستی و بە ئاشتییانە چارە بکرێن.

ڕوونی بکەوە کە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی بەهێزییە نەک لاوازیی.

لەم وانەیەدا، فێرخواز دوو دەستە ڕۆڵوازی دەکەن: یەکێکیان بۆ تۆمەتی ناڕاست و ئەوی دیکەیان بۆ تۆمەتی ڕاست. جگە لەوەش بەشی چیرۆک و گفتوگۆش هەیە. لەبەر درێژیی ئەم وانەیە، دەکرێت بە دوو بەش بگوترێتەوە بەڵام دوو ڕۆژی زیاتر نێوان نەبێت.

### چیرۆک و گفتوگۆ، بەشی یەکەم

ئەمڕۆ باس لە چارەی تۆمەت دەکەین.

**1.** «تۆمەت» چییە؟ (تۆمەتێک دەخرێتە پاڵ کەسێک).

فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمە «نازناز» ە و ئەوەش «ئاڤان». هەردووکیان بەشداری بەرنامەی پاش-فێرگەن. نازناز تێبینی دەکات ئاڤان کاتژمێرێکی لە دەستە وەک ئەوەی نازناز هەفتەی ڕابردوو بزری کرد. یەکسەر تۆمەتباری دەکات و دەڵیت: «لەگەڵ تۆمە، ئەوە کاتژمێری منە و تۆ دزیوتە!»

**2.** کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (نازناز تووڕەیە چونکە پێی وایە ئاڤان کاتژمێرەکەی دزیوە).

ئاڤان کاتژمێرێکی بە دیاریی ساڵڕۆژی خۆی وەرگرتووە. دیارییەکەی ئاڤان لە کاتژمێرەکەی نازناز دەچێت. ئاڤان کاتژمێرە نوێیەکەی لە دەستە. دەزانێت کە تۆمەتەکە ڕاست نییە.

**3.** ئاڤان هەست بە چی دەکات؟ (پەشۆکاوە، تووڕەیە، دڵی شکاوە).

ئاڤان هەست بە تووڕەیی دەکات چونکە پێی وایە نازناز نارەوایە. جرپنی هانی دەدات هاوار بەسەر نازنازدا بکات و پێی بڵێت درۆزن.

**4.** چی ڕووی دەدا ئەگەر ئاڤان وای بکردایە؟ (دۆخەکە خراپتر دەبوو).

**5.** نازنازیش تووڕەیە. ئەم دوو کچە، بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی خۆیان، چی بکەن باشە؟ (سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو). ئاماژە بدە بە هەنگاوی ژمارە 2 ی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی».

6. پاش خۆئارامکردنەوە، ئاڤان بیر دەکاتەوە بڵێت چی. چی بڵێت باشە؟ («پێم ناخۆشە کاتژمێرەکەت بزر کردووە. بەڵام ئەمە کاتژمێری خۆمە بە دیاریی ساڵڕۆژی خۆم بۆم هاتووە. خوشکەکەم دەزانێت. دەتوانم کۆمەکت بکەم لە دۆزینەوەی کاتژمێرەکەتدا»).

7. پاش ئەوەی نازناز ئارام دەبێتەوە، چی بکات باشە؟ (داوای لێبووردن بکات لەوەی خێرا بازی دایە خاڵی ئەنجامگیری. سوپاسی ئاڤان بکات کە ئامادەیە کۆمەکی بکات).

وەرن چەند هەنگاوێکی چارەی تۆمەت بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- بڕیار بدە ئاخۆ ئەوەی بەرانبەر دەیڵێت ڕاستە. 3- بڕیار بدە چی بکەیت دەربارەی: وەڵامی گونجاو بدەوە و ئەگەر پێویست بێت داوای لێبووردن بکە.

**ڕۆڵوازی**

ئەوجا چەند دۆخێک دەکەینە ڕۆڵوازی تێیدا چارەی تۆمەتی ناڕاست دەکەین. من ڕۆڵی ئاڤان وازی دەکەم. دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی نازناز.

پیشانی فێرخوازانی بدە. ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی نازناز دەبینێت: «لەگەڵ تۆمە، ئەوە کاتژمێری منە! تۆ دزیوتە». تۆش وەک ئاڤان، هەنگاوەکان بەکار بێنە. سێ هەناسەی قووڵ هەڵکێشە، پشتەوژمێری خاو، ئەوجا بەخۆت بڵێ: ئارام بە. ئەوجا بڵێ «پێم ناخۆشە کاتژمێرەکەت بزر کردووە. بەڵام ئەمە کاتژمێری خۆمە، بە دیاریی ساڵڕۆژی خۆم بۆم هاتووە. خوشکەکەم دەزانێت. دەتوانم کۆمەکت بکەم لە دۆزینەوەی کاتژمێرەکەتدا».

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

ئەم ڕۆڵوازیانە کاریگەرتر دەبن گەر تۆمەتبار گوێی لە تۆمەتی تۆمەتدەر نێت. ئەگەر هەست دەکەیت فێرخوازەکانت نایکێشن، تۆ تۆمەتەکە باس بکە و تۆمەتدەر تەنها بە ڕوخسار و لەش ئەو ڕۆڵە ببینێت.

**گریمان تۆمەتبار کرایت بە:**

- درۆکردن.
- تەلەفۆن نەکردن کە گوتوتە دەیکەیت.
- نووسین لەسەر دیواری تەوالێت.
- دزیکردن لە کۆگایەک.
- بردنی پارەی فراڤینی هەڤاڵێک.
- سوێندی درۆ.

**چیرۆک و گفتوگۆ، بەشی دووهەم**

چی دەبێت ئەگەر چیرۆکەکە بە جۆرێکی دیکە بوایە؟ هەفتەی ڕابردوو، ئاڤان و نازناز لە وەرزشخانە وازییان دەکرد. ئاڤان بەدەم دەرچوونەوە تێبینی کرد کاتژمێریک لەلای چەند کتێبێکەوە دانراوە. کەسی لێ نەبوو. ئاڤان بڕیاری دا کاتژمێرەکە بخاتە جانتاکەیەوە.

**8.** لەم چیرۆکەدا ئاڤان هەست بە چی دەکات کاتێک نازناز بە دزین تۆمەتباری دەکات؟ (تاوان، ترساو، دڵشکان).

**9.** کاتێک نازناز تۆمەتباری دەکات بە دزی، دەبێت ئاڤان چی بکات؟ (ئارام بەوە، داوای لێبووردن بکە، ڕاستییەکە بڵێ، ڕووداوەکە باس بکە).

بارێکی ترسناکە مرۆڤ تۆمەتبار بکرێت. سەلماندنی تۆمەتیش کارێکی ئاسان نییە. ئاڤان دەزانێت خۆی تۆمەتبارە و دەبێت ڕاستییەکەی بڵێت.

**10.** لە جیاتی هەرا و هوریا، ئاڤان ئازا دەبێت و بەرپرسانە ڕەفتار دەکات. دەبێت چ وشەیەک بەکاربهێنێت بۆ ڕوونکردنەوە؟ («هەفتەی ڕابردوو کاتژمێرەکەم لە هۆڵی وەرزش دۆزییەوە. کەسی لێ نەبوو. هەڵەم کرد و بردم. داوای لێ بووردن دەکەم»).

**11.** ئاڤان، بۆ ئەوەی تۆمەتی دزیی نەیەتە سەر، دەبا چی کردبا ئەو دەمەی کاتژمێرەکەی دۆزییەوە؟ (کاتژمێرەکەی ببردایە بۆ مامۆستاکەی یاخود بۆ بەشی «بزر و دۆزراوە». لەوێ جێی هێشتایە).

**12.** **ڕووی داوە چارەی تۆمەتێکت کردبێت؟ چی بوو؟ چۆن وەڵامتان دایەوە؟** (بیری فێرخوازان بخەوە ناو بەکار نەهێنن). **ئێستا با چۆنت دەکرد؟**

### ڕۆڵوازی

ئێستا هەمان دۆخ ڕۆڵوازی دەکەین، بەڵام ئەمجارە وەهای دادەنێین تۆمەتەکە ڕاستە. من دەبمە ئاڤان. (دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی نازناز).

**جێگری نازناز: «لەگەڵ تۆمە، ئەوە کاتژمێری منە! تۆ دزیوتە».** مامۆستا ڕۆڵی ئاڤان وازی دەکات. هەنگاوەکان: سێ هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە. بەخۆت بڵێ: دەشێت ئەمە کاتژمێری نازناز بێت. پاش ئەوەی باسکەمان دەکرد، دۆزیمەوە. بە نازناز بڵێ: هەفتەی ڕابردوو کاتژمێرەکەم لە هۆڵی وەرزش دۆزییەوە، کەسی لێ نەبوو. هەڵەم کرد و بردم. داوای لێ بووردن دەکەم. **کاتژمێرەکە بدەوە بە نازناز.**

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانم ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. دۆخەکانی ڕۆڵوازیی بەشی یەکەم بەکار بهێنە. ئەمجارەیان دەبێت فێرخواز وەهای دابنێت کە تۆمەتەکە ڕاستە.

### ئەنجامگیری

زۆربەی جار سەختە بۆ مرۆڤ کاتێک تۆمەتبار دەکرێت ئارامیی خۆی ڕاگرێت. ئەگەر ئارام بیت و بەرپرسایەتیی کرداری خۆت بگریتە ئەستۆ، کێشەکە بە شێوەیەکی ڕەوا و ئاشتییانە چارە دەکەیت.

### بۆماڵەوە

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«چارەکردنی هەراسانی» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

## گواستنەوەی زانیار

دەمی فێرخواز لە لایەن هاوپۆلەوە تۆمەتبار دەکرێن، هانیان بدە بیر لە گوتەی بەرانبەر بکەنەوە، چی گوتراوە و بۆچی گوتراوە. ئەگەر تۆمەتەکە ڕاستە، نەترسن و ئازایانە هەڵەی خۆیان بسەلمێنن. هەڵەکردن ئاساییە گەرچی زۆر کەس لای سەختە هەڵەی خۆی بسەلمێنێت. گەر تۆمەتەکە نادروست بوو فێرخوازی تۆمەتدەر دەبێت بە ئارامی دۆخەکە ڕاست بکاتەوە و داوای لێبووردن بکات.

## چالاکیی دیکە

1- داوا لە فێرخوازان بکە بیر لە کاتێک بکەنەوە تووشی تۆتەمەتێکی نارەوا بووبن. داوایان لێ بکە نامەیەک بۆ تۆمەتدەرەکە بنووسن تێیدا بۆچوونی خۆیان ڕوون بکەنەوە. بیریان بخەوە کە ناوی کەس نەهێنن – داوایان لێ بکە نامەکان بە برگەی «هەڤاڵی بەڕێز» دەست پێ بکەن.

2- داوا لە فێرخوازان بکە وازینامەیەکی بووکەڵان بنووسنەوە باس لە دۆخی نامەکەی سەرەوە بکات.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی چوارەم: دوورکەوتنەوە لە شەڕ

## چەمک

شەڕکردنی فیزیکی کێشە چارە ناکات.

چارەی دیکەی ئاشتییانە هەیە لە بری توندوتیژی.

## چەمکی زمانەکی: لاشەڕ

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- ناساندنی دەرهاویشتەکانی شەڕی فیزیکی.
- دۆزینەوەی چارەی دیکە لە بری شەڕی فیزیکی.

## پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵ هەیە شێوازی دڕی هەیە بۆ چارەی کێشە. کوڕان، بەتایبەتی، لایان سەختە نەچنە شەڕەوە. دایکوباوکان هەن منداڵی خۆیان هان دەدەن نەکشێنەوە لە شەڕ و فەرمانی کەس نەسەلمێنن. فیلمی کارتۆن و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیش زۆربەی جار پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن.

خەخت بخە سەر دەرهاویشتەی شەڕ. ئافەرین لەو منداڵانە بکە کە کاتی سەختی، «مێشک» بەکار دێنن و هونەرەکانی چارەی کێشە پیادە دەکەن. شێواز هەیە لاشەڕیشە و دابڕیشە. ئاماژە بە ڕێبەرانی لاشەڕ بدە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن لە شەڕ دوور بکەوینەوە.

فۆتۆکە پیشان بدە.




ئەمە «ماکوان» ـە و ئەمەش «کۆسرەت». ئەم دوانە پێکەوە باش هەڵناکەن. لە وێستگەی پاسدا ڕاوەستاون. ماکوان پۆستەرێکی بۆ کێبەرکێی هونەریی فێرگە نەخشاندووە و پێیەتی. کۆسرەت پۆستەرەکە لە دەستی ماکوان دەفرێنێت و هاوار

دەکات: «ئادەی با بیبینم!» ماکوان وەختە مستێک لە کۆسرەت بسرەوێنێت.

-1 ماکوان هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیە، سەرسوڕماوە) چۆن دەزانیت؟ (زاری کراوەیە. ڕووەوە کۆسرەت شۆڕ بۆتەوە).

-2 ماکوان تووڕەیی خۆی چۆن چارە بکات باشە؟ (هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، خۆدواندن).

-3 چی ڕووی دەدا ئەگەر ماکوان شەڕی لەگەڵ کۆسرەتدا کردبا؟ (ئازاریان پێ دەگەیشت. تووشی کێشە دەبوون. پۆستەرەکەی ماکوان دەدڕا).

-4 کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ ماکوان چی دەوێت؟ (ماکوان دەیەوێت پۆستەرەکە بە دەست بهێنێتەوە و دوور بێت لە شەڕ). کۆمەکی فێرخواز بکە بە شێوازێکی دوور لە لۆمە باسی کێشەکە بکەن.

-5 چارەی دیکە هەیە بۆ کێشەیە؟ (بە کۆسرەت بڵێت پۆستەرەکەی بگێڕێتەوە. داوای کۆمەک بکات لە گەورەساڵێکی جێباوەڕ).

-6 چی ڕوو دەدات ئەگەر ....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام).

-7 ماکوان کامە چارە هەڵبژێرێت، باشە؟

ماکوان بڕیار دەدات بە شێوەیەکی لاشەڕ چارەی دۆخەکە بکات. ئارام دەبێتەوە و بە دەنگێکی بەهێزی دابڕ دەڵێت: «پۆستەرەکەم دەوێتەوە. نامەوێت شەڕ بکەم».

-8 چی دەبێت ئەگەر چارەکەی ماکوان سوودی نەبێت؟ (چارەیەکی دیکە تاقی بکاتەوە).

-9 ماکوان بۆ ئەوەی پێشەڕۆژیش تووشی هەرا نەبێت لەگەڵ کۆسرەت، چی بکات باشە؟ (هەستی خۆی بۆ کۆسرەت ڕوون بکاتەوە. دوور بکەوێتەوە لە کۆسرەت).

وەرن چەند هەنگاوێکی «دوورکەوتنەوە لە شەڕ» بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- بیر لە ئەنجامی شەڕ بکەوە. 3- ویستی خۆت بۆ بەرانبەر ڕوون بکەوە.

**ڕۆڵوازی**

ئادەی با پێکەوە هەنگاوەکانی دوورکەوتنەوە لە شەڕ» بکەینە ڕۆڵوازی. سەرەتا من ڕۆڵی ماکوان دەبینم و خۆم لە شەڕ دوور ڕادەگرم.

پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی ماکوان وازی بکە بە بەکارهێنانی هەنگاوەکان. سێ هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە، پشتەوژمێری خاو، ئەوجا بە خۆت بڵێ: ئارام بەوە. ئەمەم پێ چارە دەکرێ. ئەگەر شەڕ بکەین کەسێکمان ئازاری پێ دەگات، پۆستەرەکەم تێک دەچێت. بە شێوەیەکی دابڕانە بە جێگری کۆسرەت بڵێ: پۆستەرەکەم دەوێتەوە. نامەوێت شەڕ بکەم.

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: ئایا ڕەچاوی هەنگاوەکانمان کرد بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ؟ ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. لەم لیستەی خوارەوە نموونەی لەبار هەڵبژێرە. ئازاد بە لە سازکردنی نموونەی دیکەی گونجاو.

**گریمان:**

- کەسێک پلاری تێگرتوویت.
- فێرخوازێکی گەورەتر گاڵتە بە جلوبەرگت دەکات.
- هاوپۆلێک شتێکی لە مێزەکەت بردووە بەبێ داوای مۆڵەت.
- فێرخوازێکی گەورەتر هەوڵی بردنی پارەی فراڤینەکەتی دا.
- فێرخوازێکی گەورەتر نارێک بەرانبەر هەڤاڵێکی تۆدا ڕەفتاری کرد.

- هاوپۆلێک لۆمەیەک لە تۆ دەکات، هەڵەی تۆی تێدا نییە.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین کە خۆئارامکردنەوە و بیرکردنەوە لە کێشەکە شێوازێکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ.

**بۆ ماڵەوە:** بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز.

«دوورکەوتنەوە لە شەڕ» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

## گواستنەوەی زانیار

گەر فێرخوازان تووشی هەرا بوون، خۆت بخە دۆخەکەوە و هەنگاوەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی و چارەی کێشەیان بەسەردا پیادە بکە. هانیان بدە کاتی کێشە هونەری خۆدواندن بەکار بێنن.

## چالاکیی دیکە

**1**- داوا لە فێرخوازان بکە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕێبەرێکی ناوداری لاشەڕ بکەن و بنووسن.

**2**- هەر فێرخوازێک لیستێک ساز بکات بە ناوی کەسانی گەورەساڵی جێباوەڕ کە هاوکاریان بن بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ و هەروەها بۆ دۆزینەوەی چارەی دیکەی ئاشتییانە لە بری شەڕ.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی پێنجەم: بەرگرتن لە تۆڵەسەندنەوە

## چەمک

بەشێکی گرنگی جڵەوگرتنی هەست بریتییە لە چارەکردنی جرپنیی تۆڵەسەندنەوە.

## چەمکی زمانەکی: تۆڵەسەندنەوە.

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی دەرهاویشتەکانی تۆڵەسەندنەوە.
- دیاریکردنی چارەی دیکە لە بری تۆڵەسەندنەوە.

## پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی توورەیی».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

منداڵی دڕ، لە بری دوورکەوتنەوە لە کاری نەیارانە، بە دووی تۆڵەسەندنەوەن. منداڵ پێویستی بە هاوکارییە بۆ دەرککردنی دەرهاویشتەکانی ڕەفتاری تۆڵەئامێز. منداڵی دڕ پێی وایە دڕیی سوودی هەیە و نەرمی بێسوودە. دەرکیان بۆ ڕەفتاری جڤاکدۆستانە کزە.

جەخت بکە لەسەر ئەوەی چارەی باشت هەیە، بۆ نموونە سنگفرەوانی و فەرامۆشکردنی ڕەفتاری بەرانبەر. ئەم وانەیە «تۆڵەسەندنەوە» وەک جرپنییەکی گشتی دەخاتە ڕوو.

## چیرۆک و گفتوگۆ

مرۆڤ زۆر جار بە ڕەفتاری ناڕێک و هەڵەی بەرانبەر تووڕە دەبێت و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی تێدا دروست دەبێت. ئەمرۆ فێر دەبین چۆن جڵەوی ئەو ئارەزووە بگرین و لە بری تۆڵەسەندنەوە چارەی دیکە بدۆزینەوە.

**1.** «تۆڵەسەندنەوە» چییە؟ (ئازاردانی کەسێکە لەبەر ئەوەی ئازاری داوم).

وێنەی «ڕێبین» و «ژانێت» پێشان بدە.



ئەمە ڕێبینە. ڕێبین ئامێری ترومپێت (بووق) لە تیپی مۆسیقای فێرگەدا دەژەنێت. ڕێبین بە ڕێکەوت خۆی کێشا بە ستاندی موزیکنامەکەی ژانێتدا و خستی. پێش ئەوەی ڕێبین هیچ بکات، ژانێت پەلاماری موزیکنامەکانی ڕێبینی دا و بە ژوورەکەدا بڵاویکردنەوە. ئەوجا ڕێبین تووڕەیە و دەیەوێت هەمان شت لە موزیکنامەکانی ژانێت بکات.

2. ڕێبین هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیە، هەراسانە). **بۆچی؟** (ژانێت موزیکنامەی ئەمی تورِ داوە).

ڕێبین هەست بە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە دەکات. سەختە بەر بگریت لە ویستی تۆڵەسەندنەوە کاتێک هەست دەکەیت ستەمت لێ کراوە. تۆڵەسەندنەوە زۆربەی جار کردارێکی جرپنانەیە، بێ ئەوەی تەواو بیر لە کێشەکە بکاتەوە. مرۆڤ هەیە بە دوای تۆڵەوەن چونکە پێیان وایە هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە.

تۆڵەسەندنەوە کێشەکە خراپتر دەکات. چارەی دیکە هەیە بەرانبەر بە تۆڵەسەندنەوە. ئادەی با بە یەکەوە بڕوانینە هەنگاوەکانی ژمارە 1 بۆ 3 ی پۆستەری «جلەوگرتنی تووڕەیی» و بیریان لێ بکەینەوە.

3. یەکەم کاری ڕێبین چی بێت باشە؟ (سەرنج بداتە هەستی لەشی خۆی. خۆی ئارام بکاتەوە. وچانێک بگرێت و بیر بکاتەوە).

4. ڕێبین چۆن خۆی ئارام بکاتەوە؟ (هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، خۆدواندن، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام).

ڕێبین بە خۆی دەڵێت «ئارام بەوە» و بە هێمنی، بە دەم کۆکردنەوەی موزیکنامەکان، دەیکاتە پشتەوژمێری خاو. تا دێتەوە جێی خۆی هەستی ئارامتر دەبێتەوە. ئەوجا دەچێتە سەر هەنگاوی چارەی کێشە.

5. کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (ڕێبین بە ڕێکەوت بەر ستاندی موزیکنامەی ژانێت کەوت. ژانێت تووڕە بوو، بە نیازی تۆڵەستاندنەوە، پڕی دایە

موزیکنامەکانی ڕێبین و بڵاویکردنەوە. ڕێبین هەست دەکات دەبێت ئەمیش تۆڵە بکاتەوە).

**6.** چی ڕوو دەدات ئەگەر ڕێبین تۆڵە لە ژانێت بستێنێتەوە؟ (دەشێت تووشی کێشە ببێت. کێشەکە خراپتر دەبێت).

**7.** چارەی کێشەکەی ڕێبین چییە؟ (دەشێت ژانێت فەرامۆش بکات. دەشێت داوی لێبووردن بکات).

پاش بیرکردنەوە لە چارە پەسەندکراوەکان، ڕێبین هەریەکەیان لە ڕێی ئەم پرسیارانەوە هەڵدەسەنگێنێت: «ئایا سەلامەتە؟ ئایا ڕەوایە؟ کەسانی بەرانبەر دەڵێن چی؟ ئایا سوودی دەبێت؟»

ڕێبین بڕیار دەدات کێشەکە گەورە نەکات. ڕوو دەکات ژانێت، داوای لێ بووردن دەکات لەوەی ستاندی موزیکنامەکەی خست و بە ئارامی ڕوونی دەکاتەوە کە بەمەبەست وای نەکرد و پێشی خۆش نەبوو موزیکنامەکەی پەرش بکرێت.

دواتر ژانێت دێت بۆ لای ڕێبین و داوای لێ بووردن دەکات. پێی وابوو ڕێبین دەیکاتە هەرا. بەڵام وا نەبوو، ڕێبین پێی دەڵێت: «بووراویت. تکایە جارێکی دیکە، بەر لەوەی توورە بیت، دەرفەت بدە تا بڵێم ببورە».

**8.** ڕێبین، پاش ئەوەی ژانێت داوای لێبووردنی کرد، چی دیکە بڵێت باشە؟ («کێشە نییە». «بووراویت»).

داوای لێبووردن و سەلماندنی ئەو داوایە لە هونەرە جڤاکییە گرنگەکانن.

**9.** بۆچی گرنگە ڕێبین لە ژانێت ببوورێت و داواکەی بسەلمێنێت؟ (کێشەکە چارەسەر دەبێت).

## چالاکی

بیر لە ڕووداوێک بکەوە تێیدا لە کەسێک تووڕە بووبیت و ویستووتە تۆڵەی لێبستێنیت. چی ڕوویدا؟

ئایا تۆڵەت کردەوە؟ چۆن؟ دەبا چیت بکردایە؟ (بیری فێرخوازان بخەوە کە نابێت ناو بەکاربهێنن). تۆڵەت نەکردەوە؟ چۆن خۆت ئارام ڕاگرت؟ چی ڕوویدا؟ چی بەباشی سوودی هەبوو؟ دەبا چیت کردبا؟

داوا لە فێرخوازان بکە چیرۆکەکانیان پیشانی یەکتر بدەن، بەتایبەتی ئەوەی تۆڵەی نەسەندۆتەوە.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین کە تۆڵەسەندنەوە نەک هەر کێشە چارە ناکات، بگرە زۆربەی جار کێشەی زۆرتر و گەورەتری لێ دەزێتەوە. شێوازی خۆئارامکردنەوەمان دووبارە کردەوە، باسمان کرد کە دەبێت وچان بگرین و بیر لە چارەی دیکە بکەینەوە نەک ڕێ بدەین تووڕەیمان تۆڵەسەندنەوەی لێ بزێتەوە.

### بۆماڵەوە

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«بەرگرتن لە تۆڵەسەندنەوە» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

### گواستنەوەی زانیار

فێرخوازان ڕابهێنە هونەری خۆئارامکردنەوە بەکار بهێنن و بیر لە دەرهاویشتەکانی تۆڵەسەندنەوە بکەنەوە. ئەگەر «تازە کار لە دەست ترازاوە و زیانی بووە» لە ئەنجامەکەی ورد ببنەوە. فێرخوازانی بەشداری کێشەکە هان بدە بیردانەوەی خۆیان لە ڕووداوەکە هەبێت و بە دوای چارەی دیکەدا بگەڕێن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی شەشەم: هەڵکردن لەگەڵ سزادا

### چەمک

سەلماندنی سزای سەلامەت ڕیشاڵێکی ڕەفتاری بەرپرسانەیە.

### چەمکی زمانەکی: سزای سەلامەت و ناسەلامەت، بەرپرسایەتی.

### ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دەرککردنی هۆی وەڵامی «نەخێر» لە دۆخی تایبەتدا.
- سەلماندنی سزای سەلامەت بەرانبەر ڕەفتارەکانیان.
- بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.
- پیادەکردنی هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی.

### پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

### ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە منداڵ ڕادەهێنێت لەگەڵ سزادا هەڵبکەن و هەستی هەراسانییان بە ڕەفتاری دروست دەرببڕن. پەروەردەی نارِوون و بێسەروبەر پەیامی دژ بە یەک

دەداتە منداڵ، پەروەردەی ڕێنوێن و سەلامەت منداڵ فێر دەکات هۆشێکی بەرپرسانە پەیدا بکات.

کرداری نێو پۆل ڕێگەیەکە بۆ گشتاندنی چەمکەکانی وانەکە. بڕوانە بەشی گواستنەوەی زانیار بۆ پێشنیازی تایبەت. هاوکاریی منداڵ بکە سزای سەلامەت و ناسەلامەت لەیەک جودا بکەنەوە. نابێت بە هەڵە هان بدرێن بەرەو سەلماندنی ستەمی فیزیکی و دەروونی. بڕوانە **ڕێبەری مامۆستا** بۆ پێشنیاز دەربارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو منداڵەی ڕووبەڕووی ڕەفتاری بەد و فەرامۆشی دەبێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن لەگەڵ سزادا هەڵبکەین. گەر مرۆڤ ڕێسا بشکێنێت و کاری دوور لە بەرپرسایەتی بکات، سزای خۆی هەیە. دایکوباوکان و کەسانی سەرپەرشت، جار هەیە بۆ ئەوەی منداڵ فێری بەرپرسایەتی بکەن، گەر منداڵ ڕێسابەزێنی کرد، سزای دەدەن. بەڵام ساز دەبێت سەلامەت بێت، نابێت زیان لە گیان و لەشی منداڵ بدات.

1. «سزای ناسەلامەت» چییە؟ (هەر کردارێک ببێتە هۆی ڕووشانی هەست یاخود ئازاری لەش. ڕووشاوی، بڕین، سووتاوی).
2. گەر سزا ناسەلامەت بوو دەبێت چی بکەیت؟ (لای کەسێکی جێباوەڕی گەورەساڵ باسی بکە).

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمڕۆ کەژاڵ چاوەڕێی دەکرد لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بچێتە سینەما. خێزانی کەژاڵ ڕێسایەکی سەلامەتیان دەڵێت مندال، گەر کەسی گەورەساڵی لەگەڵ نەبێت، پاش داهاتنی تاریکی نابێت لە دەرەوەی ماڵ بمێننەوە. کەژاڵ دوێنێ ئەو ڕێسایەی شکاند. سزاکەی ئەوەیە دایکوباوکی پێیان گوتوە بۆی نییە بچێتە سینەما. کەژاڵ نائومێدە و لە دایکوباوکی خۆی توورەیە.

**3.** کەژاڵ پێویستی بە خۆئارامکردنەوە هەیە. چی بکات باشە؟ (هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، خۆدواندن، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام).

**4.** کەژاڵ ئەوجا دەتوانێت کێشەکەی خۆی چارە بکات. کێشەکە چییە؟ (ناتوانێت بچێت بۆ سینەما چونکە ڕێسای خێزانی بەزاندووە).

5. سزای درەنگکەوتنەی کەژاڵ چییە؟ (نابێت لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بچێت بۆ سینەما). ئایا ئەمە سزایێکی سەلامەتە؟ (ئەرێ). بۆچی؟ (ئازاری لەش و گیانی کەژاڵ نادات).

کەژاڵ دەربارەی درەنگکەوتن و سزاکەی خەریکی بیردانەوەیە.

6. کەژاڵ هەست بە چی دەکات؟ (ناکامی. هەراسانی. توورەیی).

جار هەیە ئەم هەستە کۆمەکمان دەکات بڕیاری باشتر بدەین. لەمەولا کەژاڵ پێش داهاتنی تاریکی دێتەوە ماڵەوە چونکە دەزانێت سزاکەی چەند ناخۆشە. لەمەولا بەرپرسانە ڕەفتار دەکات.

7. وەرن بەیەکەوە بیری لێ بکەینەوە، بۆچی سزا دەدرێین. بۆچی دایکوباوکی کەژاڵ ناچاری دەکەن لە ماڵەوە بمێنێتەوە؟ (بۆ ئەوەی فێری بکەن بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ. بۆ ئەوەی فێر بێت ڕێسای سەلامەتی خێزانەکەی خۆی بپارێزێت).
8. کەژاڵ ئێستا چی پێ دەکرێت؟ (لە دایکوباوکی خۆی توورە بێت. داوای لێبووردن بکات. سزاکە پەسەند بکات). (یەک، دوو پێشنیازی نارێکیشی تێدا بێت).
9. چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسیار و وەڵام). کۆمەکیان بکە تێبگەن کە پێشنیازی نارێک، بۆ نموونە هاتوهاوار بەسەر دایکوباوکدا، دۆخەکە ئاڵۆز دەکات و کەمتر سوودی دەبێت.
10. بە بۆچوونی ئێوە کەژاڵ چی بکات، باشە؟

تەنانەت گەر داوای لێبووردنیش بکات، کەژاڵ بڕیاری دایکوباوکی پێ ناگۆڕێت. جار هەیە ناتوانین دۆخەکە بگۆڕین و تەنها هەراسانیمان بۆ دەمێنێتەوە. کەژاڵ ڕێسای ماڵەوەی زانیوە و ڕەچاوی نەکرد. نەچوونە سینەما سزایەکی سەلامەتی ئەو بڕیارەیە. کەژاڵ ناکامە، بەڵام دەتوانێت بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆی بگرێتە ئەستۆ. سەرەتا کەژاڵ هەستی بە تووڕەیی دەکرد، بەڵام ئێستا دەیەوێت پیشانی بدات کە لە ڕەفتاری خۆی بەرپرسە و سزاکەی پەسەند دەکات.

وەرن چەند هەنگاوێکی «هەڵکردن لەگەڵ سزادا» بنووسینەوە. ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە و هەڵوێستی باش پیشان بدە. 2- بیر لەوە بکەوە بۆچی سزا دراویت. 3- بیر لەوە بکەوە چۆن بارەکە چاک دەکەیتەوە. 4- تەنها سزای سەلامەت بسەلمێنە. 5- جاری داهاتوو بیر لە بەرپرسایەتیی خۆت بکەوە.

## چالاکی

داوا لە فێرخوازان بکە بیردانەوەیان هەبێت دەربارەی کاتێک لە لایەن دایکوباوک یا کەسێکی سەرپەرشتەوە، لەسەر ڕەفتارێکی تایبەت سزا درابن. داوایان لێ بکە دەربارەی ڕووداوەکە، دەربارەی چۆنێتیی هەستی خۆیان، دەربارەی چارەیان بۆ ڕووداوەکە و دەربارەی پێشنیازی تازەیان بۆ چارەی ئەو دۆخە، بنووسن. داوا لە فێرخوازی دڵخواز بکە باس لەو بەسەرهاتە بکەن. بیریان بخەوە نهێنیی پۆل بپارێزن، ئەوەی لە پۆلدا دەگوترێت، نەبرێتە دەرەوە.

## ئەنجامگیری

مرۆڤ دەبێت هەردەم بەرپرس بێت. ڕێسابەزێنی و ڕەفتاری هەڵە سزای هەیە. تەنانەت گەورەساڵانیش دەبێت لەگەڵ سزادا هەڵبکەن. ئەمڕۆ فێر بووین کە هەڵکردن لەگەڵ سزادا هەموو جارێک ئاسان نییە. بەشێکی بەرپرسایەتی بریتییە لە

فێربوونی سەلماندنی سزای سەلامەت و بەکارهێنانی ئەو سزایە وەک دەرفەتێک بۆ فێربوون .

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«هەڵکردن لەگەڵ سزادا» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

گەر لە پۆلدا کەسێکت سزا دا، جوان هۆیەکەی ڕوون بکەوە بۆ ئەوەی فێرخواز لە پەیوەستەی هۆکار و ئەنجام تێبگەن. کاتێک هاوکاریی فێرخواز دەکەیت بیردانەوەی خۆی هەبێت لە سزا، چەمکی وەک «بەرپرس» بەکار بهێنە.

«یادی ئەمڕۆ»: داوا لە فێرخوازان بکە باس لە ڕووداوێک بکەن تێیدا بەرپرسایەتییان پێشان دابێت.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی هەفتەم: سکاڵا

## چەمک

ڕەفتاری ڕێزدارانە و دابڕ پێویستە بۆ سکاڵاکردن.

وەڵامدانەوەی کاریگەرانەی سکاڵا پێویستی هەیە بە بیرکردنەوە دەربارەی گوتەی کەسی بەرانبەر و ئەوجا وەڵامدانەوەی ئارام.

## چەمکی زمانەکی: سکاڵا، دابڕ.

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- سکاڵاکردن بە شێوەیەکی دابڕانە.
- دۆزینەوەی شێوازی دیکەی وەڵامدانەوەی سکاڵا.
- بەکارهێنانی هونەری چارەی کێشە.

## پێداویستی

- پۆستەر: «جڵەوگرتنی تووڕەیی»، «چارەی کێشە».
- پەڕەی پۆستەر و پێنووسی مارکەر.
- بڵاوکراوە: ئەرکیماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

مرۆڤ گەر هونەری سکاڵای بونیاتنەرانە فێر نەبێت ناتوانێت بە جوانی سکاڵا بکات. زۆر جار لە بری سکاڵا مرۆڤ دەیکاتە دەنگۆ، چونکە باسکردنی کێشەکە لەگەڵ کەسانی دیکەی ناپەیوەند بە باسەکەوە، ئاسانترە.

لایەنی ڕووخێنەری دەنگۆ پێشان بدە و ڕوونی بکەوە چەند گرنگە هۆی نارەزایی لەگەڵ کەسی پەیوەندیدا باس بکرێت. زۆر جار مرۆڤ سکاڵا گرێی ڕەفتاری تووڕە دەدەن. ڕوونی بکەوە کە مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەکی دۆستانە بەڵام دابڕ و ڕاستەوخۆ باسی کێشەکە بکات و ئەم هەڵوێستەش باشترین ئەنجامی هەیە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین ڕێزدارانە هەم سکاڵا بکەین و هەم وەڵامی سکاڵا بدەینەوە. «سکاڵا» ڕوونکردنەوەی نارەزایی خۆتە لە باسێک.

فۆتۆکە پێشان بدە.



ئەمە «داليا» یە. داليا تازە کورتە چیرۆکەکەی خۆی لە مامۆستاکە وەرگرتۆتەوە. پڕێتی لە سەرنج و ڕاستکردنەوە. داليا باش کاری لەسەر ئەم چیرۆکە کرد و پێی وابوو یەکێک بووە لە باشترین کارەکانی خۆی. پێی وایە مامۆستا، لە چاو فێرخوازانی دیکەدا، لەگەڵ ئەم توندترە.

1- کێشەی نێو ئەم چیرۆکە چییە؟ (داليا پێی وایە بێدادی لەگەڵ کراوە).

2- بە بۆچوونی ئێوە داليا هەست بە چی دەکات؟ (دڵتەنگە، تووڕەیە).

3- داليا چی پێ دەکرێت دەربارەی کێشەکە؟ (هەستی خۆی بۆ مامۆستا ڕوون بکاتەوە. هیچ شتێک نەڵێت و زیاتر هەوڵ بدات).

4- چی ڕوو دەدات ئەگەر .....؟ (بۆ هەڵسەنگاندنی چارە، داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوی ژمارە 3 ی پۆستەری «چارەی کێشە» بکەنە بنەمای پرسيار و وەڵام).

داليا بڕيار دەدات چۆنێتیی هەستی خۆی بە مامۆستاکەی بڵێت.

5- چ کاتێک بۆ داليا باشە مامۆستاکەی بدوێنێت؟ (کاتێک مامۆستا کاتی دەبێت بۆ دواندن). دەبێت چی بڵێت؟ («من خەمگینم چونکە هەوڵی زۆر دەدەم بەڵام لەوانەی دیکە زیاتر تێبینیت لەسەر کارەکەم هەیە»). دەبێت چۆن بیڵێت؟ (بە دەنگێکی ڕێزدار و دابڕ).

داليا دەبێت بە شێوەیەکی دابڕ باسەکەی خۆی بۆ مامۆستا ڕوون بکاتەوە. «دابڕ» مانای ئەوەی مرۆڤ ڕێزدارانە و ڕوون بەرگری لە خۆی بکات. ڕێک ڕاوەستێت، ڕوو بکاتە مامۆستا و هەستی خۆی بۆ مامۆستا ڕوون بکاتەوە. داليا پەشێوە، لەبەر ئەوە چەن جارێک خۆی ڕادەهێنێت.

6- ئەگەر تەواو گوێت لە سکاڵایەک بوو، چۆن بە باشترین شێوە وەڵامی دەدەیتەوە؟ (جوان بیر لە قسەکان بکەوە و بڕیار بدە ئاخۆ دروستن یان نا. ڕوونی بکەوە، داوای لێبووردن بکە).

پاش سکاڵاکردنی دالیا، مامۆستاکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، «پێم ناخۆشە تۆ خەمگین بیت. توندم لەسەر نووسراوەکانت چونکە دەزانم بەهرەت هەیە و دەمەوێت کۆکمەکت بکەم پەرەی پێ بدەیت. دەبوایە بە تایبەتی پێم بگوتیتایە بۆچی ئەوەندە تێبینی لەسەر نووسراوەکانت دەنووسم».

7- ئەوجا دالیا هەست بە چی دەکات؟ (ڕازییە، شانازی بەخۆوە دەکات، هێشتا کەمێک پەستە).

ئەنجامێکی بەهرەداریی ئەوەیە مامۆستا و ڕاهێنەر چاوەڕێی زیاترت لێ دەکەن. ئێستا دالیا تێدەگات بۆچی مامۆستاکەی ئەوەندە تێبینی لەسەر نووسراوەکانی دەنووسێت. دالیا دڵخۆشە چونکە سکاڵای خۆی کرد.

سکاڵاکردن و هەروەها سەلماندنی سکاڵا بە شێوەیەکی ڕێزدارانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هونەرێکی گرنگە. دەبێت خۆمان ڕابێنین.

«وەرن چەند هەنگاوێک دەربارەی سکاڵا بنووسینەوە». ڕێنوێنی فێرخوازان بکە چەند هەنگاوێک ڕیز بکەن. ئەمانەش نموونەن: 1- خۆت ئارام بکەوە. 2- کات و شوێنی گونجاو هەڵبژێرە. 3- بیر لە گوتەی خۆت بکەوە. 4- ڕێک ڕاوەستە، ڕوو بکە بەرانبەر و بە دەنگێکی ڕوون و دابڕانە سکاڵاکەت بکە.

ئەوجا هەنگاوەکانی وەڵامدانەوەی سکاڵا دەنووسینەوە. نموونە:

- خۆت ئارام بکەوە

- بیر لە گوتەی بەرانبەر بکەوە.
- بڕیاری چارەکەی بدە.

## ڕۆڵوازی

چەند دۆخێک دەکەینە ڕۆڵوازی تێیاندا ڕێزدارانە هەنگاوەکانی سکاڵاکردن و وەڵامدانەوەی سکاڵا پێشان دەدەین. سەرەتا، من ڕۆڵی دالیا وازی دەکەم کە سکاڵا لای مامۆستاکەی دەکات. (دڵخوازێک هەڵبژێرە بۆ ڕۆڵی مامۆستا).

پێشانی فێرخوازانی بدە. ڕۆڵی دالیا وازی بکە بە بەکارهێنانی هەنگاوەکان. سێ هەناسەی قووڵ هەڵبکێشە، پشتەوژمێری خاو، ئەوجا بەخۆت بڵێ: ئارام بەوە. ئەمەم پێ چارە دەکرێ. کات و شوێن هەڵبژێرە. بەخۆت بڵێ: دەبێت بیر لە گوتەی خۆم بکەمەوە. بە مامۆستای ئەکتەر بڵێ: خەمبارم چونکە هەوڵی زۆر دەدەم کەچی لەوانەی دیکە زیاتر تێبینی وەردەگرم.

ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی مامۆستا وازی دەکات دەبێت بە ئارامی وەڵامی سکاڵاکە بداتەوە و بە خۆی بڵێت: «ڕاست دەکات، توندم لەسەر نووسراوەکانی، بەڵام لەبەر ئەوەیە بەهرەی هەیە ببێتە نووسەرێکی گەورە». ئەوجا بە دالیا دەڵێت: «پێم ناخۆشە خەمباریت. توندم لەسەر نووسراوەکانت چونکە دەزانم بەهرەت هەیە. دەمەوێت کۆمەکت بکەم پەرەی پێ بدەیت. دەبوایە بە تایبەتی پێتم گوتبا بۆچی ئەوەندە تێبینی دەنووسم».

پاش ڕۆڵوازییەکە، بپرسە: چۆن بووین؟ ئایا هەنگاوەکانمان ڕەچاو گرت؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. گرووپی دوو کەسی ساز بکە و داوایان لێ بکە کار لەسەر ئەم دۆخانەی خوارەوە بکەن:

- هاوڕێ خۆشەویستەکەت نایەوێت هەڤاڵی دیکەت هەبێت.
- هەڤاڵێک ئەرکی ماڵەوەت کۆپی دەکاتەوە.
- دایکوباوکت ناچارت دەکەن زیاتر لە خوشکەکەت کاری نێوماڵ بکەیت.
- هەڤاڵێک هەڤاڵێکی دیکەت وەدەر دەنێت.
- براکەت ژوورەکەت تێک دەدات و بۆ خاوێنکردنەوە کۆمەکت ناکات.
- هەڤاڵێک بەردەوام دەنازێت بەوەی خۆی لە هەموو کەسێکی دیکە چاکترە.

**ئەنجامگیری**

سکاڵاکردن بە شێوازێکی ئارام و دابڕانە ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی هەست بە وشە. کۆمەکمان دەکات لە بری جڵەوی تووڕەیمان بگرین. مەرج نییە سکاڵاکردن باری پێشوو بگۆڕێت، بەڵام ڕێگەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی هەستی خۆمان.

**بۆ ماڵەوە**

بڵاوکراوە: ئەرکی ماڵەوەی ڕاپۆرتی فێرخواز، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

«سکاڵاکردن و وەڵامدانەوەی سکاڵا» وەک توانایەکی جڤاکی بکە سەردێڕ و فێرخوازان بە هەنگاوەکانی لە وانەکەدا باسیان لێ کردوون، لیستەکە پڕ بکەنەوە.

**گواستنەوەی زانیار**

**«یادی ئەمڕۆ»:** داوا لە فێرخوازان بکە باس لە ئەزموونێک بکەن تێیدا ڕێزدارانە مامەڵەتیان لەگەڵ سکاڵا کردبێت.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی هەشتەم: دیاریکردنی ئامانج

## چەمک

دیاریکردنی ئامانج پێویستی بەوەیە مەبەستی خۆت بزانیت و هەروەها پلانی ڕووەو ئەو مەبەستەش دابڕێژیت.

**چەمکی زمانەکی: ئامانج، پێشکەوتن.**

## ئامانج

فێرخواز توانایان دەبێت بۆ:

- دیاریکردنی ئامانج.
- دارشتنی پلانی گەیشتنە ئامانج.

## پێداویستی

- سلایدی ژمارە 4.
- پرۆژەکتەر (ئامێری پێشاندانی وێنە لەسەر پەردە).
- بڵاوکراوە: ئامانجی من.
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 5: دیاریکردنی ئامانج، «هەنگاو بە هەنگاو».

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

دیاریکردنی ئامانج و دارشتنی ڕێی گەیشتنە ئامانج هانی فێرخواز دەدات زیاتر بیر لە پێشەڕۆژ بکەنەوە وەک لەوەی بە دیار بەرتەکی ئەمڕۆوە گیر بخۆن. فێرخواز زۆر جار

ئامانجی بواری خوێندن و وەرزش دیاری دەکەن. هانیان بدە، لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە ئامانجی جڤاکیش دیاری بکەن.

وردکردنەوەی ئامانج بۆ چەند هەنگاوێکی یەک بەدوا یەکی ڕێکخراو، کارێکی سەختە. بەڵام نموونەکانی ئەم وانەیە و ڕێنوێنی تۆ ئەو کارە هاسانتر دەکات. جەخت بخە سەر ئەوەی سەبر و کات پێویستن بۆ گەیشتنە ئامانجی بەرز. کاتی تایبەت دیاری بکە بۆ فێرخوازان بە ئامانجەکانیاندا بچنەوە. موزیکژەن، وەرزشەوان، نووسەر و سیاسەتمەداری ناودار بهێنەوە بە نموونەی کەسانێک پلانیان هەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمرۆ باس لە دیاریکردنی ئامانج دەکەین. فۆتۆکە پێشان بدە.



**1-** «ئامانج» چییە؟ (مەبەستە، شتێکە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت). ئەم پێناسەیەت لەبیر بێت.

ئەمە «میکائیل» ـە. میکائیل چەند مانگە لەم فێرگەیە دەخوێنێت بەڵام هەتا ئێستا هاورێی پەیدا نەکردووە. تەنیایە. گەر میکائیل ئامانجێک دیاری بکات لەوانەیە بتوانێت دۆست ساز بکات.

کاتێک باس لە ئامانج دەکەین وەها باشە بە شێوازێکی ئایەتی (پۆزەتیف) دایرێژین، بۆ نموونە لە بری ئەوەی بڵێیت «شەرم ناکەم» بڵێ «ئەم مانگە هەڤاڵێک پەیدا دەکەم». گوتەی یەکەم نایەتی (نێگەتیف) بوو، ئەمەی دووهەم ئایەتی. جگە لەوەش دەبێت ئامانج هەڵکەوتەکی (واقیعی) بێت، واتە لە کردن بێت، بۆ نموونە «ئەم مانگە هەڤاڵێک پەیدا دەکەم» هەڵدەکەوێت بەڵام گەر بڵێی: «ئەم مانگە دەبمە نزیکتری هاورێی گشت فێرخوازانی پۆل» هەڵ ناکەوێت، ئەمەیان ئامانجێکی هەڵکەوتەکی نییە.

بیر لە ئامانجێک بکەوە بەسەر پەیژەیەکەوە دانراوە. سلایدی ژمارە 4 بەکاربهێنە. هەموو پلەیەکی سەر پەیژەکە هەنگاوێکی دیکەیە بەرەو گەیشتنە ئامانجەکە. ئادەی بە یەکەوە خۆمان بکەینە میکائیل و فۆرمی ئەو ئامانجە پڕ بکەینەوە.

کەسی ژمارە 1 داوا دەکات لە ڕێی بیرۆکەبارانەوە ئامانجی هەڵکەوتەکی دیاری بکەین. بیرۆکەی ئێوە چییە؟ لەسەر سلاید تۆماری بکە. داوا لە فێرخوازان بکە لە لیستەکە ورد ببنەوە بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی ئایەتی و هەڵکەوتەکی.

کاتێک میکائیل ئەو کارەی سەرەوە دەکات، ئەم ڕستەیە هەڵدەبژێرێت: «ئەم مانگە سێ جار داوا لە هاپۆلێک دەکەم پاش کاتی فێرگە بەیەکەوە وازی بکەین». (ئەمە لە شێوە ئەستێرەیەکدا لە سەرەوەی پەیژەکە بنووسە).

میکائیل بە وردی ئامانجەکەی خۆی دیاری کرد. ئامانجێکی دیاریکراوی بە شێوەیەکی ئایەتی دارشت. لە جیاتی «دەبمە کەسێکی دۆستپەروەر»، گوتی «ئەم مانگە سێ جار داوا لە هاپۆلێک دەکەم پاش کاتی فێرگە بەیەکەوە وازی بکەین».

ئەمەیان ئامانجێکە بەرکێشان و بەرپێوان، میکائیل دەتوانێت بیکێشی و بیپێویت بۆ ئەوەی بزانێت چەند و چۆنی بڕیوە. پلەکانی پەیژەکە دەژمێرێت بزانێت تا چەند بەرەو پێش سەردەکەوێت. گەر نزیکتر بێتەوە لە ئامانجەکەی خۆی ئەوا «پێش دەکەوێت».

پاش هەڵبژاردنی ئامانج دەبێت بیر لەو هەنگاوانە بکەینەوە کە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجە. ئاماژە بدە بە خاڵی ژمارە 3.

2- یەکەم کاری میکائیل چی بێت باشە تا بەرەو ئامانجەکەی ڕێ بکات؟ میکائیل شەرمنە و کێشەی هەبووە لە پەیداکردنی هاوڕێدا. کام وردە هەنگاو هەڵبنێت باشە بەرەو ئامانجەکەی خۆی کە بریتییە لەوەی سێ جار داوا لە هاوپۆلێک بکات گەمان بکەن؟ (بیر لەو فێرخوازانە بکاتەوە کە پێیان شادە یاخود خاڵی هاوبەشی لەگەڵیان هەیە. لەماڵەوە خۆی بەو گفتوگۆیە ڕابێنێت). ئەم یەکەم هەنگاوە لەسەر یەکەم پلەی پەیژەکە بنووسە.

3- هەنگاوی دووهەمی میکائیل چی بێت باشە؟ (لە دەمی فراڤیندا، نزیکی کەسێک دانیشێت خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەبێت). ئەمە لەسەر پلەی دووهەم بنووسە. سێهەم هەنگاو چییە؟ (داوا لە کەسێکی باش بکات لە کاتی پشوودا یاری لەگەڵ بکات). چوارەم هەنگاو چییە؟ ...
(بەپێی پێویست پلەپەیژەی دیکە زیاد بکە).

لە پلەی سەرەوەی پەیژەکەدا، مێژوویەک دەنووسین بۆ بەسەرکردنەوەی ئامانجەکە و هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن. جار هەیە گەیشتنە ئامانج کاتی زیاتر دەوێت لەوەی بە خەیاڵ دامانابوو. میکائیل لایەنی کەم هەفتەی جارێک لاپەڕەکەی خۆی بەسەر دەکاتەوە تا بزانێت چەندی پلەپەیژە بەرەو سەر بڕیوە. چوارگۆشەکانی لای چەپی

پلەپەیژەکان بۆ نیشانەکردنی پێشکەوتنی میکائیلە.

4- گەر میکائیل دوای ماوەیەک بۆی دەرکەوت کارەکەی پێش ناکەوێت و لە ئامانج نزیک نەبۆتەوە، چی بکات باشە؟ (دەبێت بیر لە هۆی پێش نەکەوتنی هەنگاوەکانی خۆی بکاتەوە. دەشێت پێویستی بە گۆڕینی هەنگاوەکانی بێت).
دەبێت لە بیری بێت کە گەیشتنە ئامانج کاتی دەوێت و بڕینی هەر پلەپەیژەیەک پێشکەوتنێکە بۆ خۆی.

## چالاکی

دیاریکردنی ئامانج کۆمەکمان دەکات کێشەکانمان چارەسەر بکەین. لەوانەیە ناکام بیت بەوەی لە ماتەماتیکدا نمرەت کەمە یان پەست بیت بەوەی لە باسێکدا کورتت هێنابێت. بیر هەم لە کێشەیەک بکەوە هاتبێتە ڕێگەت و هەم لە ئامانجێک بۆ چارەی ئەو کێشەیە دیاریت کردبێت. لەگەڵ میکائیل خەریکی باسێک بووین دەربارەی دۆزینەوەی هەڤاڵێک، بڕیاربوو هەوڵ بدات کەسێک بدۆزێتەوە وازی لەگەڵ بکات. ئەمە ئامانجێک بوو چارەی کێشەکەی میکائیل کە خەمبار و تەنیا بوو.

ئەوجا هەر یەکمان پەڕەیەکی «ئامانجی من» وەردەگرێت. ئەمەیان وەک پەڕەکەی میکائیل وایە. یەکەم هەنگاو بیر لە ئامانجێکی ڕوون بکەوە کە بەرپێوان بێت (بتوانیت بیپێویت). پاشان کاتمان دەبێت بۆ باسکردنی ئامانجەکانمان بۆ یەکتر.

پەڕەی «ئامانجی من» دابەش بکە و بگەڕێ بە نێو فێرخوازاندا هەتا پڕی دەکەنەوە. دیارە ئەرکێکی سەختە مرۆڤ ئامانجێک دیاری بکات ئەوەندە تایبەت بێت بپێورێت و ئەوەندەش گشتی بێت بکرێتە چەند هەنگاوێک. ئەمە کارێکی پێویستی بە هاوکاریی تۆیە. گەر فێرخواز لەوەدا کە ئامانج بۆ چەند هەنگاوێک ورد بکاتەوە کۆسپی هاتە ڕێ

هانی بدە بیر لەوە بکەنەوە ئەم ئامانجە لە کۆتادا لە کوێ بەکار دەهێنن. دۆزینەوەی ئەو بوارە یارمەتییان دەدات هەنگاوەکان بدۆزنەوە.

بۆ نموونە، ئەگەر فێرخوازێک زوو زوو لە کورتەوچانی پۆلدا بیکاتە هەرا، دەشێت ئامانجی بریتی بێت لە «کاتی کورتەوچانی پۆل ئارام بە». یەکەم پلەپەیژە دەشێت دیاریکردنیکردنی دوگمەی تووڕەیی بێت. دووهەم، دۆزینەوەی هونەری خۆئارامکردنەوەی کارا. سێهەم، فێرخواز لە ماڵەوە خۆی بەم هونەرە ڕابێنێت. چوارەم، دەمی تووڕەیی ئەم هونەرە لە ماڵەوە پیادە بکات. پێنجەم، دەمی تووڕەیی ئەم هونەرە لە پۆلدا پیادە بکات.

گەر کاری هەمووان ساز بوو بۆ گفتوگۆ کۆ ببنەوە.

دیاریکردنی ئامانج هونەرێکە بەدرێژایی تەمەن سوودی هەیە. گەورەساڵان دیاریکردنی ئامانج بەکار دەهێنن بۆ هەموو بابەتێکی پێویست، وەک جڵەوگرتنی تووڕەیی، خۆڕاهێزاندن، یاخود فێربوونی زمانێکی نوێ. گەر ئامانج گەورە بێت، دەیکەینە هەنگاوی بچووکتر بۆ ئەوەی ئاسانتر بڕیاری پێشکەوتنی هەوڵدانمان بدەین.

شێوازێکی باشی گەیشتنە ئامانج بریتییە لەوەی بە خەیاڵ بیهێنە بەر چاوی خۆت چۆن دەگەیتە ئەو ئامانجە. چاوت داخە. بە خەیاڵ ببینە چۆن دەگەیتە ئامانج. گەر ئامانج پەیداکردنی هاوڕێیە، وێنەکەی خەیاڵکرد ساز بکە تێیدا یادی ساڵڕۆژی خۆتە و بە دۆستانی نوێت شادیت. گەر ئامانج وەدەستهێنانی نمرەی هەرە بەرزە لە **تواناددۆزیی** ڕێنووسدا، وێنەیەکی خەیاڵکرد بکێشە تێیدا بزەت دێ بەوەی تاکە یەک هەڵەت نییە.

فەرموون سی 30 چرکە چاو داخەن بۆ ئەوەی وێنە خەیاڵکردەکە ساز بکەن. پاشان، کاتێک بەرەو ئامانج تێدەکۆشن، دەبێت ئەم وێنەیەتان لە یاد بێت.

ئێستا چاوتان بکەنەوە. کێ پێی خۆشە باس لە ئامانجەکەی خۆی بکات دەست هەڵبرێت. لە خۆمەوە دەست پێ دەکەم. (نەخشەکەی خۆت بەکار بێنە و باس لە ئامانجەکەی خۆت بکە. پاشان فێرخوازی دڵخواز باس لە ئامانجی خۆیان دەکەن. گەر کەسێک نایەوێت ئامانجی خۆی باس بکات دەبێت ڕێزی لێ بگریت).

**ئەنجامگیری**

هەفتەی داهاتوو ئامانجەکانمان بەسەر دەکەینەوە و دەبینین ئاخۆ چەند بەسەر پەیژەکەدا هەڵکشاوین. گەر زانیمان ئامانج دوورەدەستە، لەوانەیە ناچار بین ئامانج دەستکاری بکەین یان بگۆڕین و ئامانجی نوێ دیاری بکەین.

**بۆماڵەوە**

نامەیەک بۆ ماڵەوە، ژمارە 5: دیاریکردنی ئامانج، بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو».

**گواستنەوەی زانیار**

«یادی ئەمرۆ»: پرسیار لە فێرخوازان بکە بزانە کەسیان هەتا سەرەوەی پەیژەکە سەرکەوتووە. هەفتانە پەرەی ئامانج بەسەر بکەنەوە و داوا لە فێرخوازان بکە ئەو پلەپەیژانە نیشانە بکەن کە لێی دەرباز بوون.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی نۆهەم: با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت

## چەمک

بیردانەوەی تایبەت و بەرجەستەی فێرخواز دەربارەی هونەرەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەبنە یاریدەری گواستنەوەی ئەو زانیارە بۆ نێو ژیانی ڕۆژانەیان.

## ئامانج

فێرخوازان توانایان دەبێت:

- هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پێشان بدەن.

## پێداویستی

- هەموو وانە و پۆستەرەکانی بەرگی پێنجەم.
- سلایدی ژمارە 5.
- پرۆژەکتەر (ئامێری پێشاندانی وێنە لەسەر پەردە)
- چەند پارچەکاخەزی کەتیرەدار.
- پێنج پارچە کاخەزی گەورە، هەر یەکەیان خاوەن سەردێڕی خۆی.
- نامەیەک بۆ ماڵەوە، نامەی ژمارە 6، «با هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام بێت»
- کەلوپەلی هەمەجۆرەی هونەری.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لە بارودۆخی گونجاوی ڕۆژانەدا بەردەوام هونەری چڤاکی - هەستەکی بهێنەوە یادی فێرخوازان . مۆدێلی **«گواستنەوەی زانیار»** – ی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو»

بەکار بهێنە. کارتی ناساندنی وانەکان و هەروەها «**ڕێنامەی مامۆستا**» چەندین نموونە و پێشنیازیان تێدایە.

ئەم وانەیە لە وانەکانی دیکە تەواو جودایە. خۆت ڕێبازەکەی دیاری بکە. هەر فێرخوازەو توانای خۆی. شێواز و سنووری وانەکان دیاری بکە. کاتی تەرخان بڕیار دەدات چی دەکەن و چۆن دەکەن. بوار و بەشداربووانی پرۆژەکە دەست نیشان بکە، پاشان باسکردنی پرۆژەکە لە نێو فێرخوازاندا ڕێک بخە.

گەر دەزانیت وانەکە کاتی زیاتر دەوێت بیکە دوو یان سێ بەش، بەڵام نێوانیان لە دوو ڕۆژ پتر نەبێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ دوا وانەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەخوێنین - بەڵام هەتا کۆتایساڵ باسی هەستەکانی خۆمان و باسی چارەی کێشە هەر بەردەوامە.

ئەمڕۆ، بە مەبەستی یادکردنەوەی هونەرە گرنگەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» چالاکییەکی تایبەت دەکەین. سەرەتا کارتەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» یاد دەکەینەوە.

(ئەو کارتانەی دەزانیت لای فێرخوازان سەرنج ڕاکێش بووە، بەرز بکەوە. داوایان لێ بکە بیرەوەری خۆیان دەربارەی ئەو کارتە باس بکەن).

ئەوجا هەر یەکەتان کاخەزێکی کەتیرەدار وەردەگرێت. چەند پۆستەرێک بەدەوری ژوورەکەدا هەڵواسراون. هەر پۆستەرێک سەردێڕێکی هەیە پەیوەند بەو بابەتانەی فێری بووین. سلایدی ژمارە 5 پێشان بدە. ڕستەیەک لەسەر کاخەزەکەی خۆت بنووسە و بیخە سەر ئەو پۆستەرەی بە گونجاوی دەزانیت.

گەر هەموو لەو کارە تەواو بووین، پێکەوە پێیاندا دەچینەوە.

پارچەکاخەزی کەتیرەدار بەسەر پۆلەکەدا دابەش بکە. گەر هەموو تەواو بوون پۆستەر بە پۆستەر لەگەڵ فێرخوازاندا بەسەر بکەنەوە.

## چالاکی

ڕێگەچارەیەک یان زیاتر لەم لیستەی خوارەوە هەڵبژێرە. ئامانج لێرەدا گواستنەوەی زانیاری «هەنگاو بە هەنگاو» ە لە نێو فێرخوازاندا بە شێوەیەک چێژ و سوودی هەبێت. ئەگەر لە پرۆژەیەک دەگەڕێیت بۆ هەموو پۆل، یەکەم دوو نموونە باشن. گەر پرۆژەت دەوێت بۆ گرووپی بچوکتر، ئەوا هەموویان باشن.

چەند نموونەیەک:

- کتێبێک دەربارەی ئەلفوبێی هەست ساز بکەن.
- دیوارنامەیەک (بڵاوکراوەیەکی گەورەی دیوار) دەربارەی «هەنگاو بە هەنگاو» ساز بکە.
- گۆرانیەک دەربارەی چەمک و هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ساز بکە.
- ئاگادارییەک دەربارەی «هەنگاو بە هەنگاو» بۆ وێستگەی ڕادیۆی شارەکەت ساز بکە.
- گوتارێک بۆ هەواڵنامەی فێرگە بنووسە دەربارەی «هەنگاو بە هەنگاو» و سوودی بۆ پۆلەکەت.
- ڤیدیۆ کلیپێک ساز بکە دەربارەی چارەی کێشە بە هاوکاریی هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو».
- نامیلکەیەک دەربارەی هونەر و چەمکەکانی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بۆ فێرخوازی نوێ ساز بکە.

فۆتۆکە پیشان بدە.



ئەمانە گرووپێکی پۆلی پێنجەمن، بڕیاریان داوە هەواڵنامەیەکی بەرنامەی «هەنگاو بە هەنگاو» بۆ پۆلەکە ساز بکەن. پێکەوە کار دەکەن و خۆشی دەبەنە سەر.

**ئەنجامگیری**

ئەم پرۆژانە پیشانی دەدەن هەم ئێمە چەند فێربووین و هەم سوودی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» چەند فرەوانە.

داوا لە فێرخوازان بکە پرۆژەکانیان لەگەڵ خەڵکێکی بەرفرەوانتر باس بکەن، بۆ نموونە دایکوباوکان، کۆبوونەوەکانی خێزان - فێرگە، کۆبوونەوەی فێرگە، دەرفەتی کتێبخانە.

**بۆ ماڵەوە:** نامەیەک بۆ ماڵەوە، نامەی ژمارە 6 - با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت.

«...»